رەخنــــە

فــازیــل شــەورۆ

# خوێندنەوەیەک

# بـۆ ٣ کتێب

# لە ١ کتێب دا

٢٠١٥

به خەرجی نووسەر چاپكراوە

| | |
|---|---|
| نـــاوی كتێــب | خوێندنەوەيــەك بــۆ ٢ كتێــب لــە ١ كتێبــدا . |
| نـووسـەر | فـازيـل شـەورۆ. |
| ديزاينی بەرگ | عوسمان پيرداود. |
| ديزاينی كتێب | نـووسـەر. |
| چاپی يـەكەم | ٢٠١٥ |
| تـيراژ | ٥٠٠ دانـه ، (٢٣٣) لاپـەڕە. |
| چاپ | چاپخانەی حاجی هاشم - هەولێر. |

لە بەڕێوەبەرايەتيی گشتی كتێبخانە گشتييەكان ژمارەی

سـپاردنی (      ) سـاڵی (٢٠١٥)ی پێدراوە.

## پێشکێشە

بەو قەڵەمانەی فێرە هونەری بیرکردنەوەیان کردم:

مامۆستا عبدالکریمی مدرس

مامۆستا مسعود محمد

کتێبی :

*1*

**بونیاتی زمان له شیعری هاوچەرخی کوردیدا**

**د. ئازاد ئەحمەد مەحموود** *- 2012*

**٢**

***" گوڵبژێرێک له شیعری کوردی"***

***به زمانی ئینگلیزی چاپکراوه***

***An Anthology of Kurdish Poetry - 2014***

# ئـەم کتێبـە بـــۆ؟

## فــازیــل شــەورۆ

مرۆڤــ کــائینێکی پرســـنە. هەڵبــژاردنی هــەر کتێبێـك لــە نێـوان سەدان کتێبی سەر تاقی کتێبخانەیەك، چەندین پاڵنەری فرە ڕەهەنـدی لە پشتە، وەك دۆزینەوە و کەشفکردنی بڕێ لایـەنی نـەزانراوی زانستی یـان مــەعریفی یـان ئــەدەبی ، هەشــە دەیــەوێت بــەراوردێك لــە نێـوان تێگەیشتنی ئەقڵی خۆی و دەوروبەرەکەی بکات . ڕەنگ بێ خوێنـەریش هــەبێت حــەز بکـات هەڵســەنگاندنێك بــۆ ســەنگی ئـەو کتێبــە بکـات و بینرخێنێت، دووریـش نییـە هــەر بــۆ چێژوەرگرتن و هــەواگۆڕی دڵ و دەروون هەڵی بژاردبێت. ئەو لە هەموو حاڵەتەکاندا نایەوێ پـارە کـەی بگۆڕێتەوە بە هیچ. چونکە سروشتی کتێب مانای گەنجینەی زانیـاری و مــەعریفی و ئــەدەبی هەمەچەشــنە دەگــەێنێت و مــاقووڵ نییــە ئــەو هــەموو پــەڕە ســپییە جوانانــە بـۆ شــۆخی و ســوعبوتان بــە وشــە و گوفتاران پڕکرابنەوە. کەواتە هەر نووسەر و دانـەری کتێبێـك، شـاخێك بەرپرســیارییەتی ئــەخلاقی و ئـــەدەبی دەکەوێتــە ســەر شــان، هــەم بەرانبــەر خوێنــەرەکانی خــۆی و هــەم بەرانبــەر ویــژدان و کەســییەتی خۆی. چۆن؟ خوێنەر بەو متمانەوە کتێبەکەی ئـەو هەڵدەبـژێرێت، کـە تـا دوا سنووری حــەددی توانست و بــەهرە و شیاوی خــۆی، لـە پێنـاو

بەرهەمێکی سوودبەخش و جوان، شەونخونی کردبێت و ئارەقەی بۆ ڕشتبێت. لێرەدا، چاڵێکی نەبینراوی داپۆشراو بە پووش و پەڵاش ، لەبەردەم زۆربەی نووسەران دا هەیە و بە داخەوە زۆریشیان تێی دەکەون و بە خۆشیان نازانن. ئەوان هەر لەسەر کەتەلۆکە کۆن و کلاسیکییەکانی چاپکردنی کتێب دەڕۆن و بێئاگان لەوەی کە ئەمڕۆ کتێب دانان: زانست و هونەر و سنعەتە! بە واتایەکی سادەتر، ئەوان هەر هەموو قوەت و تینی خۆیان دەدەن بە ناوەروك و مەتنی کتێبەکە و یەکسەر غاردەدەن بۆ چاپخانە. بەبێ ئەوەی حیسابێك بۆ دیزاین و بەرگ و تۆبۆگرافیا و ڕێنووس و ئەکسسوارەکانی تری ئارایشتگای ئەم بووکە خنجیلانە بکەن. وەك بڵێیت بێ خەبەرن لەوەی کە کتێب، نە دەرمانە و نە وێسکی ، بەڵکو کاڵایەکە کە هەموو کەسێك مافی ئەوەی هەیە دەستی بۆ بەرێت و بە ئارەزووی خۆی بیخوێنێتەوە. جا دووریش نییە لە نێو ئەو خوێنەرانە کەسانێك هەبن کە بڵێن:" دڵت نەشکێ کاکی دانەر ، ئەمە سەودایە زەڕڕەیەکیش حیسابە."

کەواتە لێرەدا مەسەلەی ڕەخنە و ڕەخنەکاری دێتە گۆڕێ. هەموو ئەو قەڵەمانە ماچ دەکەم، کە بە ویژدانەوە کتێبەکان دەنرخێنن و خەون بەو ڕۆژەوە دەبینن کە تێیدا ئاستی کتێبی کوردیش — لە هەموو ڕووەکانییەوە — بگاتە ئاستی کتێبە چاپکراوەکانی وڵاتە

پێشکەوتووەکان و ڕەخنەکانیشیان لە پێناو ئەم خەونە بەدەر نییە. جا ئەوانەی هەردەزانن بۆ دەستەی ئەحبابانی خۆیان ، هەر مەدح و ستایش و حەیران و لاوکان بڵێنەوە، باوەڕ بفەرموون، ئەوان دوژمنی ئەو نووسەرەن و دەوری سیمی ئاسنجاوان دەبینن! خۆ ئەو ڕەخنەچییانەی هەر بە مشتە و تۆبزە و پێلەقان دەکەونە گیانی کتێبەکانی زومرەی ئەغیاران و چاویان قەت یەك تاکە سیمای جوانی بەرهەمەکانی ئەوان نابینێت، ئەوا پتر وەك دەلاڵ و چەرچی سەیر دەکرێن.

کە لە خوێندنەوەی کتێبی (**بونیاتی زمان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا - نووسینی د. ئازاد ئەحمەد مەحموود**) بوومەوە، لە دڵڕا دەستخۆشیم لێکرد وەلێ گوتیشم:" حەیف بۆ ئەم کتێبە سەنگینە کە جوان ئارایشت نەکراوەتەوە.... ئەرێ بۆ من شەرەفی ئەم ئەرکە نەگرمە ئەستۆ، بەندەو تاقەت! تا چاپی سێیەمی تۆکمەتر و قەشەنگتر بێت ؟" ئەوە بوو لە ژێر نیمچە سێبەرێکی "ڕەخنەی ڕەخنە" ئەم بەشەم تەواو کرد بەو ئومێدەی ببێتە ڕێبەرێکی خاکی بۆ ئەو نووسەر و دانەرانەی دەیانەوێ کتێبەکانیان بگاتە مەرتەبەی ئاستی کتێبە سەرکەوتووە چاپکراوەکانی دنیا. لێتان ناشارمەوە کە پاکنووسی ئەم بەشەم نیشانی د. ئازاد ئەحمەد دا ، بە مەبەستی چنینەوەی سەرنجەکانی، بەلام بۆ

سۆدرەی سەران نە وشەیێکی سرپیەوە و نەگوتەیێکم لێ بیست، غەیری دەستخۆشیی!

لەبارەی کتێبی دووەمیش ( **گوڵبژێرێك لە شیعری کورد دا** ) کە وەرگێرانی دەقە شیعری (٧٢) شاعیری کوردی بە زمانی ئینگلیزی لە خۆ گرتووە و یەکێتی نووسەرانی کورد چاپیکردووە، بەندە بە چاوی ڕەخنەگرێکی دڵسۆز ، لە ڕۆژنامەی (هەولێر)دا، هەڵسەنگاندنێکی وردی بۆ کرد و زۆر لە هەوادارانی وەرگێڕان و ڕەخنەگران هانیاندام کە بەردەوامبم لەم چەشنە خزمەتکردنەدا. کاتێك بریارم دا ئەم دوو بابەتە لە یەك کتێبدا چاپبکەم، د. هاوژین صلیوە لە زانکۆی کۆیە ، وای پێشنیار کرد کە بە تەوەرێك لەبارەی وەرگێڕان – بە گشتی – شتێك بنووسم تا خوێنەر و زانکۆییەکان باشتر سوودمەند بن. بەندەش ڕێنمایەکەی پەسند کردوو، ئەم بەرهەمە بەم شێوەیە تەواو بوو و بە ناونیشانی ( **خوێندنەوەی دوو کتێب لە یەك کتێبدا** ) چاپکرا.

هەر کارێکی ڕەخنە – سروشت، ڕەخنەی لێنەگیرێتەوە و درز و پنتك و داڕوشان و ڕووە شێواوەکانی ئاریشت نەکرێتەوە ، ناگاتە مەقامی بابەتکی پڕ سوود و تەواوکەر و زانست و مەعریفەبەخش، دڵنیام کە ئەم کارەی منیش چاوی لە قەڵەمەکانی ئێوەیە جوانتری بکەن.

کۆیە ١ - ٢- ٢٠١٥

## کتێبی (١)

# خوێندنەوەیەك بۆ ئاست و ئاراستەی

# کتێبی

# (بونیاتی زمان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا)

***A Reading For The Level And The Direction Of The Book***

***(The Language Sturcture of the Kurdish Contemporary Poetry)***

# بەشی یـەكەم

## تـەوەری یـەكەم

## دەروازەیـەك بەڕووی كتێبـەكەدا

## An Entrance for the Book

**دەروازە (An Entrance) :**

"هیچ شتێك لە خوێندنەوەی ئەزموونەكان سادەتر و باوتر نییە، وەلـێ لەگـەڵ ئەوەشـدا شـتێك نییـە بەقـەت ئـەو پـڕ لـە نهێنی بێـت. خوێندنـەوە مەسـەلەیەكی هێنـدە قورسـە كـە لـە یەكـەم سـەرنجتدا وادەزانیـت قـەت شـتێكت نییـە، لـەبارەی ئـەو بیـدركێنیت."[١] ئـەم گوتەیەی( Tzvetan Todorov 1939- ) ، ڕوژانە لە هزر و خەیاڵی ئـەو كەسـانەی كـە كتێبێكـی تـازە دەگرنـە دەسـت بـە مەبەسـتی خوێندنەوەی ڕەخنەگرانە ، ڕاستی ئەو حەقیقەتە دووپاتدەكاتەوە.

(Tzveta Todorov) ی ڕەخنەگری ئەدەبیی و مێژوونووس و

---

(١ http://en.wikipedia.org/wiki/Tzvetan_Todorov



Tzvetan Todorov

فەیلەسـوف و کۆمـەڵناس ، کـە بـە بـاوکی قوتابخانەی (ڕەخنەی ڕەخنە) دادەنـدرێت ، زوو دەرکـــی بـــە گرنگـــی خوێندنـــەوەی ئـــەقڵانی بـــۆ بەرهەمـــە فکـــری و ئەدەبییـــــەکان کـــــردووە و لـــــە لێکۆڵینەوەکانیدا لەبارەی " تیۆری ئەدەب" و "مێـژووی فکـر"و" تیـۆری ڕۆشـنبیریی" بەوپـــەڕیی پیرۆزیـــی و حورمەتـــەوە بۆچـــوون و لێکدانـــەوەکانی هاوقەڵەمـەکانی خـۆی هەڵسـەنگاندوە و هێنـدە بایـەخی بـە ڕەخنـەی نووسـەرانی تـرداوە ، تـا توانیویـەتی چـەندین تیـۆری ئـەدەبی لـەبارەی ئەدەبی ( ڕەخنەی ڕەخنە)وە پێشکێش بە مرۆڤایەتی بکات.[١]

جا لێرەدا ئەگەر تێکهەڵکێشییەك لە نێوان ئەم تیۆرییە و وشـەی دەسـتپێکی ناونیشـانی لێکۆڵینەوەکـە کـە (خوێندنەوەیـەك)ە دروسـت بکـەین، خواسـتێك دێتـە ئـاراوە، ئـەویش ئاشـنا کردنـی خوێنـەرە بـە زاراوەی (خوێنەر) ، هەر نەبێ بۆ جوداکردنەوەی

---

[١]) سەرچاوەی پێشوو.

**(خوێنەری لاژگ)** لە **(خوێنەری بەویژدان)**:

**(خوێنەری لاژگ** –The Book Snob Reader) کەسێکی هێندە لە خۆباییی و لووتبەرزە ، بە دەست و قەڵەمی کەس ڕازی نییە و هەر شتێ ئەو دەیخوێنێتەوە لە ژێر ئاستی مەعریفی ئەودایە و بەلای ئەوەوە شایستەی خوێندنەوە نییە. لەبەرانبەر ئەویشدا

**(خوێنەری بەویژدان** The Conscientious Reader)،[1] هێندە بە سۆز و ئەمەك و وەفادارییەوە وشە بە وشەی كتێب هەڵدەسەنگێنێ وەك ئەوەی خۆی خاوەنداری ڕاستەقینەی ئەوان بێت، سەرچاوەی ئەو عیشق و وەفایەش ئەوەیە، کە ئەو دەزانێت لە دایك بوونی هەر وشەیەك بە قەد لە دایك بوونی منداڵێك ژان و ئازاری هەیە.

(Donald Hall) وەستایانە کارامەیی خوێندنەوەی بەسەر

---

١ http://www.theatlantic.com/entertainment/archive/2014/05//criticism-of-critical-thinking-critically-flawed/371204



Donald Hall

**چوار هۆبەدا پۆلینکردوە:[1]**

**١. خوێندنەوە لە پێناو زانیاریدا**

**(Reading for Information):**

**وەك ئـــــــەوەی زانکۆییـــــــەکان( خوێندکارانی زانکۆ) و خوێنـدکاران ڕۆژانـە پیـادەی دەکـەن ، بـۆ خـۆ دەوڵەمەندکردن بە زانیارییە ئەکادیمیی و مەعریفییەکان، واتا بـەدوای کلیلی حەقیقەتەکاندا دەگەڕێن** (The Key of Facts) .

**٢. گەڕان بە دوای بیرۆکەدا (Reading for Ideas):**

**ئەمەیان خوێندنەوەیەکی هێمن و بەدیقەت و بە سفت و سۆیە، چونکە لە پاڵ زانیارییەکاندا دەبێ بیر و هۆش و زەینیش بخرێتە گەڕ بۆ باشتر تێگەیشتن و هەڵسەنگاندنی بیرۆکەکان و**

**هەمیشە پێداچوونەوەی چەند جارەی گەرەکە.**

---

[1] Hall, Donald. "Four Kinds of Reading." Thinking in Writing. 2nd ed. Ed. Donald McQuade and Robert Atwan. New York: .Knopf, 1983: 163-166. Print

٣. خوێنەنەوە بۆ ئاوێتەبوون (Reading for Engage):

مەحاڵــە لــە ژانرێکــی ئــەدەبی بگــەیت، ئەگــەر ئاوێتــەبوونێکی ئەزموونــداری زینــدوو لــە نێــوان خوێنــەر و دەقــدا نــەبێت. ئەمــە خوێندنەوە نییـە ، بـەڵکو زۆرانبازییـە لـە نێـوان ئـەو دوو ڕکابـەرەدا: ( پــەیامگر و دەق). (Donald Hall) دەڵێــت :" لەگــەڵ ئــەم خوێندنەوەدا، چاوەکانمان سەمادەکەن، لێوەکانم بزەدەکەن. دەمارەکـانی ئـەوکمان دەکەونـە کـار و ترپـەی دڵمـان دەگاتـە گـوێ و بیرمـان لـە نێـو قوڕولیتەی دەقەکاندا دەچەقێت ."[١]

٤. خوێندنەوە بەمەبەستی خۆدەربازکردن

(Reading for Escape):

وەك خوێندنــەوی ســەرپێیی گۆڤــار و ڕۆژنامــە و چــیرۆك و ڕۆمانەکان، بە مەبەستی کات بەسـەربردن و خۆخافلاندن. هەرچـەندە ئەم جۆرە خوێندنەوەیە هیچ زەرەرێکی نییە ، وەلێ

(Donald Hall) ناوی لێناوە " خوێندنەوەی بێهۆشکەر

. (Narcotic Reading)

---

[١] ) سەرچاوەی پێشوو.

ئـەوەی کـە لێکۆڵـەر لـەم بابەتـەدا مەبەسـتیەتی، (خوێندنـەوە بـۆ ئاوێتەبوونـە)ە. ئەمـەیش بـە مەبەسـتی ڕێگەخۆشـکردنی خۆیـەتی بـۆ چوونە نـاو دنیـای ئـەو کتێبـەی، کـە گەرەکیـەتی دەستکێشی بکات بـۆ ژووری نەشتەرگەری ڕەخنە و ڕەخنـەکاری و پـێش وەختـیش دەزانێـت کـە کارەکـەی خوێنشـیرین نییـە گـەر ڕەزا قورسـیش نـەبێت، چـونکە وەك (H.L. Menchen) دەڵێت " کەس حەز بە ڕەخنە ناکات" [١]


H. L. Mencken

جا سەیرەکەیش لەوەدایە (H.L. Menchen) بۆخۆی خاوەنی ڕێبازی (ڕەخنەی ڕەخەی ڕەخنەیە) واتا (ڕەخنەی سێجا)

(Criticism of Criticism of Criticism).

ئەو دەڵێت:" ڕەخنـەی ڕەخـەش ڕەخنـەی لێـدەگیرێ. ئەمـەش لوتکـەی هونەری ڕەخنەیە."[١]

---

([١]
[http://vserver1.cscs.lsa.umich.edu/~crshalizi/Mencken/criticism-of-criticism-of-criticis](http://vserver1.cscs.lsa.umich.edu/~crshalizi/Mencken/criticism-of-criticism-of-criticis)

ڕەنگ بێت زۆرێك لە خوێنەران بەم فورملەی ( نووسین و هزر)ە ئاشنابن:

١. د ەق = مەعریفە.

٢. ڕەخنە = مەعریفە + مەعریفە.

٣. ڕەخنەی ڕەخنە = مەعریفە + مەعریفە + مەعریفە .

٤. ڕەخنەی ڕەخنەی رەخنە = مەعریفە + مەعریفە + مەعریفە + مەعریفە (پۆپەی ڕەخنە) .

"ڕەخنە هونەری داهێنانە بەمەبەستی دروستکردنی سیاقی تایبەت، لەگەڵ ئەوەشدا سەربەخۆیی دەق دەپارێزێت."[2]

بە ئاوڕدانەوەیەکی سەرپێی لە ئەدەبی کوردیدا، تێدەگەین، کە ژانری ڕەخنە وەك بابەتێکی ئەکادیمیی و پرۆفیشنالٌ، تازە بابەتە و پتر خۆی بەو میتۆد و تیۆرییانەوە خەریك کردووە کە خواستراونەتەوە و بە زەحمەت داهێنانێکی ڕەخنەی خۆماڵیمان بۆ

[1] ) سەرچاوەی پێشوو.

[2] ) د. عەبدولقادر حەمەئەمین محەمەد. بنیاتی کارنامە لە دەقی نوێی کوردیدا. ل. ٢٣٣.

دەستەبەر دەبێت. کەواتە ئەگەر ئەوە حاڵی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی بێت ، ئەی دەبێت ئاست و سەنگ و عەیاری بابەتی (ڕەخنەی ڕەخنە) لە ئەدەبەکانماندا لە چ پایە و مەقامێك دابێت؟ ڕاستە (ڕەخنەی ڕەخنە) مان هەیە ، وەلێ چەندە تینوویەتی موریدانی ڕەخنە دەشکێنێت؟ بەندە، دۆخی ناچالاك و سستی ڕەخنەی ئەدەبیی کوردی ، لە گۆڤاری (ڕامان)دا بەم شێوەیە شیکردۆتەوە:"ڕەخنەی کوردی بە بەراورد لەگەڵ هاوشانانی خۆی لە زۆر نەتەوەی تردا، هەژار و کلۆڵ و کەساسە. گرفتەکە ئەوەندەی کە لە هەیکەلی خودی ڕەخنە دایە، هێندە لە زاتی شیعردا نییە، چوون شاکاری بەرچاومان هەیە، هەرچەندە دەبێت ڕەخنە بچێتە سەر سفرەی ناشاکارەکانیش."[1] جا لە سوونگەی ئەو بۆچوونەمەوە لەم لێکۆڵینەوەدا، دەڵێم:"بەندە و قوەت." ئەوەندەی تین و تیرم بڕبکات هەوڵ دەدات، بە پراکتیك ڕەخنەی خۆم، لەمەڕ کتێبێکی ڕەخنەئامێزی کوریدا، بخەمە بەر دیدی خوێنەرانم.

## بابەتی لێکۆڵینەوەکە (The Study Subject):

کتێبی (**بونیاتی زمان لە شیعری هاوچەرخی کوریدا**) کەرەستەی خاوی ئەم لێکۆڵینەوەیە. پوختەی جوغزی هەڵبژاردنی ئەم کتێبەش ئەوەیە:

[1] ) گۆڤاری ڕامان . ژمارە ٢٠٤ ، ساڵی ٢٠١٤ ل. ١٦٠.

١. بابەتەکـــە تـــوخمێکی تازەبـــاوی ئـــەدەبیی ســـەردەمییانەیە و کتێبخانەی کوردی عەوجەیەتی.

٢. میتـــۆدی پـــەیڕەوکرای کتێبەکـــە، پێویســـتی بـــە شـــیکردنەوە و هەڵسەنگاندن هەیە.

٣. زمانی نووسین و شێوازی تۆمارکردنی بیر و بیرۆکـەکان هەڵوەسـتەی هەڵگرن.

٤. دەستنیشانکردنی کەمو کوڕی و داتەکاندنی تەپ و تـۆزی هەڵـەکان و جوانکردنـەوەی ڕووە داڕووشـاوەکانی هێنـدێ خـاڵی بەرچـاو، ئـەرگی پیرۆزی ڕەخنەیە.

٥. خستنەڕووی ئەزموونێك لەبارەی(ڕەخنەی ڕەخنـە) ، کـە بێگومـان، ئەویش بەدەر نییە لە ڕەخنە.

## پێناســەی کتێبــەکە (The Dook Definition):

کتێبی (**بونیاتی زمان لە شــیعری هاوچــەرخی کوریــدا**) تێـزی دکتـۆرای ئـازاد ئەحمـەد مـەحموودە، لـە بڵاوکراوەکـانی ئـەکادیمیای کوردییـە،

چاپی یەکەمی لە ساڵی (٢٠٠٩) و چاپی دووەمیشی لە ساڵی (٢٠١٢)دا، لە چاپخانەی حاجی هاشم لە هەولێر چاپکراوە. کتێبەکە (٢٤٩) لاپەڕەیە . جگە لە دوو پێشەکییەکەی و سەرچاوەکان کە ژمارەیان (٢١٢)یە، بەسەر ئەم سێ بەشدا دابەشکراوە:

بەشی یەکەم: دەسەڵاتی زمان لە بونیات و یەکە و پێوەندیدا. ئەمەش <تەوەرە:

تەوەری یەکەم: بونیاتی زمان و یەکەکانی پێکهاتنی دەقی شیعر.(٨) بێچوە تایتلی هەیە.

تەوەری دووەم: دەق لە نێوان بونیادگەری زمانناسیدا.(٤) بێچوە تایتلی هەیە.

تەوەری سێیەم: زمان و مەسەلەکانی ڕیتم و کێشی شیعر.(٥) بێچوە تایتلی هەیە.

بەشی دووەم: شێواز و شێوازگەری. ئەویش (٢) تەوەەرە:

تەوەری یەکەم: شێواز. (٣) بێچوە تایتلی هەیە.

تەوەری دووەم: شێوازگەری و زمانی شیعر.(٢) بێچوە تایتلی هەیە.

بەشی سێیەم: هێندێ دیاردەی هونەری و شێوازگەری لە زمانی شیعری هاوچەرخی کوردیدا. ئەمەشیان (١٢) بانێژەباسی بەدوای خۆیدا هێناوە.[١]

## گیروگرفتی لێکۆڵینەوەکە (Obstacles of the Study):

خۆشبەختانە سەرچاوەکان بەردەست بوون و تەنیا هەژاریی سەرچاوە لەبارەی (ڕەخنەی ڕەخنە) بە زمانی کوردی نەختێك ڕووزەردی بەخشیوەتە لێکۆڵینەوەکە. نووسەری کتێبەکەش- بە سوپاسەوە - ڕاشکاوانە وەڵامی هەر پرسیارێکی داوەتەوە کە لێکۆڵەر لەبارەی کارەکەی ڕووبەڕووی کردۆتەوە.

## ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە (The Study Method):

ڕێبازی سەرەکی لێکۆڵەر لەم نووسینەدا ( ڕەخنەی ڕۆشنبیری) یە (Cultural Criticisim)، چونکە ئەم ڕێبازە جۆرە ئازادییەکی ڕەها بە نووسەر دەدا، لە ڕوانگەی ئەو حەقیقەتەوە کە " دەقی ئەدەبی بەشێکە لە چوارچێوەیەکی مێژوویی لەگەڵ ڕەگەزە پێکهێنەرە

---

[١]) د. ئازاد ئەحمەد مەحموود (بونیاتی زمان له شیعری هاوچەرخی کوریدا). ٢٠١٢

ڕۆشنبیرییەکانی دیکە لە کارلێکردندا دەبێت."[1] تووڵەڕێی ڕێبازی تریشی گرتۆتەبەر وەك ڕێبازی (زمانەوانی ڕەخنە – Critical Linguistics)، ئەمەیش لەبەر ڕۆشنایی بوونی تێکهەڵکێشەیێکی بەرچاو لە نێوان زمان و خودی زاراوەی ڕەخنە ، لە ناوەڕۆکی کتێبەکەدا.

## پرۆگرامی لێکۆڵینەوەکە (The Study Programs):

بە پشت بەستن بەو میتۆدە ڕەخنەییە تازانەی لەسەرەوە ئاماژەیان پێکراوە ، ئەم لێکۆڵینەوە بەسەر ئەم جومگانە دابەش کراون:

بەشی یەکەم، کە دوو تەوەری هەیە:

تەوەری یەکەم: دەروازەیەك بە ڕووی کتێبەکە، کە (١٠) ناونیشان لە خۆ دەگرێت.

تەوەری دووەم: ئاست و ئاراستەی ناوەڕۆکی کتێبەکە، کە (٧) ناونیشانی بە دوا دادێت.

بەشی دووەم: بازدان بەسەر چاڵەکاندا ، یان پاکنووسێك بۆ چاپی سێیەم. ئەمەیش (١٠) ناونیشاتی لەژێر چەتری خۆیدا کۆکردۆتەوە.

---

[1] ) فازیل شەورۆ . دەنگ لە شیعری کەریم دەشتی دا. ل: ٨ .

لە کۆتایشدا، سەرچاوەکان خراونەتە ڕوو.

## سەنگی کتێبی (بونیاتی زمان لە شیعری هاوچەرخی کوریدا) لە کتێبخانەی کوردی ئەمڕۆدا

## : (The Signifcance of the Book) 

توێکڵی ئەم کتێبە دوو زاراوەیە: ( بونیاتگەری) و ( شێوازگەری)، ئەلهەقی ئەمڕۆ چەند کتێبێك لەسەر ڕەفەکانی کتێبخانەی کوردی بەرچاودەکەون کە هەڵگری ئەم دوو تایتڵەن و بە گوێرەی ناوئاخن و ناوەرۆکی زانستیی خۆیان حەز و مەگیرانی خوێنەرانی خۆیان تا ڕادەیەکی باش تێر دەکەن و نووسەرەکانیان شایستەی قەدرزانی و ڕێزن. ئێمەمانان بە هیچ جۆرێك ئەم کتێبەی دکتۆر ئازاد ئەحمەد مەحموود، بۆ شکانەوەی ئەوان ناخەینەڕوو! وەلێ ناشکرێ ئەو حەقیقەتە بشاردرێتەوە کە ئەم کتێبە لە ماوەیەکی زۆر کەمدا خۆی خزاندە ناو هۆڵەکانی وانەبێژی ئەدەبیی و ئەکادیمیی زانکۆ و پەیمانگاکانی کوردستان و زوو جێی خۆی لەسەر کۆش و مێزی بەردەمی زانکۆییەکان و خوێندکارانی کورد کردەوە. هەر ئەمەیش بووە هۆکاری لە چاپدانەوەی بۆ جاری دووەم هەرچەندە بە تیراژێکی کەمیش بوو.

ئەم کتێبەی پڕفرۆش بێت پێی دەگوترێت(The Best Seller) ، لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا، هەمیشە بەدواداچوون و هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێت، گەر لەبەر خاتری چاوی ڕەشی نووسەرەکەش نەبێت، لەبەر هۆکاری بازرگانی و ڕێکلامە. لە میانەی ئەم لێکۆڵینەوە ، هەوڵدەدەین بە درێژی شەن و کەی ئەو خاڵانە بکەین کە ڕەواجی ئەم کتێبەی گەرمکردووە، بۆیە لێرەدا تەنیا بە سەرەقەڵەم ئاماژەیان پێدەدەین:

١. زمانی کتێبەکە تۆکمە و خەست و پاراو و ئەدەبی و ئەکادیمییە.

٢. هەڵگەڕان بەسەر ناوەرۆکەکەیدا لە پێدەشتێکی سادە و ساکارەوە دەست پێدەکا ڕەوە و زورگ و دوند و پۆپەی عاسێ و پڕ ڕازی هەڵدەکشێ.

٣. تاموبۆی سەرچاوە و ژێدەرە وەرگیراوەکان تاموبۆی شێلمبەترشی باش گووراوی هەیە. خوێنەر بەزەحمەت دنکە خوێی سوور و دنکە قەسپی ترشاوی دەکەوێتە بەر زمان. سەرچاوەکانی زمانی بیانی ، وەستایانە کراونتە کوردی.

٤. ناوئاخنکراوە بە زانیاری تازەباو و سەرچاوەی زیندوو و سەردەمییانە (Up – To- date Knowledge).

٥. هەڵبـژاردەی نموونـە شـیعرەکان، ئاوێنـەی ئـەم ناوەرۆکەیـە کـە لـە بەشـی یەکـەم و دووەمـدا خراوەتـە ڕوو. پراکتیزەکردنێکـی پەسـند، زەین و هزری خوێنەر ئاوجۆش دەدات.

لەم کتێبەدا هەوڵدراوە زۆر لە سنووورە تەسکەکانی نێوان دەق و ڕەخنـە و مێـژووی ئـەدەب ، بـە شـێوەیەك ڕەنگڕێـژ بکرێنـەوە ، کـە خوێنەر وا هەست بکات چەندین بابەتی قورس قورس لە یـەك وتـاردا ئاوێتەدەکات ، چونکە " ئەستەمە بتوانرێت سنوورێك بۆ هەر یەك لە ژانرە ئەدەبییەکاندا دابنرێت، چـونکە ئـەو تێکـەڵاوی و بەیەکداچـوونە جیاناکرێتەوە، یان کارێکی قورسـە، لێکۆڵینـەوەی دەقێکـی ئـەدەبی لـە ڕوانگەی تیۆری ئەدەبیدا بەبێ مێژووی ئـەدەب و ڕەخنـەی ئـەدەبی و تەنانەت ئەدەبی بەراوردکاریش جێبەجێناکرێت."[1]

## زمـانی کتێبـەکە (The Language of the Book):

"مەبەست و سوودی ڕەخنـەی ئـەدەبی تـەنیا ئـەوە نییـە چـاك و خراپی بەرهەمێکی ئەدەبی پێشان بدات، بـەڵکو لـەوەیش وردەبێتـەوە کە ئەو یاسا و دەسـتوورانەی وایـان کـردووە، ئـەم بەرهەمـە بـە پەسـند بزانرێـت، یـان ئـەو هۆکارانـەی بوونەتـە هـۆی ڕەتکردنـەوەی، تـا ئـەو

[1] ) پ .ی. د. هیمداد حسین. دەروازەیەك بۆ ڕەخنەی ئەدەبی کوردی. ل: ٣٦.

ڕادەیەی، کە بتوانرێت لێی بکۆڵرێتەوە، هەر بۆیە پێویستە ڕەخنەی ئەدەبی تا ئەو جێگەی مومکینە و مەیسەر دەبێت، سەرنج لەو لایەنە لاوەکییانەی دەبێتە مایەی بریارێکی گشتیش، بدات و لەو ڕێگەیەوە، تا ڕادەیەکیش دەستی هاوکاری و کۆمەك ، بە کەسی داهێنەر و ڕێچکەشکێنی بەرهەمی ئەدەبیش بگەیەنی."[1]

لە سوونگەی ئەم بۆچوونەوە، شیتەڵکردن و شیکردنەوەی زۆرێك لە توخم و پێکهاتەی ئەم کتێبە دەکەمە ئەرکی ڕەخنەکاریی خۆم و بە توخمی ( زمانی کتێبەکە) دەست پێدەکەم. بێگومان مەبەستیش لەم زاراوە، زمانی نووسەری کتێبەکەیە، کە بە زمانی ئەدەبی، زاری سۆرانی پەتی نووسراوە. لێرەدا جیاکردنەوەی زاراوەی (زمانی نووسەر) لەگەڵ (شێوازی نووسەر ( The Writer's Style) و (Accent) پێویستە. هەرچی (شێواز)ە "ئێستیتیکای بزاڤی نووسەر دەگرێتەوە، کە تاچەند داهێنان و دیاردەکانی زمان بە شێوەیەکی تازە بەکار بێنێ."[2] زاراوەی (Accent) بەم شێوە ئاخاوتنەی زارێك دەگوترێ کە پێت دەڵێ ئاخێوەر خەڵکی کوێیە. وەك:

---

[1] ) سەرچاوەی پێشوو. ل.٦٦.

[2] ) سەرچاوەی پێشوو. ل.٣٧٥.

ئەكسنتی كەسێكی كۆیی: " تۆ لە كێی؟ "       /to lə kei/

ئەكسنتی كەسێكی پشدەری:"  تۆ لە كوێی؟ " /to lə dʒwei/

لە زانستی  زمانەوانییدا (Linquistics)دا، زاراوەی (زاری تاك، یان شەقڵی تاك -Idiolect) بۆ دەستنیشان كردنی شێوەزاری  تایبەتمەندی یەك تاكە كەس بەكاردێت. بە گوێرەی ئەم پێناسەیە، هەرگیز ناتوانیت دوو كەس لە یەك كۆمەڵگەدا بدۆزێتەوە ، كتومت وەك یەكتر بئاخفن.[1]



د. ئازاد ئەحمەد مەحموود

كەواتە هونەرمەند (سادق هەریری) لاسای (زاری تاك)ی هونەرمەند (تایەر تۆفیق) دەكاتەوە، چونكە خودا هەر یەك (تایەر تۆفیق)ی خەلقكردووە. ئەوەشمان لە بیر نەچێ كە (زاری تاك) تەنیا فۆنەتیك ناگرێتەوە.

دكتۆر ئازاد ئەحمەد هەموو تەمەنی منداڵی خۆی لە دەشتی كەندیناوە و قەراج و دۆڵی خۆشناوەتی بەسەربردووە. لە زۆر زووەوە، زانراوە كە شێوە زمانی خەڵكی دەشت و دەر پاراوتر و ڕەوانتر و

---

(1) Barber, Alex. (2004) "Idiolects." *Stanford  Encyclopedia of Philosophy*. Retrieved 07-01-2009

دەوڵەمەنــدترە لــە هــی شــار و شارســتانی، هــەر بۆیــە عەرەبــەکانی سـەردەمی جـاهیلی منداڵـەکانیان دەنـاردە بـان و بیابانـەکان. نووسـەر، وەك کادیرەپێشــمەرگەیەکیش، زۆر شــوێنی کوردســتان گــەڕاوە و لــە کوردســتانی ڕۆژهەڵاتیشــدا ئاشــنایەتی بــە شــێوەزارەکانی ئــەوناوە پەیداکردووە. زاری کرمانجش باش دەنووسێت و شارەزایشی لـە زمـانی عەرەبی و تورکی و ئینگلیزیشدا هەیە.

کولتوور، گەنجینەی زمانە، ئەم گەنجینەیش لە ڕێی گەشت و گـەڕان وخوێندنــەوە وەگیردەکــەوێت. زمــانی نووســینی ئــەم کتێبــە تــەواو ڕەنگدانەوەی ئەم کەلتوورەی پێوە دیارە. چەندین وشـە و دەسـتەواژەی لەم چەشنەت دەکەوێتە بەرچاو:

*(لە ئاراو وەردەدات / توخـوب نـەبڕاوە / بەبارتـەقای / دڵپێنـەکراوە / یــەك نــەزمی / دەرەتــان / لەبەرایــدا / فەرهانــدن / مشــتومڕ / هونەرنواندن / تێکچڕژاو / باروبوار/ پڕکایەترین /زنـاکی وزرنگیـی / بێنگرتن / ڤالای پەیوەندی / پووکانـەوە/ کەڵەکـەبوون /سـەرپەڕتر / پەیگان /پێدانگ / بانێژە / هاودژ)*

جا ئەم زمانە کوردییە خۆشە، کە تێیدا مۆڕفیمی (دە-) بە سـەر مــــۆڕفیمی (ئـــــە-)دا زاڵـــــە، بـــــە پێـــــی پێویســـــت ئاوێتـــــە و پێوەند(موتووربە)کراوە بە وشەزاری عـەرەبی و لاتـینی بـە بـێ ئـەوەی

ســاتمه و پــێگیر ، هــەنگاوەکانت سەرســم بکــەن و قاچــەکانت لــە قووچەبەردان گیربکەن. پێناچیٚ نووسەر زۆر عەوجە بە داتاشین و داتراشانی وشەکان بووبێت، چونکە گەنجینە زمانەوانییەکەی هەژار دیار نییە و لە ڕۆشنبیریی سەردەمدا خۆی دانەبڕیووە و کەسێکی باخەبەرە لەم بوارەدا. حونەری وەستایانەی بەکارهێنانی ئەم زمانە لەوەدا بەدیار دەکەویٚ کە لە تێکهەڵکێشنانی وشە و دەستەواژە و ڕستەکان لە پەرەگرافێکدا ، بە مەبەستی خستنەڕووی بیرۆکەیەك چەندە سەرکەتوو بووە. " ئەرکی زمان کۆمەبەستە: زمان ئامانجە، هۆکاری فەرمان دەربڕینە، دەربڕینی خودە، هۆکاری دۆزینەوەیە، هۆکاری ئەندێشەیە، خەبەرە، هێمایە."[1] — لە برگەی (شێوازی نووسەر) دێمەوە سەرئەم تەوەرە -.

## شـێوازی نووسـینی کتێبەکە (The Style of the Book):

زاراوەی (ستایل)ی لاتینی (The Style)، کە هێندیٚ نووسەر بەکاردەهێنن بە لای منەوە پڕاوپڕ نییە بۆ دەستنیشان کردنی دەستخەت و توانای خاوەنەکەی، بۆیە لێرەدا زارەوەی (شێواز)مان پیٚ پەسندترە. هەر لە کتێبی ( **بونیاتی زمان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا** ) هاتووە:"هەیە شێواز بۆ کەسایەتیی نووسەر و جیهانە تایبەتییەکەی

[1] ) د. عبدالقادر جليل. علة اللسانيات الحديثة. ص. ٣٦


مەسعوود محەمەد

بە نرخ و دەروازە دادەنێت، هەشە شێواز بە هەڵوێستی ئایدیۆلۆجی و هزری دادەنێت."[١] شێوازی دارشتن و دەربڕینی نووسەری دەستڕەنگین و بەهرەمەند، دەرهاویشتەی ئەزموونگەلێکی پراکتیزەکراوی درێژخایەنی پڕ سەرئێشەیە. مەسعوود محەمەد بەم شکڵە باسی لێوەدەکات:" هەروەك مرۆڤ بەخۆڕاهێنانی مانگەها و ساڵەها ئینجا دەبێتە سوارچاك هەروەهاش بەسەرنج گرتن لە زمان و بە ئەم دیو ئەو دیوکردنی پێك هێنەرەکان و هەڵسەنگاندنی ئاخاوتنی عادەتی لە ڕووی دەسەڵاتی دارشتنی وشە و وردبوونەوە لە جۆری زاراوەسازی لە لایەن ئاخێوەر کوردی و لە ڕاڕەوی وشەڕۆنان دا و گەلێك باری دیکەی سەر بە زمان و جۆری ئاخاوتن و تێکهەڵکێشانی وشە و تێکبەستنی ڕستە، هێزی زاراوەسازی تێدا بەرەوفراژووتن دەبێتەوە."[٢] جا ئەمە کتومت بە باڵای شێوازیش دەپۆشرێت. هەر ئەم شێوازەیە کە وادەکات خوێنەری بە سەلیقە یەکسەر دەستخەتی عەلائەددین سەجادی لە دەستنووسێکی شاکر فەتاح جیابکاتەوەن

---

[١] ) د. ئازاد ئەحمەد, بونیاتی زمان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدی). ل: ٥٦

[٢] ) مەسعود محەمەد, زاراوەی پێوانەسازی, ل: ١٥.

چـونکه " شـــێوازناس، ڕێگەیەکـە بـۆ دەربــڕینی فیکرەیــەك بــەهۆی زمانەوە. لێکۆڵینەوەیەکە لە دەربڕینێکی زمانەوەانیدا."[1]

"زمــان تــەوەرێکی ســەرەکییە لــەناو دەقــی نوێــدا و نوێگــەریش شێتێکی ڕازاوەی وتـاری شیعری نییـە ، بـەڵکو لـە ڕاستیدا جەوهـەری پڕۆسـەی داهێنانە بۆ سیستمێکی کۆمەڵایەتی."[2]

بۆ بەرچـاو ڕوونیتـان میتازمـانی (Metalanguage)ئـەم تـەوەرە بە شیتەڵکردنی بڕگەکان ، بەم شێوەیە خووردکەمە :

**١. دەســتەواژە داڕشــتن ( Phrases Composing):**

ئــەم کتێبــە کەڵەکەچــنێکە لــە ســەدان دەســتەواژەی ئــەدەبی و زانستی و فکری و مەعریفی . چونکە بابەتەکان پەیوەنـدن بـە تیـۆر و بــیردۆز و میتــۆدی زۆر تازەبــاو و ســەردەمییانەوە، نووســەر دریغــی نەکردووە لە دۆزینە و داڕشتن و داهێنانی دەستەواژەی خواست لەسـەر ، بە پشت بەستن بەم ڕایەڵانە:

ا) کورتبڕی و چڕوپڕیی.

---

[1] ) د. عبدالقادرحمدامین محمد. بونیاتی کارنامە لە دەقی نۆی کوریدا. ل: ١٧٤

[2] ) سەرچاوەی پێشوو. ل: ٢٣٢

ب) ساده و ساكارى.

ج) مانابەخشى و واتادارى.

د) هەڵگرى تاموخوێى كوردەوارى.

دەبىٚ ئەوەش فەرامۆش نەكرێت كە " هەموو وشەيەكماناى فەرهەنگى و سياقى هەيە، دەلالەتيش لە سياقدايە ، نەك لە واتاى فەرهەنگى". [1]

وا ئەم مشتە دەستەواژە ، هەروەك نموونە ، دەخەمە ناو لەپتان:

*(بەرهەمەمهێنراوى خۆويست / مۆركى وارِسكى / بەدەكمەنبوونى هاورِێكى / سيستمى رِەمزى نائەدەبى / رِايەڵەكانى خوازە / ويناكردنى وێنە / سێگۆشەى زەمەنەكان / بەزاندنى رِايەڵەكانى ژێربەژێر / تەئويلى خۆجێى / مەوداكانى ناوەندى واتاگورِين / سيستمى هێماى زاراوەيى / چاوەرِوانى تێكشكاوە / بنەماى دۆخگۆرِى...... تاد).*

---

[1] ) سەرچاوەى پێشوو. ل. ١٤٧.

## ٢.  ڕستە و ڕستە لێکبەستن

## (Sentences and their Joinings):

کە قامتیٚ وشە و دەستەواژە  کارێك، یان پتر لە کارێك لە خۆ دەگرێت و مانای سەربەخۆ هەڵدەگریٚ دەبێتە ڕستە، کە وەك ئەستونگی ڕەشماڵی پەرەگراف هەڵدەدەن و ڕادەگرن.  دکتۆر ئازاد ئەحمەد  دەزانی کە نیشانەشکێنی ئەو، رمبی ڕستەی پتەو و تۆکمەدار و  ڕشتە، بۆیە هەرچی حونەری خۆی  هەیە لە عیلمی دارِشتنی ڕستەدا وەگەڕی خستووە.  بە سانای هەرچوار جۆرە ڕستە زمانی کوردی بە پێی داخوازی بیرۆکە دێنەبەرچاو : *( ڕستەی سادە و ڕستەی لێکدراو و ڕستەی ئاڵۆز و ڕستەی ئاڵوزی لێکدراو).* خەسڵەتێکی زەقی ڕستەدارِشتنی ئەم نووسەرە ،(نەفەس  درێژی)یە لە لێك بەستنی ڕستەکاندا. بە جۆرێك، کە بەندە واهەست دەکات، کە نووسەر بە شێوەیەك لە شێوەکان  لە ژێر گاریگەری شێوازی نووسینی مەسعود محەمەدە، یان خوێنەرێکی چواروەرزی ئەوە ، — ئەمەیش نە خەوشە و نە لەکەیە -  تەنانەت تەها حوسێن و ئیسماعیل بێشکچی و جیمس جۆیس (James Joyce) و پوشکین  (Pushkin)،  لە ڕۆژایەکدا بەم قۆناغەدا گوزەریان کردووە - بۆ شیکاری نموونەکان بڕوانە بڕگەی دوایی-.

## ٣. پـەرەگراف و بـەنـد (Paragraphs and Chapters) :

ئەگەر ڕاوی ڕێوی بۆ کلکەکەی بێت ، ئەوا شەوونخونی نووسەر لە پێنـاو وەدەسـت هێنـانی پـەرەگراف و بەنـدی تۆکمـە وجەمسـەرگیر و بزمارڕێژکراوی ئەوتۆیە کە لەبەریەك هەڵوەشانەوەی ئاسان نـەبێت و قاسەی پۆڵاین و پتەوی مانا و بیرۆکە و پەیامی ئـەو بێت. ڕەخنـەگری بـەهرەدار ، دەتوانێـت بـە هاسـانی چـوار خەسـڵەتە سـەرەکییەکەی پەرەگرافی ساغوسەلیم، لە زۆربـەی ڕووپـەڕی کتـێبی ( **بونیـاتی زمـان لـە شیعری هاوچەرخی کوردیدا** ) دەستنیشان بکات. ئەمـەیش پرسـیارگەلی چـوار خەسڵەتەکەیە:

ا) ئایا مانا (یان ماناکان) لە پەرەگرافەکەدا بەها و نرخی دیاریکراوی خۆی وەرگرتووە؟

ب) هاوتـــەریبی و یـــەکتر بـــڕین لـــە نێـــوان ماناکانـــدا چـــۆن بەرجەستەکراون؟

ج) بەتـەواوی چـەند شـامانا لـە پەرەگرافەکـەدا وجـودی فیعلییـان هەیە؟

د) ئایا هـیچ لـەو مانایانـە لـە چاو مانایـەکانی تـردا خـۆی باڵادەسـتتر دەنوێنێ؟

خوێنـەری هێـزا، بـۆ ئـەوی حـەق بـە نووسـەرەکە و تەوەرەکـە بدەین ، لەبەر ڕۆشنایی ڕاڤەکەی سەرەوە، وای بەباش دەزانم، ئەم پەرەگرافـە وەرگـێراوەی خوارەوەتـان بـۆ شـەن و کـەو بکـەم — هـەر ڕستەیەك بە حەرفێك، لەلایەن لێکۆڵەرەوە هێما کراوە-:

***﴿ زمانی شیعر لەڕیشەدا، بونیاتێکی پڕ ناوەرۆکە، وردەکاری ئاوەزی و نیگایی بەچەشنێکی دڵکاری( جددی ) بەڕێوە دەبات. (A) لەئاکامی هەڵبژاردن و دۆزینەوەی وشەی داهێنراو، خولگەی گشت لایەنەکانی ژیان بەئایۆنبوون پەسند نییە، چونکە کارچالاکیی زمانی بۆ دەلالەتی ناخی شیعرە. (B) شیعریش لە ڕێگای دەسەڵاتی ئەو زمانەوە ، هەوڵدەدات :(( ئەو شتە بەدەست بهێنێت، کە لە زمان بەهێزتر بێت و شاراوە و ڕەمزەکانی جیهانیش، شاراوتر و پڕلە هێماتر بن)). (C) چونکە شاعیر لە ڕوانگەی شیعرەوە گوزارشت لە واقیع و ڕاستی دەکات، زۆرجاریش ئەو واقیعە بە پێی یاسا دەستەبەر ناکرێت، ناچار دەستوری واقیع، ڕێگا بە یاسایەك دەدات تا زمانێکی دیکە بونیات بنێت. (D) ﴾*** [1]

پەرەگرافەکـە شـیتەڵکرا بـۆ چـوار ڕسـتە و هـەر ڕسـتەیەکیش مانایـەکی سـەربەخۆ لـەخۆدەگرێت. کۆبەنـدی ئـەم چـوار ڕسـتەیە (مانایە) ، بونیاتنەری شابیرۆکەکەی پەرەگرافەکەیە. بە واتایەکی تـر کوژاندنـەوەی هـەر ڕستەیەك ، سڕینەوەی بەشێکی بیرۆکەکەیە. لە

[1] ) د. ئازاد ئەحمەد مەحموود. بونیاتی زمان لە شیعری هاوچەرخی کوریدا. ل: ١٢٩

هەمان كاتيشدا تێئاخاوتن و ڕەپێشكردنی هەر ڕستەيەكی تر، شێواندنی ڕوخساری جوانی پەرەگرافەكەيە و هۆكارە بۆ سەرلێشێواندنی پەيامگر، چونكە چوار ڕستەكە ڕايەڵەی بيروكەكەيان قيت و قنج ڕاگرتووە. ئەمەيش هێڵكاريی هاوتەريبی و يەكتربڕيی ڕستەكانە:




## ٤. چەقبەستن لەسەرلاپەڕە (Sticking on the Page)

خوێندنەوە چالاكييەكی چەندە چێژبەخش و دڵكەرەوە و مێشك گەشكەرەوەيە، هێندەش بە ئەرك و سەر بە گێچەڵە، پسپۆڕانی بابەتی خوێندنەوە ، ڕێزبەندێك كێشە و گۆبەندنی ئەم بابەتەيان بۆ تۆماركردووين. ڕەنگ بێت تۆی خوێنەريش دەركت بە

هێندێ لەو گرفتانە کردبێت. جار هەیە چاوەکانت بۆ ماوەیەك لە سەر یـەك لاپـەڕە ئـەبڵق دەبـن و مێشـکت سـڕ دەبێـت و هـەڕەی لـە بـڕەی ناکەیتەوە. بە پێچەوانەشەوە، جار هەیە دەستت لـە کتێبەکـە نابێتـەوە و خـواردن و خـەوت لـە بـیر دەچـێتەوە حـەز دەکـەی بـە یـەك بـێن کتێبەکـە فڕکـەیت. حاڵـەتی چەقبەسـتنەکە بـە (٣) لاڕێـت دادەبـات : چەند لاپەڕەیەك دەگەڕێیتەوە دواوە و هەوڵ دەدەی باشـتر تێیبگـەیت: یان بەسەر ئەم لاپەڕەیـەدا بازدەدەیت و بەهەنـدی وەرناگریـت: یـاخود کتێبەکە بەلاوە دەنێیت و مەیلی خوێندنەوەت نامینێ. ئەمە بۆچـی؟ چـونکە" مـۆرکی داهێنـان و ئـەدەبیات لـە ناوەنـدی تێکسـتدا دیـاری دەکرێت و تەنها ڕێگاش بۆ گەیشتن بەو نیازە و ئامانجە، پەی بردنە بە کایـە هونەرییـەکانی زمـان و شـێوازی تێکسـتەکە".[١] بـە واتایـەکی تـر، دکتـۆر ئـازاد ئەحمـەد ، بـە شـێوازە ئـەدەبی و تەکنیکییەکـەی خـۆی توانیویەتی ئەو قوناغـە تێپـەڕێنێت و نـەهێڵێت خوێنـەری کتێبەکـەی، بە هیچ شێوەیەك هەناسەسوار بن و خنە بکەن. ئەو تاڕادەیـەکی بـاش لە هونەرەکانی بەکارهێنانی زمانەکەی شـارەزایە. دەبـێ ئـەوەش لەبـەر چاو بگرین کە کتـێبی (**بونیاتی زمان لـە شـیعری هاوچـەرخی کوریـدا**)، بـۆ خوێنـدکارێکی قونـاغی حـەوتی بنـەڕەتی، یـان بـۆ سـەر مێـزی سەرتاشـخانەکان نەنووسـراوە، نووسـەر قبـوڵی نییـە لـە مـەقامی

[١] ) د. عوسمان دەشتی. لەبارەی بونیاتی زمان و شێوازی شیعر تێکست و لێکۆڵینەوە. ل: ٧

ئەکادیمیی خۆی دابەزێتە خـوارەوە ، ئەمـەیش بـەلای منـەوە هانـدان و دەسـتگرتنی خوێنـەرە بـەرەو ئاسـۆیەکی گەشـتری دنیـای ڕۆشـنبیریی و مەعریفی. کەواتە لەم جۆرە خوێندنەوەدا، دەبێ خوێنـەر غارەغـاری بێـت بـە دوای نووسـەرەکە، چـونکە نووسـەر ئـاوڕ بـۆ دواوە ناداتـەوە. " شـێواز پرۆسـەیەکی هۆشمەندانەیـە و مەبەسـتدارە، داهێنـەر دەزانـێ هـەموو نیشـانە و هێمایـەکی زمـان لـە شـوێنی خۆیـدا بـەکاربهێنێ و شـێوازی خۆڕسـك وخورپـە یـان ئیلـهام ڕەت دەکاتـەوە."[1] - مـن خـۆم، هێنـدە تامـەزرۆی شـێواز و ناوئـاخنی کتێبەکـە بـووم، جـاری یەکـەم، هەموویم بە سێ پشوو (Shift) خوێندەوە -.

## ٥. خـاڵبـەنـدی (Punctuation)؛

خاڵبەنـدی ئەسـتونگەکی زەروری نووسـینە و ناکرێـت لـەم لێکۆڵینەوەیـەدا بەسـەریدا بازبـدەین، وەلـێ بـۆ خـۆ بـەدوورگرتن لـە درێـژدادڕیی و دووبارەبوونـەوە ، لـە تـەوەرێکی بەشـی سـێیەمدا، دەگەڕێینەوە سەری.

## گوتاری و پـەیامی کتێبـەکە (The Book's Message)؛

---

[1] ) د. عبدالقادرحمدامین محمد. بونیاتی کارنامە لە دەقی نۆی کوریدا. ل: ١٧٧

گوتراوە کتێبێك، دوای خوێندنـەوەی، پاشـخانێکت پێنـەدات بـۆ دەمەتەقــە و شەڕەچــەقەی ئــەدەبی و مــەعریفی، کتێــب نییــە! هەڵبژاردنی ناونیشانێك بۆ تێزێکی ئەکادیمی بەمەرتەبـەی دکتـۆرا، نـە بڕیارێکی گۆترەیی و سـەرپێییە و نـە موجازەفەیـەکی وەرزشـوانانەی بێ پەیامە. تەنانەت گـەر دەسـتەی سەرپەریشـتاریش ، لـە هەڵبـژاردنی ناونیشانەکە، غەمزەیەکیان بۆ نووسەر کردبێت، دڵنیام کە خـاوەن مـاڵ — کە دکتۆر ئازاد ئەحمەد — ە عەیامێك بیری لێکردۆتـەوە و لـە خـۆی پرسـیووە: ئـەم ناونیشـانە بۆچـی؟! " (چـۆن گـوتن ) و (چـی گـوتن) پێکەوە دەقێکی ئەدەبی و مرۆیـی دروسـت دەکـەن و فـەرامۆش کردنـی هەر یەکێکیان جۆرێك لـە کیماسـی و کـەم و کورتییـەك لـە دەقەکـەدا بەجێدەهێڵێت." [1]

ئەوەی من تـوانیبیتم لـە سێ خوێندنـەوەی ئـەم (کتێبـە)دا، لەمـەڕ ئەو مەسەلەیە، هەڵیهێنجم ئەمەیە:

١. نووسـەر بـەئاگابووە کـە کتێبخانـەی کـوردی عەوجـە بـەم ناونیشانەیە. بەڵکەشـم خواسـتی بەردەوامـەیی مامۆسـتا و ڕۆشـنبیرو زانکۆییەکانـە ، لەسـەر ئـەم کتێبـە. (داوای لێبـووردن دەکـەم ، ئـەم

---

[1] ) د. فواد رەشید . دەقی ئەدەبی ئەدگار، چێژ، بەها. ل: ٧

بۆچوونەم لە بەهای کتێبە هاوشێوەکانی ئەم کتێبە ، کەم ناکاتەوە. ف. ش.)

٢. بەسەرکردنەوی شیعری کوردی لە قۆناغێکی دیاری کراودا ، کە خۆی شاهید حاڵەتی و هۆشەمەندانە مواکەبەی کردووە.

٣. حەزیکردوە حونەری خۆی نیشان بدات کە چەند سەرکەوتووانە دەتوانێت ئەو چەمك و ڕێباز و تیۆریانەی میتاڕەخنەگرانە باسی لێوەکردوون، بە پڕاکتیك لە دەقە هەڵبژاردراوەکاندا بەرجەستەی بکات. ئەو دەزانێت کە" ناکرێ چەمکێك، یان تیۆرێکی بێگانە کتومت بەسەر دەقێکدا جێبەجێ بکەی، چەمکەکە ئەگەر تازەش وەکو قاڵبێکی زانستی خۆی نیشان بدا. ئەوا وەك میکانیزم و کلیلێك هێندێ لایەنی تاریکی تێگەیشتنی دەبێ پێ ڕوونبکرێتەوە. جا دەقەکە پێش تیۆریەکان، یان پاشتر نووسرابن. گرنگ ئەوەیە وەك پشکنین دەبێ دەور ببینی، نەك داپۆشین". [١]

٤. لەپشت پەردەوە، نووسەر وەك قەڵەمێکی باوڕدار، هەوڵیداوە تێگەیشتنی خۆی لەمەڕ ئەو مەسەلانەی بەگژیانداچووە، دەربڕێت و کەسیەتیی خۆی نەکاتە پەراوێزێکی فەرامۆشکراوی فرۆشراو بە

---

[١] ) د. هێمن عومەر خۆشناو. ڕۆژنامەی هزروهونەر ١٤-١١-٢٠١٤ ژمارە ١١٦. ل: ٢

تێزێکی عومورکورت. به واتایەکی چڕتر، ڕێی به خۆی نەداوه ببێ به تـووتی بـۆ  بردنـەوەی تێزەکـەی، بـەڵکو  لـه زۆربـەی ڕەهەنـده ئەدەبییـه ئاماژەپێکراوەکانی نێـو کتێبەکـەدا، قسـەی خـۆی هـەبووه. ئەمەتان به یەك تاکه نموونـه بـۆ پشت ڕاسـت دەکەمـەوە: لـه بڕگـەی (چـییەتی زمـانی شـیعر) [1]، نووسـەر بـه پێـنج لاپـەڕه ، کرۆنۆلۆژیـای بیرۆکەی مەبەستخوازی خۆی ، پێ به پێ شیدەکاتەوه و  بەرچنی  بۆ تویـژەر و ڕەخنـەگران نمایشـدەکات،   لـه کۆتـا پەرەگرافـدا ، بـەم بـن بێژنگەی لێکدانەوەکەی خوی،  کەندوان سەردەبەستێت :

"    باشترین جۆری لادان له دەقدا ئەوەیه ، که له ناخی دەق و ڕیزبەستندا، ڕاڤه و شرۆڤه هەڵبگرێت و ڕووناکی  بخاته سەر مەرامی شاعیر، بەمـەرجێك لادان لەناو لادان و لێکچواندنه لادان زۆر نەبێت ،  بۆ ئـەوەی لـه  دەلالـەت بەخشیندا گرێکوێره پەیدا نەکەن". [2]

---

[1] ) د. ئازاد ئەحمەد مەحموود. بونیاتی زمان له شیعری هاوچەرخی کوریدا. ل: ١٥١ — ١٥٦

[2] ) سەرچاوەی پێشوو . ل: ١٥١

# تــەوەری  دووەم

## ئاســت و ئاراســتەی نــاوەرۆکی کتێبــەکە

## The Level & Direction of the Contents of the Book

نووسەری  کتێبی ( **بونیاتی زمان  لە شـیعری  هاوچـەرخی کوریـدا** )، لـە پێشـەکی چـاپی یەکەمـدا  دەنووسـی: "بـاوەڕم بـەو ڕاسـتییە هەیـە، کـە بابـەتی ڕەخنـە  هەڵنـەگر، بابـەتێکی نازینـدووە). [1]هەرواشـە، چـونکە هـەم بەرداشـی مێشـکی مرۆڤــ ڕاوەسـتان و چـەقین نـازانێ و هەمیشـە بەرهەمی تازەباوتر لە گـەرووی چاپخانەکان دێنـەدەرەوە و هـەم کـاکی نووسـەریش وەك بنیـادەم ، بەدەرنییـە لـە هەڵـە و سـەهوکردن. هـەر ئەمەشە بۆتە هەوێنی داهێنانی ( ڕەخنەی ڕەخنەی ڕەخنە).

هەرچەندە ئەم کتێبە بەرلە چاپدانی، بە شەش حەوت سـووزمە، سـووزمە کـراوە و سـێ کـەس پیتچـنی بـۆکردوە، وەلـێ وەك زۆربـەی بەرهەمـە کوردییـە چاپکراوەکان ، خـاڵی نییـە لـە  هەڵـەی چاپ و لـە هەڵـەی قەڵـەم. ئەمــەش بــە پێچــەوانەی چــاپەمەنییەکانی وڵاتــانی پێشـکوتووە، هـەر بـۆ نموونـە، دۆزینـەوەی هەڵەیـەکی تایـپ و چـاپ ،

---

[1] ) د. ئازاد ئەحمەد مەحموود. بونیاتی زمان لە شیعری هاوچەرخی کوریدا. ل: ٨

مەحالە لە کتێبێکی زمانی ئینگلیزیدا کە لە لەندەن چاپکرابێ، ئەوان هەم ڕێنووسی ستاندار و هەم زمانی ئەدەبی ستانداری خۆیان هەیە، یەك دوو (کلیك) ی تەختە کلیلی کۆمپیوتەر، هەرچی کەپەك و وسەرکۆزەر و زیووان هەیە ، لە گەنمەڕەشگوڵەکەی جیادەکاتەوە. جا ئەوان ئەگەر ڕەخنەیەکیشیان هەبێ ئەوا هەر لە دەوری شێوازی دەستخەتی نووسەر و بیر و بۆچوونەکانیدا دەسوڕێتەوە.

نووسەر چەند میتودێکی کردۆتە چەمکی بابەتەکەی و هۆشیارانە هەڵ بژاردەکانی لەبەرژەوەندی قەڵەمەکەیدا وەگەرخستووە. وەك نموونەیەك : " لە میتۆدی بونیاتگەریی پێکهاتوو‌ییدا ، دەبێت توێژەر پابەندی چەمکی تێگەیشتن و ڕاڤەکردن بێت. تێگەیشتنی هەر دەقێك پرۆسەیەکی ئەقڵییە، نابێت تێکەڵ بە هەست و سۆز و دۆخی دەروونیی ڕەخنەگر بێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە دەبێت هەر حاڵەتێکی لەم جۆرە لە کاتی توێژینەوەی دەقدا دوربخرێتەوە ، بۆ ئەوەی بتواندرێت تێگەیشتنێکی زانستییانە لەمەر دەقەکە بێتە کایەوە. دۆزینەوەی بونیاتی دەلالەت لە دەقدا کارێکی ئاسان و سادە نییە."[١]

---

[١] ) د. عەلی تاهیر حوسێن. ڕەخنەی بونیادگەری لە تیۆرەوە بۆ پراکتیزەکردن. ل: ١٢٨

لەم تەوەرەدا، هەوڵدەدەم نووکی قەڵەمەکەم ، بۆ چەند بڕگە و ڕەهەنــدێکی بایەخــداری کتێبەکــە تیژبکــەم و  ئەوەنــدەی ســەرم لێدەردەچێ لەسەریان بوەستم:

## ١.  نــاونیشــان  (The Title)؛

"ناونیشان تـەنیا دەسـتەواژەیەکی  زمانـەوانی دابـڕاو نییـە، بـەڵکو کلیلێکـی ڕاڤــەکاری بنچـینەییە بـۆ کردنــەوەی لایەنــە  داخراوەکـانی دەق".[1]   هەر بۆیە  ئێستا،  ڕەخنـەی ئـەدەبیی و هونـەریی هاوچـەرخ ، خودی ناونیشانی کردۆتە تـەوەرێکی لێکۆڵینـەوەکانی زماننـاسـی  دەق و سـیمۆلوژیا(Textual  Linguistics  &  Semiology) ، ئەمـەیش بـە تیشك خستنە سەر ئەم **پنتانە:**

١.	**بونیاتی ناونیشان** (Title Structure) .

٢.	**ئەدگارەکانی ئێستێتیکای ناونیشان.**

(The Aesthetic Features)

٣.	**کۆدەکانی ناونیشان** (The Title Codes) .

٤.	**پەیوەندی ناونیشان بەدەقەوە**

---

[1] ) فازیل شەوڕۆ. ٢ لێکۆڵینەوەی ئەدەبی. ل: ١٠٩

. (The Title and the Text Relationship)

ئێستا لە دوو دەروازەوە دەچینە نێو بابەتەکەوە:

**١) ناونیشانی کتێبەکە (The Title of the Book):**

ئەمە دەقی ناونیشانی چاپی یەکەمی کتێبەکەیە: (**بونیاتی زمان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا ١٩٨٥ - ٢٠٠٥**). لە سەر بەرگی چاپی دووەمیدا نووسراوە (**بونیاتی زمان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا**)، واتا (١٩٨٥ - ٢٠٠٥)ەکەی لێقرتاوە. بەخەستی ئەم سەرەقەڵەمانە دەخەمە بەر دیدی خوێنەر:

- بونیاتی ناونیشانەکە تەم و مژاوییە: زاراوەی (هاوچەرخ) لە فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە وا ڕاڤەکراوە: (**هاوچاخ، کەسانێ کە لەدەورانێکا ژیان**).[1] لە فەرهەنگی (Oxford)دا نووسراوە (Contemporary): (**هاوچەرخ، لە هەمان سەردەمدا دەژێت، ئێستا، کەسێکی هاوچەرخ**)[2] لێرەدا ئەم زاراوەیە بۆ ناونیشانی هەردوو چاپەکە لێڵی (Ambiguity) دروستکردووە. **چۆن؟**

---

[1]) هەژار. فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە. ل: ٩٤٣

[2]) Oxford Dictionary P. 145

- له ناونیشانی چاپی یەکەمدا ، زاراوەکە بۆتە سەربار بەسەر ناو نیشانەکە، مەبەست لە بەکارهێنانی ئەو زاراوەیە هەر بۆ ئەوەیە کە سەردەمێکی دیاریکراوی پیٚ دەست نیشان بکرێت، چونکە ماوە زەمەنەکە جوان دیاری کراوە  بە: (١٩٨٥ - ٢٠٠٥)، چ پێویستی بە (هاوچەرخ)ەکە نییە و مەبەستی خۆی باش پێکاوە. لە چاپی دووەمدا کە قووتکراوە، لێڵییەکە خەستر بۆتەوە لە بەر **دوو هۆ**:

(١) زاراوەی (هاوچەرخ) لێرەدا ئیحایە بۆ ئەو سەردەمەی کە خوێنەر کتێبەکەی بە دەستەوەیە و دەیخوێنێتەوە. بە واتایەکی تر، بۆ خوێنەرێکی ساڵی (٢١٦٧) ئەم کتێبە  باسی بونیاتی شیعری کوردی ساڵەکانی (٢١٦٧) دەکات، کە وانییە. چونکە ئەو سەردەم سەردمی هاوچەرخی ئەو خوێنەرەیە نەك ساڵەکانی (١٩٨٥ - ٢٠٠٥) .

(٢) ناوەرۆکی کتێبەکە لەبارەی بونیاتی شیعری هاوچەرخی کوردیی نییە. خوێنەر کە لە کتێبخانەیەکدا ئەم ناونیشانەی بەرچاو دەکەویٚ وادەزانی ناوئاخەکە دەربارەی هەموو سەردەمەکەیە – کە سەرەتا و کۆتاییەکەی دیاریی نە کراوە – لەکاتێکدا  ئەو هەر لە بونیاتی شیعری کوردی ئەو بیست ساڵەدا دەکۆڵێتەوە کە بە (١٩٨٥ تا ٢٠٠٥) دیاریکراوە. بۆیە – بەڕایی من -  تا بونیاتەکە پتەوتر بێت و پەیوەندی  ناونیشان

و ناوئاخن هاوسەنگتربێت و جوانکارییەکیش لەبەرچاو خۆی بنوێنێ، ناونیشانەکەم بەم شێوەی خوارەوە بێ ئەکادیمیی تر و مانابەخشترە:

**( بونیاتی زمان له شیعری کوردیدا )**

**( ١٩٨٥ – ٢٠٠٥ )**

نووسەر ئاماژەیەکی کردووە کە بۆچی زاراوەی (هاوچەرخی) خزاندۆتە نێو ناونیشانی کتێبەکەی. لە پێشەکی چاپی یەکەمدا دەنووسی: "بۆ پراکتیکردنی لێکۆڵینەوەکە، جیهانی شیعری هاوچەرخمان هەڵبژاردووە، چونکە ئەم قۆناغە زیاتر ئاشنایەتی لەگەڵ زانستە تازەکان ( بونیاتگەری و شێوازگەری) و ڕەخنەی تازەی سەردەمییانەدا هەیە." [١]

**ب ) ناونیشانی بەش و تەوەرەکانی کتێبەکە (The Sub-Titles):**

جگە لە دوو پێشەکی و سەرچاوەی نموونەکان و سەرچاوەکانی ناوەرۆك، کتێبەکە سێ شاناونیشانی هەیە:

بەشی یەکەم، سێ تەوەر و (١٧) ناونیشانی سێبەری هەیە. بەشی دووەم: دوو تەوەر و (٧) ناونیشانی سیبەری هەیە و دوابەشیش وەك

---

[١] ) د. ئازاد ئەحمەد مەحموود. بونیاتی زمان له شیعری هاوچەرخی کوریدا. ل: ٧

بانێـــــــژەباس، (١٥) ناونیشـــــــانی ســـــــیبەری هەیـــــــە. وردبینییەکانم لەمەر ئەم بڕگەیە، لە (٣) خاڵدا چڕ دەکەمەوە:

١. هەماهەنگی و هاوسەنگی و ئەنگاوتنی نیشانە و شۆڕبوونەوەی چڵەکانی ناونیشـانەکان زۆر تـەبا و ڕێـك و زانسـتییانە داڕێـژراون و بەها و مەغزای زاراوە و وشەکانیان جوان لە خۆیاندا کۆکردۆتەوە.

٢. "پێکهاتەی ناونیشان، نیشانەکانی سیمۆتیکای زمانـە، بۆیـە دەبـێ لێکۆڵینـەوە و خوێندنـەوەی تایبـەت بـۆ نیشـانەکان و چـۆنیەتی بـەکارهێنانیان بکـات. تـاوەکو لـە ڕێگـای کردنـەوەی ئـەو ئامـاژ و نیشـانگەلە بـەرەو شـیکردنەوەی تێکسـتەکە هـەنگاو هـەڵگرێت و لـەدوا شیکردنەوەشدا دەستی بگرێت کـە ناونیشـان دەبێتـە ناسـنامەیەك بـۆ دەق و ئــەو ڕۆڵــە بــەجێ دەگــەیەنێت."[١] جــا لێــرەدا لــە هێماکــانی ڕیزبەنــدی ناونیشــانەکاندا جــۆرە ئاڵۆزییێــك بــوونی هەیــە. چــۆن؟ ڕیزبەند و ڕێچکەی هاتنەخوارەوەی ناونیشانەکان بە پێخواستی و بـێ بەرنامـە نییـە. دەبـێ کتێبەکـە پـەیڕەوی یـەکێك لـە دەسـتورەکانی ڕیزبەندی ناونیشانەکان بۆ هەموو بابەتەکانی بکات. کەچی لێرەدا بە دوو دەستوور ناونیشانەکان ڕێکخراون، نەك یەك دەستوور. لە بەشی

---

[١]) د. عوسمان دەشتی. لەبارەی بنیاتی زمان و شێوازی شیعر تێکست و لێکۆڵینەوە. ل: ١٧٣

یەکەم و لە بەشی دووەم دا ، فۆرمە کلاسیکییەکە بەکارهاتووە، واتا لە دوای تەوەرەکان بە ئەژمار ناونیشانی سێبەر تۆمارکراوە (١)، (٢) ، (٣).....هتد. بەلام لە تەوەری سێیەمدا فۆرمی شیتەلکردن بەکارهاتووە. یانی لە دوای بەشی سێیەم نووسراوە: (٣ — ١ — ١)، (٣— ١ — ٢ ) ، (٣ — ٣ ) ، (٣ — ٤ ).....هتد.

دەکرا نووسەر یەك فۆرمی بۆ ناونووس کردنی ناونیشانەکان بەکارهێنابوایە. — بە ڕای من فۆرمی شیتەلکردنەکە پتر بۆنوبەرامەی ئەکادیمیی پێوە دیارە - .

٣. " ناونیشان، بەر لەناوەرۆك سەرنجی خوێنەر بەلای خۆیدا ڕادەکێشێت. هەر بۆیە لە سەردەم و قۆناغی جیاجیادا هەریەك لە نووسەر و خوێنەر چۆنیەتی و چەندایەتی دارشتنی ناونیشانیان لەبەر چاو گرتووە."[1] دیار نییە بۆچی نووسەر بەرانبەر هێندێك لە ناونیشانەکان موراديفەکەی بە زمانی ئینگلیزی نووسیووە و هێندێکیانیشی بە هەتیوی بەجێ هێشتووە! — لە برگەیەکی تردا سەربەسەر ئەم خالە دادەگرمەوە-.

[1] ) د. فوئاد ڕەشید . دەقی ئەدەبی ئەدگار، چێژ، بەها. ل: ٥٤

## ٢. کەرەستەی کتێبەکە (The Book's Materials)؛

بەر لەوەی یاخەی ( تێکست و لێکۆڵینەوە) و (پراکتیزەکردن لە نێوان میتۆد و تیۆر)ی کتێبەکە بگرم، حەز دەکەم سەری قەرتاڵەی بابەتەکان هەڵدەمەوە تا بزانین دەست و دیاری کاکی نووسەرمان لەم بەرهەمە چاپکراوەدا چییە !


Orhan Pamuk

نەبێتە مەدح و ستایش، کتێبەکە گەنجینەیەکی پڕ زانیاریی و مەعریفەی هەمەڕەنگی تازەباو و سەردەمییانەی لەبارەی جیهانە بەربلاوەکەی ئەدەب، لە خۆیدا کۆکردۆتەوە ، بەتایبەتیش لەبارەی دوو توخمە باڵایەکەی ئەدەب: شیعر و ڕەخنە کە – یەکێکیان خوێن شیرین و ئەوەی تریان ڕەزاقورسە. لەبارەی ئەدەب، (Orhan Pamuk) دەڵێت: " وشە و ئەدەب وەك مێروولە و ئاو وان، دزە دەکەنە ناو هەموو شوێنێکەوە، تەنانەی خۆیان دەگەێننە بچووکترین درز و کون و کەلەبەرەوە، لەبەر ئەوەیە کە ئەدەب لە هەموو شتێك زیاتر لە توانای دایە ببینێت و جاروبار، ئەدەبی باش،

وەك وشـــەیەكی پڕشـــەنگدار وایەكـــە هـــەرگیز ســـەبارەت بـــە جیهـــان نەگوترابێت." [1]

خوێنەر - بەتایبەتی توێـژەر و لێكۆڵـەر و ڕەخنـەگر و زانكـۆیی- لـە گەشـتكردنیدا بـە نێـو دێـڕ و لاپـەڕەكانی ئـەم كتێبـەدا ، دەتـوانێ سەرچـنی ئـەم بابـەت و ناونیشانانە خـوارەوە بـۆ خـۆی بچـنێتەوە و گركاتەوە:

**١) بابەتی زانستی زمانناسی (Linguistics):**

هــەروەك دووەم وشــەی ناونیشــانی كتێبەكــە ئامــاژەی پێــداوە، زانیارییەكان لەدەربارەی زمان – هەرچەندە لـە یـەك تـەوەر و لـە ژێـر یـــەك مانشـــێتدا كۆنەكراونەتـــەوە – تـــا بلێـــت ســـەردەمییانە (Up-to-date) و تازەن و دەوڵەمەندن. بێگومان هیچ كتێبێك لە دنیا دا نییـە سـەرجەم زانیارییـەكانی (زمـان)ی تێـدا بـێ، چـونكە بابـەتی زمـان وەكـو بابـەتی زانسـتی كۆمپیوتـەرە ، مەحاڵـە لـە یـەك كتێبـدا خڕبكرێتەوە. گـرنگ ئەوەیـە كـە نووسـەر بایـەخ و بـەهای ئـەم پنتـەی جوان بۆ خۆی تەوزیفكردووە ، چونكە " بێ بوونی زمان شارستانییەت

---

[1] ) ڕۆژنامەی ڕەخنەی چاودێر. ژ ٤٨٧: لە ١٣ / ١٠ /٢٠١٤ ل: ٨

بـەردەوام نابێـت، چـونکە زمـان تاکـە ڕێگەیـە لـە پاراسـتن و گەیانـدنی کولتوور و زانیاری لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر."[1]

**ب) بابەتی بونیـاتگەرایی (Structuralism)؛**

زۆر ڕەهەنـدی ئـەم میتـۆدە بـە سیما و ڕوخساری جیاجیـا، چ وەك تـەوەری سـەربەخۆ چ وەك هاموشـۆکەر ، حـوزورێکی گـەورەیان هەیە. چەمك و زاراوە و تیـۆری و میتـۆدی پراکتیزەکردنـی، سـەرەڕای سەربوردە مێژوویەکەی ، بە خەست و خۆڵی حەقی خۆی دراوەتێ.

**ج) بابەتی شـێوازگـەرایی (Stylistics) ؛**

ئەمـــەیان ئەســـتونگە باڵایەکـــەی ناوەڕاســـتی ڕەشماڵەکـــەی کتێبەکەیە. عەودالانی ئەم بابەتە دەتوانن تا ڕادەیەکی زۆر تینوویـەتی خۆیان لەم کانیاوەدا، بە ئاوێکی سازگار و شیرینی پر زانیاریی بە زمانی کوردی بشکێنن." شـێواز ، گـرنگترین ئـەدگاری کـاری هونەرییـە، لەبـەر ئەمـە هـیچ زانسـتێك ناتوانێـت لـە هونـەر بکۆڵێتـەوە ئەگـەر خـاوەن ڕوانینێکی هونەری هەمە لایەن نەبێت سەبارەت چەمکی شێواز." [2]

---

[1] ) پ. د. محەمەد مەعروف فەتاح. لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان. ل: ٩

[2] ) د. فوئاد ڕەشید . دەقی ئەدەبی ئەدگار، چێژ، بەها. ل: ٣٧

## د) بابــەتی میتولــۆژی لە میانی شــیکردنەوەی دەقدا (Methodology of Text Analysing)؛

"هەمیشە دەق پەیامێکە خاوەنی بونیاتێکی تایبەتی و هێزێکی گەیاندنیشە ، واتە یەکەیەکی زمانەوانی و پەیوەندی کردنیشە." [1] ئەمەیان خوێنەر و توێژەری بەسەلیقەی دەوێ کە هەوڵ بدات ئەو سەرەداوانە بدۆزێتەوە کە نووسەر لە شیکردنەوەی ( دەقە شیعرییەکاندا) وەك ڕایەڵ و ڕست و پشتێنە بەکاری هێناون. ڕوونتر بڵێین ، داخوازیکەری ئەم ڕشتەیە ، دەتوانێ سوود لەو میتۆدە وەرگرێ کە نووسەر خۆی پێوە سەرقاڵکردووە و دەستمایەشی زۆر باش بووە.

## ه) بابەتی شیعرییەت و زمانی شیعری(The Poetic Language)؛

بە تەوەری سەربەخۆ قسە و باس و شەڕەچەقەی لەسەرکراوە و زۆر لایەنی شاراوەی ئەم جیهانە بێ سنوورە، وردبینانە و بێلایەنانە ، خووردکراونەتەوە و جارێکی تر ئاوزێرکراونەتەوە. نووسەر زۆر گرنگی بەلایەنی (دیمەنسازی) و (لادان) لە هەموو ڕووەکانی شیعر داوە، چونکە " بەها ئێستێتیکەکانی شیعر بریتین لە : زمانی شیعر،

[1] ) د. فوئاد ڕەشید. دەقی ئەدەبی ئەدگار، چێژ، بەها. ل: ٥٤

مۆسـیقای شـیعر، وێنـەی شـیعریی، ڕەمـزی شـیعریی و ئەفسـانە لـە شیعردا"[١] - بە من بێ هەرچی شاعیر هەیە دانەیەکی لـەم کتێبـەی بـۆ دەکەمە دیاری، چونکە ئەمە کتێبی شاعیری سەردەمە -.

## و) ئـامرازەکانی تری زمـان و ئـەدەب (The Other Tools):

لە پاڵ ئەو بابەتانەی لە سەرەوە ئاماژەمـان پێدا، کـە خوێنـەر لە خوێندنەوە کتێبەکـە دەبێتـەوە، هەسـت دەکـات چـەند پێتـەرازوێك زانیاری هەمەڕەنگی کۆکردۆتـەوە. وەك: ئاشـنا بـوون بـە هێنـدێك لـە قۆناغـە مێـژووەکانی ئـەدەب و زمـان ، پەیـداکردنی زانیـاری لـەبارەی هێنـدێ تیـۆر و میتـۆدی تازەبـاو ناسـینی زۆر لـە زانـاو و ئـەدیب و شاعیرانی سەر سەکۆی ئەدەب و زمانی کوردی و غەیرە کوردی و ئاشنا بـوون بـە دەیـان پێناسـەی زمـان و ئـەدەب کـە تێیانـدایـە لـە نووسـینی کوردیدا نوێن !

## ی) خـودی زمانی نووسـەر (The Writer's Language):

شـێوازی نووسەر ، کەم تا زۆر ، جێ پەنجەی خۆی بە سەر مێشك و زەینی خوێنەر بـەجێ دەهێڵێ، بـە تایبـەتی کاتێك خوێنـەر دەکەوێتـە ژێر کاریکەری شێوازی نووسینی نووسەرەکە. بە واتایـەکی تـر، دەکـرێ

[١] ) ئاسۆ عومەر مستەفا. بەها ئیستانیکییەکانی شیعر. ل: ٢٠

خودی کتێبەکە ببێتە کەرەستەی بیروبۆچوونی کەسێکی تر." شێواز لە سایکۆلۆجەتی نووسەر و تێکست دایە، لە کۆتایشدا دەگەڕێتەوە بۆ خوێنەر یان وەرگر."[1]

( لە پاڵ ئەم نووسینەمدا ، قەدرزانی ئەو نووسەرانەشم لەم بووارانەدا هەسپی خۆیان تاوداوە، ناکرێ وەك ڕەخنەگر - گەر تواتیبیتم ئەم شەرەفە وەرگرم- بەسەر ئەم تەوەرانەدا بازبدەم و چاویان لێ بچوقێنم.)

## ٣. تێکست و لێکۆڵینەوە

## (Texts and Their Analysing):

د. ئازاد ئەحمەد ، بۆ بەشی سێیەمی کتێبەکەی ناونیشانی ( **هەندێ دیاردەی هونەری و شێوازگەری لە زمانی شیعری هاوچەرخی کوردیدا** ) هەڵبژاردووە. نووسەر لەم بەشەدا تەواوی توانست و بەهرە و کارامەیی خۆی بەکار هێناوە بۆ سەلماندنی ناوەرۆکی تیۆرییە ئەدەبییەکان کە لە دوو بەشەکەی پێشتردا نمایشی کردوون. بە کوردی و کرمانجی ئەم بەشە خەرمان و ڕەوسەی بەبەرەکەتی کتێبەکەیە ، کە پەیوەستە بە لایەنە پڕاکتیکەکانی تیۆرییەکان،

---

[1] ) د. عبدالقادر حمدامین محمد. بنیاتی کارنامە لە دەقی نوێی کوردیدا. ل: ١٧٤

واتـا تـەوزیفکردنی دەقـە شـیعرییەکان  لـە لێکۆڵینەوەکەیـدا. مـن هـاوڕام  لەگـەڵ بۆچـوونەکەی د. کـەمال غـەمبار  کـە دەڵێـت: " دەتوانم بەشی سێیەم بە سەرکەتووترین بەشەکان لە قەڵەم بدەین، کـە تیـۆری بـە پراکتیـك دەبەسـتێتەوە و چـەندین میتـۆد پـەیڕەو دەکات." [1]

ئــەم بەشــە (٦٣)  لاپەڕەیــە.  (١٢) ناونیشــانی ســێبەری لــە خۆگرتــووە کــە هێنــدێکیان چـڵیان  لێدەبێتــەوە.  کـۆی بڕگـەی بابەتـەکان (٢١) بڕگەیـە. (٣٥) تێکستی شیعری (٢٥) شاعیریان تێدا تەوزیف کراوە. بۆ هاسان کردنی شیکردنەوەکەمان و قـەدبڕکردنی تووله ڕێیەکانی باسەکە  و دەربازبوون لە بزنەڕێییەکانـدا، وا  ئـەم ڕیزبەندە شیتەڵکارییەم بۆ مشت ومالّ کردوون:

١)  لـە پێنـاو دۆزینـەوە و دەستنیشـان کردنـی نموونـە-  دەقـی شـیاو و پەسند و جێگر ، نووسـەر — ئـەوەی کـە لەبەردەسـتمان دایـە - تـەواوی بەرهەمەکانی (٢٥) شاعیری شەن و کەو کردووە . لـە هاوسـەنگ کردنـی تای تەرازووی بژاردەکانیدا ، دەقی شیعری (٣) ژنە شاعیریشی  کردۆتـە پارسەنگ و ڕووبەری جوگرافیـایی زمـانی کـوردی فـەرامۆش نـەکردووە بـە هـەردوو شێوەزارە باوەکەیـەوە : "سـۆرانی و کرمـانجی" — گەرچـی

[1] ) گۆڤاری ئەکادیمی -  ژ. ١٤ / ل:  ١٠٢

بەدوای شاعیرەکاندا نەپەڕیوەتەوە تخووبی کوردستانی ڕۆژهەڵات و باشوور - هەر هەموو دەقە هەڵبژاردراوەکان زادەی سالەکانی (١٩٨٥ - ٢٠٠٥) ن ، ئەمەش لەگەڵ ناونیشانی کتێبەکە یەك دەگرێتەوە. ئەو شاعیرانەی - بە ڕیزبەندی کتێبەکە - دەقەکانیان وەرگیراوە ، ئەمانەن:

*(ئەنوەر محەمەد قادر، بەختیار عەلی، جەلال بەرزنجی، جەمال غەمبار، شێرکۆ بێکەس" جوامێر" ، حەسیب قەرەداغی، دلاوەر قەرەداغی، دڵشاد عەبدوڵلا، ڕەفیق سابیر، سەباح ڕەنجدەر، سەلام محەمەد، عەبدولڕەحمان مزووری، عەبدوڵلا پەشێو، عارف حیتۆ، کەریم دەشتی، کەژاڵ ئەحمەد، لەتیف هەڵمەت، مەهاباد قەرەداغی، محەمەد عومەر عوسمان، موحسین قۆچان، موئەیەد تەیب، نەزەند بەگیخانی، نەژاد عەزیز سورمێ، نەوزاد ڕەفعەت، هاشم سەڕاج).*

ب) تەوەرە باسکراوەکانی ئەم بەشە، بێجگە لە زمان، ئەمانەن: ( **گەڕانەوەی شیعر/ لێڵی واتا / بارگاوی بوون بە ڕەمز/ دیاردەی کەڵەکەبوون / دیاردەی پووکانەوە پلەیی / دیاردەی هونەریی هەڵوەشاندنەوە**). هێندێك لەم تەوەرانە پەلوپۆی لێدەبێتەوە. بە سەرنجدانێکی سەر پێی، خوێنەر تێدەگا کە ئەوەی لە دوو بەشەکەی پێشەوەی کتێبەکەدا ڕاڤەی بۆ کراوە ، لێرەدا زاراوە و وشەکان دووبارە هەڵ شێلدراونەتەوە، بەڵام بەتێکەڵ کردن و خووسانەوەیان لە نێو دەقە شیعرە هەڵبژاردراوەکاندا. کەواتە نووسەر نیشانەکانی جوان پێکاوە بەوەی کە ڕووی تیۆرییەکانی

بـه دەقـەکان سـپی کردۆتـەوە و لـە کارەکەشـیدا سـەرکەتووە. **چـۆن؟** خوێنەر هەسـت بـە بـوونی هـیچ جۆرە دوو ڕوویـیەك ناکـات لـە نێـوان پـەیمان و کــرداردا ( تیــۆر و پڕاکتیــك). چــونکە" خوێندنــەوەی هونەریانەی دەقێکی ئـەدەبی لەلایـەن ڕەخنگـرەوە ئاسـەوارێگی گرنگـی هەیە لە بنیاتنانی حوکمی ڕەخنەییدا." [١]

ج) سـرینەوەی - یـان دوورکەوتنـەوەی لـە - چـەمکی ڕاڤـەکردن لـە میانەی لێکۆڵینەوەکەدا. ئەم خاڵە بەهاترین و درەوشاوەترین پنتی ئەم کتێبەیـە. بـە زمـانێکی سـادەتر ، ئەگـەر ڕوومـاڵێکی سـەرپێی ئـەو لێکۆڵینـەوە و ڕەخنـە ئەدەبییانـە بکـەین کـە بـۆ زۆربـەی تێکسـتە شـیعرەکانی کـوردی دەکـرێن ، بـە ئاشـکرا دەبیـنین کـە زۆربـەی هـەرە زۆریـان لـە چوارچـێوەی ڕاڤـەکردن و تەفسـیرکردنی وتارگـەرایی دەرناچن. وەك بڵێیت خوێنەر لـە پـۆل دانیشـتووە و مامۆسـتای بابـەتی زمانی کوردی شـیعرێکی حـەزرەتی نـالی بـۆ شـەرح و تەفسیر دەکات. نەك ئـەم دیاردەیـە بـۆ سـۆدرەی سـەرانیش لـەم کتێبـەدا بـوونی نییـە ، بەڵکو لەمەیش گرنگتر ئەوەیە ، ئەو شیتەڵکارییەی بۆ بڕگەیەك کـراوە لە بڕگەیەکی تردا جارێکی تر چاوت پێیناکەوێتەوە و بڕگەی داهاتووە ، ئاواز و نەغمە و سۆزێکی تری تێدایە کە بەرەو ئاقارێکی تـرت دەبـات

---

[١]) د. عبدالقادر حمدامین محمد. بنیاتی کارنامە لە دەقی نوێی کوردیدا. ل: ١٣٥

زۆر جیـاوازتـر لـه ئـەوانی پێشـتر. ئەمـەش بۆتـه خەسـڵەتێکی جیـاوازی شێوازی نووسـینی ئـەم نووسـەرە. " شـێواز، بریتییـه لـەو توانایـەی کـه پەیوەسـته بـه تـاکی کۆمەڵەوه و ئارەزومەندانـه ڕسـتەی نـوێ لـه بۆنـه جیاوازەکاندا بەرهەم دەهێنێت. جیـاوازی لەگـەڵ ڕەوانبێـژی لـەوه دایـه کـه شـێوازناس زانسـتێکی وەسـفییه بـۆ خوێندنـەوه و بـوونی دیـارده داهێنـراوەکانه، بەڵام ڕەوانبێژی زانستێکی پێوانەیه.[1]

حـەز دەکـەم هـەر بـۆ نموونـه ئـەم شـیتەڵکارییەی تێکسـتێکی ( سەلام محەمەد) بخەمه ڕوو — بۆ ئەوانەی کە ئێستا کتێبی (**بونیاتی زمان له شیعری هاوچەرخی کوردیدا** )یان، لەبەر دەست دانییه - :

**"(گۆمی مـەنگ)، بەسـێ سـیفەت: (کـپ ، بێـدەنگ، خـامۆش) بارگـاوی کـراوه، (دەورەبەر) ڕەمزی (نیشتمان)ە، بۆ سیفەتی بنەڕەتی و سروشتیی (گۆم) دەگەڕێتـەوه و جووڵەی تێدا وەستێنراوه. ڕەمزی یەکەمی (گۆمی مەنگ) سروشتییه، ڕەمزی نـوێ[2] ( کپ کردنەوه)، دالی یەکەم و دالی دووەمی مەدلوول جیـاوازن. نیشـتمان، بـۆ جـاری دووەم بە ڕەمزێکی نوێتر (شاری مانـدوو) بارگـاوی کـراوه. واتـای واتایەکـەش لـه ناوەندی وێنەی : (کراسـێکی خۆڵەمێشـی لەبەردایـه) ، سـەنتەر دەگرێـت و ڕەمـزی سووتـاندن دەبەخشێت، کارەسات نیشان دەدا."** [2]

---

[1] ) د. عبدالقادر حمدامین محمد. بنیاتی کارنامه له دەقی نوێی کوردیدا. ل: ١٧٤

[2] ) د. ئازاد ئەحمەد مەحموود. بونیاتی زمان له شیعری هاوچەرخی کوریدا. ل: ١٩٢

فـەرموو بڕوانـە کەرسـتە بـەکارهاتووەکانی ئـەم شـیتەڵکارییە - کـە هـەموویان دەگەڕێنـەوە سـەر سەرچـاوە فەرهەنگییـەکانی میتـۆدی ڕەخنە - :*( سیفەت / ڕەمز / بارگاوی / دال / مەدلوول / واتا / نوێ - نوێتر / سروشت / بنەڕەتی / وێنە / سەنتەر).*

کەواتـە (ڤـایڕی !) ڕاسـتی گوتـووە:" هـیچ مانـا و فکرەیـەك نییـە، کـە بەرهەمی وێنەیەکی هەستپێکراوی نەبێت." [١]

د) نووسەر لە نێوان شـەپۆلی دەق و تـەوژمی لێکۆڵینـەوەدا نـەخنکاوە: هـەر ئەوانـەی لـە سـنعەتی ڕەخنـە و ڕەخنەکاریـدا دەسـت ڕەنگیـنن، دەزانن چـەندە زەحمەتـە بێلایەنانـە لـە نێـوان دوو تـەوەری دژبەیـەکی چەقو لەمشت بوەستیت و ڕێ بە سۆز و عاتیفـەی کفوکـۆڵکردوی دڵـی خـۆت نـەدەی، تـای تەرازوەکـە بـە لایەکـدا لاسـەنگ بکـات. ئـاخر ڕەخنـەگریش مرۆڤـە و خـاوەن حـەز و ویسـت و ئیحساسـی خۆیـەتی. زەحمەتـە نـەهێڵی خۆشەویسـتیی و عیشـقی خـۆت بـۆ شـاعیرێك ، پـتر لاوانـەوە و پێداهـەڵگوتن و ستایشـی ناشـەرعی لـە سـەر حیسـابی دەقـی شاعیرێك کە ڕەنگ بێ وا بە جۆش شەیدایی نەبیت، ڕوودات و لە بـن دەسـتت دەرچـێت. نووسـەر زۆر هەوڵیـداوە ئـەم (٢٥) شـاعیرەی تێکستەکانیانی لێ خوازتۆتەوە بـە یـەك چاو تەماشا بکات و ئەوەنـدی

---

[١]) د. عبدالقادر حمدامین محمد. بنیاتی کارنامە لە دەقی نوێی کوردیدا. ل: ١٦٥

بۆی کرابێت پێی لەجەرگی خۆی ناوە تا نەهێڵێت یەکێکیان بەسەر ئەوی تردا فەزر بکات. کاتێ ئەو پرسیارەم ئاراستەکرد:" بۆ هێندێ شاعیر سێ، یان چوار دەقی شیعری لێوەرگیراوە؟" وەڵامەکەی هەر ئەوە بوو :" کە ناوەرۆکی بڕگەکە گونجاوتر و ئەکادیمیانەتر لەگەڵ ئەو دەقە شیعرەدا گونجاوە و تا کتێبە تەواو نەبوو، نەمزانی بوو هەر شاعیرەی چەند دەقی پەڕیبووە نێو کتێبەکە، چونکە من دەقی باشم مەبەست بووە پتر لە خودی ناوی شاعیرەکە." –کۆتایی قسەکەی نووسەر- گوتراویشە کە : " مرۆڤ دەبێت لەسەر خوێندنەوەی خۆی هێندە وەهم بۆ خۆی نەخوڵقێنێت."[1]

## ٤. پراکتیزەکردن لە نێوان میتۆد و تیۆریدا

## (Practising Between the Method and Theory)

هێندێ جار پرسیاری سەیر و سەمەر ، سەبارەت بە نووسین ، لە مێشکی ڕەخنەگر و خوێنەردا دەتەقێتەوە، ڕەنگ بێ تۆش ڕۆژێك پرسیارت کردبێ : "ئەرێ ( دوور لە ڕووی ئێوە) نووسەری فێڵکەر هەیە؟" بە مەزەندەی من ، ئەوە دەستەرۆکردنی خوێنەرە کاتێ لە پێشەکی نووسینێکدا دەبینی نووسەر ئیدعای ئەوە دەکات کە فلان میتۆدی کردۆتە ئامرازی داڕشتن و دەربڕینی بابەتەکەی، وەلێ کە لە

---

[1] ) ڕۆژنامەی ڕەخنەی چاودێر / ژ. ٤٨٧ لە ١٣ - ١٠ - ٢٠١٤ / ل: ٨

خوێندنــەوەی بابەتەکـە بووتــەوە ، دەبینیـت ئـەو نووسـینە ، دوور و نزیك ، کەم و زۆر ، هیچی نەچۆتەوە سـەر ئـەو میتـۆد و ڕێبـازەی کـە کاکی نووسەر لە بن گوێی ئێمەدا خوێندبووی! ڕەنگ بێ ئەمە بەسـەر خوێنـەرێکی زۆر سـادە تـێ بپەڕێنـدرێت ، بـەڵام خوێنـەری بەسـەلیقە دەزانێت چ جۆرە هەڵخەڵەتاندنێك لـە دێـڕ و نێـوان دێڕەکانی ئـەو جۆر نووسینەدا خۆیان حەشارداوە.

د. ئازاد ئەحمەد لـە لاپـەڕەی (٣)ی چاپی دووەمـی کتێبەکەیـدا دەنووسـی: "**لەم کتێبەدا، کە هـەوڵی میتـۆدی شـێوازگەرییە و دەق دەباتــەوە نــاو شێوازی زمان. ئەم کارە وکردەیە لەسەر هەردوو دیوی ئاست و ئاراستەدا پراکتیککراوە و تـا ڕادەی تین و توانام بەجێمهێناوە. ،.........، میتۆدێك لەگەڵ بەرانبـەرەکانی : بەرانبەری وەك دەقە شیعرییە وەرگیراو و بەکاربردراوەکان هاوئاسـتانە دەکەوێتـە ڕووبەڕووبوونەوە و پرسیاری دەمارگر و توندەوە، دواتر لـە پێکهاتــە و جیهــانبینی پرسیارەکاندا لەسەر هەردوو دیوی ئاست و ئاراستە لە شیلەی تێگەیشتنێکی ڕوونــدا وەك دەسـتپێکێکی واتــادار لــە خــاڵی هاوشـێوە و ناکۆکـدا ئاشـتیان دەکاتــەوە و دەیا نخاتە باری پرسیاری گۆڕانکار و نوێخوازیەوە.**"[١]

زۆر جوانـە ! بـا ئێسـتا ئێمـە ڕەخنەکارانـە، ناوئـاخنی ئـەم وەعـد و پەیمانە - کە میتۆدی نووسەرە — خووردکەینەوە ، بێلایەنانە ، بەهای ڕاستگۆیی ئەو لە پڕاکتیکتیزەکردنی ڕێبازەکەیدا دەستنیشان بەکـەین

---

[١]) د. ئازاد ئەحمەد مەحموود. بونیاتی زمان لە شیعری هاوچەرخی کوریدا. ل: ٣

و  بزانین تیرو کەوانی دەستی چەندە بڕی کردووە و کوردیش دەڵێ:" *کردار شەرتە !"*

دیسان بۆ  ڕێگرتن لە سەر لێشێواندنی خوێنەرانم، وا بەم چەند نووکە قەڵەمە بۆچوونەکانم دادەڕێژمەوە:

***ا)* لەم کتێبەدا، هەوڵی میتۆدی شێوازگەرییە و دەق دەباتەوە ناو شێوازی زمان:**

ئەمە وەك مانگی چوارە دیارە ، هەم لە شیکردنەوەی ( میتۆدەکە)یدا و ، هەم لە (شێوازی زمان)ی کتێبەکەدا. **چۆن؟** بەشی یەکەمی  کتێبەکە بەم ناو نیشانەیە:" *دەسەڵاتی زمان  لە بونیات و یەکە و پێوەندیدا"*[1] جا لەم بەشەدا (١٧) بڕگە بە قەبارەی (٩٦) لاپەڕە لە ژێر (٣)  تەوەردا  شیکراونەتەوە و کاریان لەسەر کراوە. (داوای لێ بووردن دەکەم کە ناکرێ هەموو بڕگەکان لێرەدا نمایش بکەم  - بڕوانە(  ل. ل.  ٩ - ٩٦).

***ب)* ئەم کارە و کردەیە لەسەر هەردوو دیوی ئاست و ئاراستەدا  پراکتیککراوە:**

لە  سەر ئاستدا، پێ بە پێ نووسەر هەوڵیداوە بەرەو گەیشتن بە جەوهەری (شێوازگەرایی) هەنگاو بنێت و باشیش لێی سەرکەوتووە و نیشانەکانی دەست ڕاستانە پێکاوە. **چۆن؟** لە بەشی دووەمی

[1]) د.  ئازاد ئەحمەد مەحموود. بونیاتی زمان لە شیعری هاوچەرخی کوریدا. ل:  ٩

کتێبەکەیدا ، تەوەری یەکەمی ( کە شێواز و شێوازگەرییە) کردۆتە تەواوکەری بەشی یەکەمی کتێبەکە. ل. ١٠٢. بۆ مەسەلەی ئاراستەش ، (٥٧) لاپەڕەی بەشی سێیەمی کتێبەکەی بۆ تەرخانکراوە ، بەناوی ( ***هێندێ دیاردەی هونەری و شێوازگەری لە زمانی شیعری هاوچەرخی کوردیدا*** " کە (١٥) بڕگەیە.. ل. ١٦٩ – ٢٢٢)." زمان لە ئاراستەی خۆیدا بارگاوی کراوە، هەر بۆیەش واقیعی زمانەوانی، یان خیتابی زمان بەسەر دوو جۆردا دابەش دەکرێت: یەکەمیان: ئەو خیتابەیە کە خودی خۆی هەڵیگرتوو و بارگاوی نەکراوە . ئەوەی دیکەیان هەڵگری سۆز و وروژاندنە."[1]

### ج) لەباری پرسیاری گۆڕانکار و نوێخوازیەوە:

ئەگەر بادەینەوە سەر تەوەری دووەمی بەشی دووەمی کتێبەکە، دەبینین ، نووسەر زۆر ڕاستگۆیانە ئەوەندی بۆی کرابێت هەوڵیداوە قەرەی خۆی لە قەرەی گۆڕانکاری و نوێخوازی شیعری کوردی بدات. بێگومان وەك ڕەخنەگر نەك وەك داهێنەری گۆڕانکاری و نوێخوازی. ناونیشانی تەوەرەکە: ( **چەمکی شێواز لە هزری نوێخوازاندا** ) ، ئەمە زۆر بە جوانی لە تەوەری سێیەمیشدا ڕەنگی داوەتەوە. نووسەر ئیمانی بە

[1] ) پ .ی. د. هیمداد حسین. دەروازەیەك بۆ ڕەخنەی ئەدەبی کوردی. ل: ٦٥

گوتەکـەی (نقێـر !)ی هەیـە کـە دەڵێـت:" نـەزانینیی نـەگۆڕ و جـەهلی نەگۆڕ یەك شتە."[1]

## ٥. لە خواستننەوەوە بۆ بەخشین

## (From Borrowing to Lending):

لە لێکۆڵینەوەی ئەکادیمیدا بە گوێرەی ،

(Referencing - The Harvard System)

گرنگـە بەخوێنـەرەکانت بڵێیـت کـە سەرچـاوەی ئـەو بۆچـوون و بیرۆکانەی باست لێوەکردوون لە کوێت هێنـاون ، دەنـا ئـەوان خـەیاڵیان بۆ ئەوە دەڕوات کە فێڵیـان لێدەکـەیت، یـان بەرهـەمی خـەڵکانی تـر دەکەیتـە مـاڵی خـۆت و بـەوانی دەفرۆشـیتەوە. لـە فەرهـەنگی کـاری ئەکادیمیدا، ئەمە پێیدەگوترێت (دزیکردن لـە ژێـر عـەبای خەڵکدا - الانتحـال - Plagiarism -) کـە لـە یاسـای چـاپەمەنیدا تـاوانێکی گەورەیە و سزای بە دواوە دێت ، جا ئەمـە هـەر کۆپیکردنی بیرۆکـەی خــەڵکانی تــر ناگرێتــەوە ، بــەڵکو لــە قاڵبگرتنــەوە و جوینــەوە و

[1] ) ڕۆژنامەی هەولێر . ژ ٢٠٠٠ لە ٢٠/ ١٠/ ٢٠١٤ ل: ١٧

دارِشتنەوەشیان بە هەر رەنگ و ڕوخسارێك بێت - بەبێ ئاماژەکردن بە سەرچاوەکەی- کارێکی حەرام و تابۆیە."[١]

د. ئازاد ، بەو پەڕی پرۆفیشینالیەوە، بایەخ و کاریگەری سەرچاوە و ژێدەری ، بۆ لێکۆڵینەوەکەی، زانیوە. لەسەر گوتوکەی (Michael Sheen) ، کاری کردوە کە دەڵێت: "ئەوەی لە لای من وادەکات پتر چێژ لە کاری هونەری وەربگرم ئەو هاوکولتووریی و هاوسەرچاوەییە کە هەمیشە بەدوایاندا وێڵ و عەودالم."[٢]



Michael Sheen

بۆیە لە کتێبە (٢٣٩) لاپەڕەیەکەیدا ، (٢١٢) سەرچاوەی هەمەرەنگی بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی و فارسی و زمانە ئەورووپاییەکان و (٢٦) سەرچاوەی

---

[١] http://education.exeter.ac.uk/dll/studyskills/harvard_referencing.htm

[٢] http://www.brainyquote.com/quotes/keywords/references.html#wt8B78B6uRgqClVw.99

دەقـــــــــــــى نموونـــــــــــــەکان، بـــــــــــــەکارهێناوە.
بێگومـان زۆربـەی هـەرە زۆری توێـژەر و لێکۆڵـەر و نووسـەرانی تـریش هەروایان کردووە و د. ئازاد داهێنەری ئەم ڕەوتە نییە. ئەوەی کە مـن هەڵم هێنجابێ لە کانیلەی ئەم نووسینەدا ئەویە کە ئەم نووسەرە:

*ا) بـە زمـانێکی هێنـدە ڕەوان و خـۆش و نـەرمونیان وەرگێراوەکـانی (Quotations) کردۆتـە کـوردی، کـە هەسـتی پـێ ناکـەی لـە زمـانێکی غەیرە وەرگێرابێ.*

*ب) بـۆ پاراسـتنی رۆحـی زاراوە بێگانییـەکان تەفـەنونی زۆر کـردووە و هـەولێ باشـی داوە بـە سـەلامەتی بیانگەێنێتـە بەردەسـتی خوێنـەر. لـە شوێنی پێوەیستیشدا بە زمانی عەرەبیش مورادیفەکەی نووسیووە.*

*ج) هێنـدە بـە دیقـەت و وردبینییـەوە نـاوەرۆکی سەرچاوەکانی لەگـەڵ رۆحی بابەتەکەی خۆی تێکەهەڵکێش و ئاوێتـەکردە ، هـەر دەڵێـی دوو رۆحن لە یەك جەستەدا. گوتراوە باشترین بەرگدروو ئەو کەسـەیە کـە چاکەتێکی ڕەش بە داوی سپیی بدروێت و نەهێڵێت یەك تەقـەڵی سـپی دیار بێت. نووسەر لێرەدا دەوری ئەم بەرگدرووەی بینیوە !*

*د) بـە ئەمانەتـەوە ئامـاژەی بـە خانـەخوێی سەرچـاوەکان کـردووە و لەمەشدا ئەکادیمیانە پەیڕەوی*

(Referencing - The Harvard System) *ی کردوە.*

ماوەتەوە گوژمە تیشێك ، بە ئەمانەتەوە ، بەخەمە سەر خالێكی جەوهەری ئەم برگەیە، کە د. ئازاد هاوكێشەی بەکارهێنانی سەرچاوەكانی لە (خواستنەوە بۆ خواستنەوە)، (خواستنەوە بۆ پرکردنەوە ) گۆڕیووە بۆ ( لە خواستنەوەوە بۆ بەخشینەوە)، بەلگەی سەرکەوتنیشی لەم کارە ئەو داخوازییە زۆرەیە لەسەر کتێبەكەی بە تایبەتی لە لایەن مامۆستا و زانكۆییەكانەوە. هاوسەنگی لە پرۆسەی خواستنەوەی سەرچاوەدا لە نێوان چەندایەتیی و چۆنییەتیدا بە قەد هاوسەنگی نێوان وشە و واتای وشە گرنگە. " ناكرێ چەمكێك، یان تیۆرێكی بێگانە كتومت بەسەر دەقێكدا جێبەجێ بكرێ، چەمكەكە ئەگەر تازەش وەك قالبێكی زانستی خۆی نیشاندابێ، ئەوا وەك میكانیزم و كلیلێك هێندێ لایەنی تاریكی تێگەیشتنی دەقی پێ ڕوون دەكرێتەوە." [1]

(Shepard Fairey) جوانی گوتووە كە دەڵێت: "كارەكانی من هونەری درێژكردنەوە و قالبوونەوەمە لە نێو زمان و ئاخاوتندا، چوون لەوێدا سەرچاوەكان ئۆقرەدەگرن." [2]

---

[1] ) ڕۆژنامەی هزرو هونەر. ژمارە ١١٦ – لە ١٤ / ١١ / ٢٠١٤ ل: ٢

[2] ) http://www.brainyquote.com/quotes/keywords/references.html#wt8B78B6uRgqCIVw.99

## ٦. ستراتیژیەتی وورووژاندن




نووسەری بەتوانا و دەستڕەنگین و سنعاتکار، هەمیشە کە قەڵەم دەگرێتە دەست و دەیەوێ بابەتێك بنووسێت، یەکسەر دیمەنە سەرنجراکێشەرەکانی پەردە بە پەردەی شانۆگەرییەکانی (Shakespear) ی دێتەوە بەرچاو، کە چەند وەستایانە هەوڵیداوە ستراتیژیەتی وورووژاندن بەکاربێنێت، نەك بۆ ئەوەی نەهێڵێت بینەرەکانی لە شانۆدا خەویان لێبکەوێت بەڵکو بۆ ئەوەی خواخوایان بێت زوو پەردەیێکی نوێ هەڵبدرێتە و دیمەنێکی سەرنجڕاکێشتر ببین من وەك خوێنەرێك، هەستدەکەم خوێندنەوەی کتێبی ( **بونیاتی زمان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا** ) چێژێکی خۆشم پێدەبەخشێت، بەڵام چێژی ئاڵوز، یان چێژی شاخەوانە کێوە عاسییەکان. وەك پێشتریش گوتم خوێندکارێکی پۆلی حەوت و هەشتی بنەرەتی دەرەقەتی ناوەرۆکی ئەم کتێبە نایەت . جا تا

خوێنـەرێکی وەك منـیش تاقـەتی لێنەچـێت. نووسـەر سـتراتیژیەتی ورووژانـدن و تینـووکردنی بـەکارهێناوە، سادەتر بڵێین، دەتـەوێ زوو بە زوو بڕگەیەك کۆتایی پێبێنیت، تا بزانیت لە بڕگەی دواتردا دەنـگ و باس چییە.. ڕەنگ بێ بەخوێنەری قەڵبگران، ئـەم کتێبـە بـە ئاسانی ئەزمنەکرێت، وەلێ بۆ ئەوانەی بەدوای واتـای قووڵـدا دەگـەڕێن کارەکـە بـە پێچـەوانەیە بۆیـە ڕەخنـەگرێکی مـەزنی وەك پڕۆفیسـۆر دکتـۆر (عزەددین مستەفا ڕەسووڵ) لـە کاتی گفتوگۆکردنی لەمـەڕ تێـزی ئـەم دکتۆرنامەیە، گوتویەتی:" ئەم تێزە لە تێـزە هەرەباشـەکانە ، کـە مـن لـە گفتوگۆکانیـدا بەشـداربووم."[1] بۆیـە (میشـێل ڕێڤـاتیر !) دەڵێـت:" شێوازگەریی لە ڕێگەی بونیادە تایبەتییەکانی زمانـەوە دیاری ناکرێت، کە دەبنە هۆی لادان، بـەڵکو بەوردبوونـەوە و ڕوانین لـەوەی ئـەو بونیـادە تـا چـەند لـە لای کەسـی بەرانبـەر وروژان دروسـت دەکـا و وەریدەگرێ." [2]



پرۆفیسۆر د. عزەدین
مستەفا ڕەسووڵ

---

[1] ) گۆڤاری ئەکادیمی. ژمارە ١٤ . ل: ١٠٦

[2] ) پ .ی. د. هیمداد حسین. دەروازەیەك بۆ ڕەخنەی ئەدەبی کوردی. ل: ٧٠

## بەشی دووەم

## بازدان بەسەر چاڵەکاندا

## *یان پاکنووسێک بۆ چاپی سێیەم*

## Leaping Over the Pits

## Or a Draft for the 3rd Edition

کورد دەڵێت:" بێڵە قوڕی دەستی قوڕکێش لە چاوی خەڵکدا سووکە." ڕەنگ بێ خوێنەری ئەوی ئەمڕۆ باش سەری لەم گوتەیە

دەرنەچێت. جاران لە شار و لادێکانی کوردستاندا، ، کە دەبووە سەرەتای پاییز ، لە کۆڵانەکاندا قوڕێکی زۆری تێکەڵکراو بە کا ، بۆ سوغدانەوەی سەربان، دەگێرایەوە و چەند شەو و ڕۆژان بە پا ئەو قۆڕەیان دەشێلا ، جا سندووقکێش بە سندووقی سەر پشتی ئەو قۆڕەی دە بردە سەربان. قۆڕکارێك سێ چوار بێڵ قۆڕی دەکردە ناو سندووقەکەی سەر پشتی سندووقکێش، جا دەبوایە هەموو جارێ بێڵە پڕ قوڕکەشی بە قەد باڵای کابرای سەندووقکێش بەرزکاتەوە و بیکاتە ناو سندووقەکەوە. دەزانین، کە قۆڕ زۆر قورسە ، بۆ کابرایێکی پیادە ڕێ، کە ئەم دیمەنە دەبینێ وا هەست دەکات کە کاری قۆڕکێشیی زۆر خۆش و هاسانە، وەلێ گەر پێی بڵێیت دەوەرە یەك دوو بێڵە قۆڕم بۆ تێکە ، ئەوجا کاتێ لموزی بێڵەکە لە قۆڕەکە گیردەکات ، تێدەگات کە ئەم کارە چەندە سەخت و قورس و گرانە! نووسینیش کتومت وەکو قوڕکارییە، تا قەڵەم نەگریتە دەست و دوو سێ لاپەڕە ڕەشنەکەیتەوە نازانی عەزابی ئەم عەزابە چەند ناخۆش و بەگرفتە! بۆیە (باسترناك !)دەڵێت:" نووسین عەزابە و شەونخوونی لەودا ، بە ئێش و ئازارە"[1]

---

[1] ) جريدة طريق الشعب . عدد : ٦٦ في ١١ - ١١ ـ ٢٠١٤ ل: ١٢

هەمیشە کە نووکی خامەم بۆ ڕەخنە و ڕەخنەکاری دادەتراشم ، ئەوە دەهێنمەوە بیر خۆم ، تا خوانەکا بە ناهەق ، نووسەری ڕەخنە لێگیراو، زامدار بکەم و ویژدانم ئازارم بدا و ڕوو ڕەشیش بم بەرانبەر خودا و خەڵك !

سەرەڕای ئەو ڕاستییەی سەرەوە، خاڵێك هەیە نابێ چاوانی لێبپۆشین! نووسەری ئەم کتێبە ، لە پشت ئەم نووسینەیدا ، چەندین پەیامی هەڵگرتووە - وەکو پێشتریش ئاماژەمان پێدا — کەواتە دەبێ منیش لێرەدا، وەك ڕەخنەگر هەڵگری پەیامی خۆم بم . پەیامەکەی من لێرە و لە هەرشوێنێ پەیوەست بێ بە ڕەخنەکاری ئەمەیە: حەزدەکەم و کاردەکەم بۆ ئارایشتکردنەوەی ڕەخسارە جوانەکانی جوانیی، چونکە هەرگیز ڕەخنە لە دیدی مندا زامدارکردن و پلار و تەشەر نییە. ڕەخنە لە لای من زانستیی ئێستێتیکایە، " ئێستێتیکا ئەو ئامانج و پێوەرە کۆن و هاوچەرخەیە ، بە تایبەتی ئیستێتیکای فۆڕم ، کە دەتوانین بە ئیعتبار وەری بگرین و شوناسێکی نوێ لێ هەڵێنجین بۆ ئەدەبەکەمان. ئیمڕۆ فۆڕم و سیمبۆڵەکانی زمان بوونەتە میحوەری لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و ڕەخنەییەکان." [1]

[1] ) گۆڤاری گەلاوێژ - ژ ٥ - ساڵنامەی ١٨ مین فیستڤاڵی گەلاوێژ ٢٠١٤ ، ل: ١٤٦

خوێنــەری ئــازیز ، ئــەوەی کــە لــەم بڕگەیــەدا دەیخوێنیتــەوە ، نمایشکردنی هێندێ هەڵـە و کـەم و کوڕیی و درزی بچووك بچووکە — کــە ڕەنــگ بێــت نووســەر تــا ڕادەیــەك ، لێشــیان بێبــەری بێــت - ئەگــەر ئێمــەش خــاوەنی سیســتمێکی ئــەلیکترۆنیی و کۆمپیوتــەریی سەردومییانە بین

(Electronic and Computerized System)، ئـەوا بـە یـەك دوو کلیکلی سەرە پەنجە، زۆربەی زۆری ئەم هەڵـە و کـون و کەلێنانـە چـاك دەکرێنــەوە. سیســتمی نووســینی وڵاتــانی ڕۆژئــاوا و پێشــکەوتوو، بــە ئەقڵی کۆمپیوتەر کاردەکات . لـە دوا لاپـەڕەی کتێبێـك دا نووسـرابوو ، گەر لە هەڵەیەکی ئەم کتێبەدا ، ئاگادرمان بکەنەوە — با فاریزەیـەکیش بێت- دوو هەفتە داوەتان دەکەین بۆ شاری لەنـدەن![١] ئـەوان بـێ منـەتن، چونکە دەزانن کتێبەکەیان خاوین چاپکراوە.

بــۆ هاســانکردنی کــاری بژارکردنەکــە، ئــەم بەشــە بەســەر ئــەم (٩) مانشێتانە دابەش دەکەم:

١) خاڵبەندی .

[١] Readimg oxford for class two - Intermediate school. 1962 P. 88

٢) تۆماركردنی ناوی كەسەكان.

٣) وەرگێڕانی زاراوە و مرادیفەكانی.

٤) هەڵەی زمانەوانی و ڕێنووسی ئینگلیزی

٥) ناونیشان بە زمانی تر.

٦) دیسان پێرست.

٧) هێڵكاریی و وێنەكاریی.

٨) تۆبۆگرافیای كتێبەكە.

٩) پەراوێزەكانی كتێبەكە.

## یەك: خاڵبەندی (Punctuation Marks):

خاڵبەندی ئەتەكێتی خوانی چاوە و مێشكە. وەك چۆن لەسەر سفرەی مێزی ئوتێلێكی پێنج ئەستێرەدا ، دانان و نمایشكردنی چەقۆ و چەتاڵ و پەرداغ و كەلوپەلەكان ئەتەكێتی تایبەتی خۆیان هەیە و دەستلێدانیان جوانی سفرەكە دەشێوێنێ و میوانەكان باش چێژ لە خواردنەكە وەرناگرن، ئا! بەهەمان شێوە دەست لێدانی بە هەڵە لە شوێنی فاریزەیەك چێژی خوێندنەوەت لێ تێكدەدات . چونكە ناتوانیت لە مانای و یستراو تێبگەیت وەك ( خوشكەكەتان ژنی

کامتانه – وه – خوشکه "کەتان" ژنی کامتانه.). کتێبی (**بونیاتی زمان له شیعری هاوچەرخی کوردیدا**)به بەراورد لەگەڵ زۆر کتێبی کوردی تردا، خاڵبەندییەکی ورد و جوانی بۆ کراوه. بەڵام ئەوه ئەمە ناگەیێنێت کە هیچ تاسه و چاڵی تێدا نییه. خاڵبەندیی کتێبەکە ، پێویستیی بە پێداچوونەوەی وردتر هەیە.

نموونەی (١):

پێم سەیره کە لە یەکەمین پەرەگرافی (**پێشەکی بۆ چاپی دووەم**) ئەم جۆره خاڵبەندییه نائەکادیمییانەی بۆ کرابێت!

ئەمە دەقی پەرەگرافەکەیه وەك خۆی:

*" ئەم لێتۆژینەوەیەی لە ناوەرۆك و ڕایەڵ و پێکهاتەیدا میتۆد و کێشەکانی میتۆد و جیهانبینی میتۆدی هەڵنەگرتبێت ، (فاریزه) دواتر جیهانبینی میتۆدەکە بەڕوونی و کاریگەر و مۆرکەوه لەشێوەی پراکتیککردندا ڕانەگەیەنێت و پەخشی نەکات.(نوقتە) تەنیا پیت و وشەو ڕستەیە لە سەر ڕووبەری ئاڵوواڵای کاغەز و کاریگەریی و مۆرکێك جێناهێڵێت. (نوقتە)"*[1]

---

[1]) د. ئازاد ئەحمەد مەحموود. بونیاتی زمان له شیعری هاوچەرخی کوریدا. ل: ٣

وای بەباش دەزانم ئەم پەرەگرافە بەم شێوەیە خاڵبەند بکرێتەوە:

*" ئەم لێتۆژینەوەیەی لە ناوەرۆك و ڕایەڵ و پێکهاتەیدا ، (فاریزە) میتۆد و کێشەکانی میتۆد و جیهانبینی میتۆدی هەڵنەگرتبێت ، (فاریزە) دواتر جیهانبینی میتۆدەکە بەڕوونی و کاریگەر و مۆرکەوە ، (فاریزە) لەشێوەی پراکتیککردندا ڕانەگەیەنێت و پەخشی نەکات ، (فاریزە) تەنیا پیت و وشە و ڕستەیە لەسەر ڕووبەری ئاڵوواڵای کاغەز ، (فاریزە) هیچ کاریگەریی و مۆرکێك جێناهێڵێت. (نوقتە)"*

نموونەی (٢):

لە لاپەڕە (١٥)دا نووسراوە:

" ئەگەر پرسیاری شێواز چییە و پێکهێنان چییە؟ (نیشانەی پرس) بینینە ئاراوە، (فاریزە) ئەوە لە ڕێگای زمانەوە وەڵامەکان بەدەست دەکەوێت.(نوقتە)" [١]

ناکرێ بەم شێوەیە نیشانەی پرسیار(؟) لێرەدا دابنێین، خۆ ڕستەکە ڕستەی پرس نییە. دەبێ خاڵبەندییەکە بەم شێوەیە بێت:

---

[١]) د. ئازاد ئەحمەد مەحموود. بونیاتی زمان لە شیعری هاوچەرخی کوریدا. ل: ١٥

*" ئەگەر پرسیاری شێواز چییە و پێکهێنان چییە ، (فاریزە) بینینە ئاراوە ، (فاریز) ئەوە لە ڕێگای زمانەوە وەڵامەکان بەدەست دەکەوێت.(نوقتە)"*

یان دەکرێ بنووسین:

*" ئەگەر پرسیاری : (جووتخاڵ) شێواز چییە و پێکهێنان چییە؟ (نیشانەی پرس) بیبینە ئاراوە، (فاریزە) ئەوە لە ڕێگای زمانەوە وەڵامەکان بەدەست دەکەوێت.(نوقتە)"*

نموونەی (٣):

لە لاپەڕە (٣٣) دا هاتووە:

"لە پانتایی ئەدەبدا بونیاتی شاراوەی واتا دیاردەیەکی پڕ لە ڕایەڵی زمانییە.(نوقتە)"[١]

واجوانترە بۆ سڕینەوەی لێڵی داڕشتنەکە ، بنووسرێت:

*"لە پانتایی ئەدەبدا ( بونیاتی شاراوەی واتا )- جووت کە وانە- دیاردەیەکی پڕ لە ڕایەڵی زمانییە.(نوقتە)" .*

---

[١]) د. ئازاد ئەحمەد مەحموود. بونیاتی زمان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا. ل: ٣

یان:

*"لـه پانتـایی ئەدەبـدا ، (فـاریزە) بونیـاتی شـاراوەی واتـا ، (فـاریزە) دیاردەیەکی پڕ لە ڕایەڵی زمانییە.(نوقتە)"*

*یان:*

*" بونیـاتی شـاراوەی واتـا، (فاریزە)لـە پانتـایی ئەدەبـدا ، (فـاریزە) دیاردەیەکی پڕ لە ڕایەڵی زمانییە.(نوقتە)"*

ئەمەیش شیاوە گەر بنووسین:

*" بونیـاتی شـاراوەی واتـا — (تەقەڵ)لـە پانتـایی ئەدەبـدا - (تەقـەڵ) دیاردەیەکی پڕ لە ڕایەڵی زمانییە.(نوقتە)"*

نـاکرێ ، بەنـدە ، دێـڕ بـە دێـڕی کتێبەکـە ، بـۆ نیشـاندانی هـەموو ئـەو ڕستە و دەستەواژانەی کە خاڵبەندیی وردتریـان گەرەکـە، بنووسـێتەوە. دڵنیـام کـە خاڵبەندچـیی بـاش دەتـوانێ پەنجـەیان لەسـەر دابنێـت و تیماریان بکات.

**دووەم: تۆمارکردنی ناوی کەسەکان**

**(Recording the Proper Names):**

له دوتوێی ئەم کتێبەدا ناوی دەیان زانا و پسپۆڕ و ئەدیب و شاعیر و مامۆستا....تاد ، هاتووە . لە ئاماژەپێکردنی ناوەکانی کوردی و عەرەبی و فارسی و تورکیدا هیچ کێشە و بەربەستێك نییە، ئەگەر بە ڕێنووسێکی دروست بنووسرێن. کێشەکە لە تۆمارکردنی ناوە بیانییەکانی ترە. بەداخەوە تاکو ئێستا ئەم کێشەیە وەك نەخۆشییەکی زکماکی ڕێنووسی زمانی کوردی ڕەگی داکوتاوە و تەشەنەی کردووە و کەم قسەی لە سەرکراوە .

بێگومان کە نووسەرێك ئاماژە بە ناوی کەسێك دەکات و دەیکاتە ژێدەری باسەکەی نە بۆ خاتری چاوی ڕەشی ئەوە و نە بۆ دیمەنسازی نووسینەکەیەتی، بەڵکو ئەم ئاماژەپێکردنە پەیامێك، یان چەند پەیامێکی تێدایە. خوێنەر هەیە دەیەوێت کەسی ئاماژە پێکراو باشتر بناسێت و بەرهەمەکانی بخوێنێتەوە . خوێنەر هەیە دەیەوێ لە بنج و بنەوانی ئەو سەرچاوە بکۆڵێتەوە بەدوایدا بگەرێت. ئەم گەڕان و کنە و پشکنینە کاتێك زانستییانە ئەنجام دەدرێت کە ڕێنووسی ناوی ئەو کەسە بەڕاست و دروستی لەبەر دەست دابێت. جا ئەگەر کەسەکە بێگانە بوو و ناوەکەی هەر بە ڕێنووسی کوردی بوو ئەوە زۆر زەحمەتە بۆ کەسانی نەشارەزا بتوانن لە کتێبخانە و ئینتەرنێت و سەرچاوە ئیکلترۆنییەکاندا بە هاسانی بیاندۆزنەوە. ئاخر تۆ نازانی ڕێنووسی ناوی(ارشیباد مکلیش و روستریفور هاملتون و هیلمان سالنجر) چۆن

بـه زمـانی خۆیـان دەنووسـرێن. بۆیـە دەبێـت ئـەم جۆرە ناوانـە بـە ڕێنووسی زمانی ئەسڵی خویان بنوسرێن و وا ئەکادیمییانەتریشە ساڵی لـە دایـك بـوون و وەفاتیشـی لەگەڵدا تۆمـار بكرێت. لێرەدا تـۆ كلیلـی گەڕان و سۆراغكردن بە خۆڕایی تەسلیمی كاكی خوێنەر دەكەیت.

د. ئازاد هەمان هەڵەی نووسەرانی پێش خـۆی دووبارەكردۆتـەوە — هەرچـەندە نـاوە هەوڵیشـیداوە ناوەكـان بـە ڕێنووسـی بیـانی بنووسـێتەوە - وەلـێ نەیكردۆتـە ڕێچـكەی كارەكـەی بۆیـە ئـەم حاڵەتانەش دەبینین:

*ا) زۆربەی ناوە بیانییەكان هەر بە ڕێنووسی كوردی نووسراوەن.*

ب) *لـە ڕێنووسـە كوردییەكەشـدا* ، هەڵەیـەكی گـەورەتر كـراوە، ناوەكـە چـۆن لـە سەرچـاوە عەرەبییەكـە هـاتووە ، كتومـت وایـان نـەقڵ كردۆتەوە. بەبێ ئەوەی بیهێننەوە سەر ڕێنووسی كوردی . بۆ نموونـە لە زمانی عەرەبی دا پیتی (پ) نییە و ئەوان دەیكەنە پیتی (ب) بۆیە دەنووسن (جۆزیف بولیـەت) یـان سـەیركە پـیتی (خڕەتـا) چۆن لـەو نـاوەدا بـە كـار هـاتووە لـە نـاوی: (رینیـة ویلیـك). دەبوایـە د. ئـازاد بنووسـیت (جۆزیـف پۆلێـت) وە ( رینیـە وێلیـك) . چـونكە عـەرەب دەنووسـێت ( جـان پـیر ریشـارد) ئـەویش وەك خـۆی شـكڵ نووسـی كردۆتـەوە. لـە كاتێكـدا دەبـێ بنووسـرێت ( ژان پـییر ریچـارد

ئێمـه هـەموو (فـۆنیمی) نێـو (فۆنـەتیکی) زمـانی (J. P. Richard ئینگلیزیمان هەیە جا بۆ بەکاریان نەهێنین؟

بە ڕای من ئەگەر ساڵی لە دایك بوون و وەفاتەکەش لـە پـاڵ ناوەکـە دا بنووسـرێت ئـەوا هـەم ئاشـنای سـەردەمەکەی دەبـین و هـەم ئەگـەر کەسـێکی تـر هـەڵگری هـەمان نـاو بێـت جیـای دەکەینـەوە.( بڕوانـە لاپەڕەکانی (١٢، ١٧ ،٤٠، ٥٠ ، ٥٠، ٦٥).

## سـێیەم: وەرگێـڕانی زاراوە و مرادیفـەکانی

## (Translating of the Terms & Their Synonyms):

ئەلهەقی د. ئازاد زۆر وەستایانە کاری کردووە بۆ بە کوردی کردنی زاراوە و چـەمکە تایبەتمەنـدەکانی بـازاری ئـەدەب و ڕەخنـە. وەلـێ، چونکە زاراوەکان زۆرن و بە ناشکوری نـاڵێم تـاکو ئێستا کـورد نەبۆتـە خـاوەن فەرهـەنگێکی یـەکگرتووی پەسـندکراو و چـونکە نووسـەریش پسپۆڕیی زمانی ئینگلیزی نییە — هەرچەندە شارەزایشی لـەم زمانـەدا هەیە - ئاساییە کە لێرە و لەوێ هێندێ وردە هەڵە بێنە بەرچاو.

هەر بۆ نموونە:

له لاپەڕە (٣٤)، زاراوەی (لۆژیك) بەكار هاتووە له شوێنی تریشدا بۆ هەمان زاراوە ( بیرژیری) بەكارهاتووە ، وا باشترە هەر زارەوەیەك یەك بەرانبەری هەبێ تا خوێنەر سەرگەردان نەبێت.

لاپەڕە (٣٥) دا نووسینێكی نەوازەم هاتەبەرچاو هیوادارم ، چاوپێداخشانەوەیەكی بۆ بكرێت. نووسراوە:

"له ڕێگای واتاییێكی لێكسیكی خوازەیی.......... هەڵوەشاندنەوەی یاسای سینتاكسی...... "

لاپەڕە (٦٤)دا هاتووە:

جووتەكی و دووایەكی (الثنائیات) (Doubles) . لێرەدا زاراوەی (دووایەكی) پێویست ناكات، چونكە ( جووتەكی) ماناكەی جوان پێكاوە.

لاپەڕە (٨٠) دا ئەمە هەیە:

"ئەو هاوسەنكییە له پێكهاتە و توون (Tune)دا ڕوودەدات." كوردی بۆ زاراوەی(Tune) ، وشەی (ئاوازە) بەكاردەهێنێ ، زاراوەكەش بە فۆنەتیكی ئینگلیزی/ tʃu:n / دەخوێندرێتەوە وەك وشەی (كێو) نەك (تیوون).

**لـە لاپـەڕە (١٧٣) و لـە شـوێنی تـریش نووسـراوە ( فرێـزی) ،خـۆ ئێمـە (دەستەواژە)مان هەیە بۆ ئەم زاراوەیە و ڕۆژانە بە کاری دێنینن بۆ بـە کوردی نەبێ؟**

**لاپەڕە (١٧٤): گەڕانەوەی دوایی (Final) ، بکرێت بە (کۆتـا گەڕانـەوە) جوانتر و شیاوترە.**

**لاپەڕە (١٧٥): (Progressive) نابێتە پلەدار، (Graded) لەبارترە.**

**لاپـەڕە (١٧٩): (Contradiction) نابێتـە (جـووت جەمسـەر) دەبێتـە (دژبەیەك).**

**لاپـەڕە (١٨٥) دا نووسـراوە (گوتـەو فـزە Utterance) ، وشـەی (فـزە) لێرەدا زیادە.**

**لاپـەڕە (٢١٧): (Complex Cumulation) بکرێتـە (Mixed Cumulation)شیاوترە.**

**لاپـــــەڕە (225): (Resigned) نابێتـــــە (ســـــەربەخۆ) دەبێتـــــە ( لێخراو)، یان (خانەنشینکراو).**

**لاپەڕە (٢٢٦): (Two-fold) ، (دوو هێندەیی) نەك ( دوانەیی).**

**چـوارەم: هەڵـەی زمانـەوانی و ڕێنـووسی ئینـگلیزی**

**(English Typing Errors):**

**ئەمە گوناحەکەی پتر دەکەوێتە ئەستۆی کاکی یان خانمی پیتچن و پیتلێدەر(Typist)، بەڵام خوێنەر هەر شانەیەکە لەسەری نووسەردا دەشکێنێتەوە. کەسی شارەزا لەم بوارەدا، دەتوانێت پاکنووسێکی جوانی کتێبەکە بکاتەوە . ئەمانەی خوارەوە مشتێ نموونەی هەڵەکانن:**

(Poetic Image) نەك (Poeticimage) لاپەڕە (١٩).

(Motif Unit) نەك (Motifunit) لاپەڕە (٣١).

(Signifie) نەك (Signfre) لاپەڕە (٣٤).

(System) نەك (Systeme) لاپەڕە (٤٤).

(Theme) نەك (Ttheme) لاپەڕە (٥٣).

(Awating) نەك (A waiting) لاپەڕە (٥٦).

(Disagreeing) نەك (Disagreaing) لاپە ڕە (76).

(Repetition) نەك (Repitition) لاپەڕە (٧٧).

(Stick into) نەك (Stick in to) لاپەڕە (117).

(message) نەك (messge) لاپەڕە (127).

(Spoken Language) نەك (Spoken Luaguag) لاپەڕە (135).

(Folk) نەك (falk) لاپەڕە (١٥٧).

(Pronunciation) نەك (pronuncation) لاپەڕە (١٦٧).

(Theology) نەك (The ology) لاپەڕە (١٨٦).

(Irregular) نەك (Irreguler) لاپەڕە (214).

(Definition) نەك (Definnition) لاپەڕە (٢١٥).

**پێنجەم: ناونیشان بە زمانی تر**

**(The Titles in Other Languages):**

**دەکرێت لە پەراوێزی بیرۆکە و ناوئاخنی نمایشکراودا، لێکۆڵینەوەی ئەکادیمیی – کە کارێکی قورس و گشتگیر و بەرپرسیارانەیە- چەندین پەنجەرە و دەلاقە بە شێواز و دیمەن و داهێنانی فرە ڕەنگەوە، لە هەیکەلە مەزنەکەی پێکهاتە و بابەتەکانیدا، بکاتەوە و ناراستەوخۆیانە خزمەتی پڕۆژە زانستییەکەی خۆی بکات. یەك تاقە وشە ، هێندێ جار، دەبێتە ڕایەڵەی بیرۆکەی کردنەوەی دەروازەی چاوەڕوان نەکراو و سەرنجڕاکێشەر. لێکۆڵینەوە تا دەوڵەمەندتر بێت بە کەرەستە و توخم و ڕەگەز و بنەما**

جەوهەرییەکانی  نووسین و دارشتن ، ئەوا خوێنەری بەهرەمەند دەتوانی باشتر مەلە و باسکە مەلە لە گۆلاو و  چۆمەکانی مەعریفەیدا بکات.

بۆ کتێب و کتێبخانەکانی زمانی کوردی — کە تا ئێستاش  قۆناغی دەڵەمەیی چاپ و چاپەمەنی- تێنەپەڕاندوە، باشترە  و  بە پێویستی دەزانم، لە  پالْ  شا-ناونیشانەکان و  لقە سەرەکییەکانیاندا، بەرانبەرەکەی  بە زمانی ئینگلیزیی، یان  لاتینی بنووسرێت تا:

(١) هەم ببێتە  تیشکێکی لاوەکی  بۆ باشتر ڕووناککردنەوەی بڕگەی بابەتەکە.

(٢) هەم بۆ ئاشناکردنی خوێنەر -  بەتایبەتی  تازە پێگەیشتووەکان- بە چەند زاراوە و چەمك و وشەیەکی بیانی، واتا دوو نیشانە بە تیرێك!

ئەوەی لەمەڕ ئەم مەسەلەیەوە ، لەم کتێبەدا ،  سەرنجی ڕاکێشام ئەم تێبینییانەی خوارەوەیە  کە هێندێکیان دەچنە خانەی کەمتەرخەمی دانەری کتێبەکەوە:

ا) زۆربەی ناونیشانەکان هەر بە زمانی کوردین بەبێ موورادیفی زمانی تر.

ب) هێنـــدێکیان زاراوە ئینگلیزییەکـــەی لەگەڵدایـــە، بـــەڵام جێگـــەی تێڕامانن:

*١. هەیە بە یەك تاقە وشەی بێگانە بەسەرکراوەتەوە. وەك:*

⋆ زمان و پانتایی دەمامك (Mask). لاپەڕە (٢٦).

⋆ زاراوەی هونەری ریتم (Rhythm). لاپەڕە (٧٢).

⋆ گەڕانەوەی دوایی (Final) . لاپەڕە (١٧٤).

لێڵییێك لێـرەدا هاتۆتـە ئـاراوە، بـۆ نموونـە : ئایا زاراوەی (Mask) ، بـە مانای (زمان و پانتـایی دەمامـك) دێـت؟ یـان هـەر زاراوەی (دەمامـك)؟ ئایا وشەی (Rhythm) ، مانای (هونەری ڕیـتم) دەدات؟ یـان هـەر بـۆ وشەی ( ڕیتم) بەکارهاتووە؟

*٢. هێندێ جا ر دوو وشە بەکارهاتووە. وەك:*

⋆ وێنەی شیعری (Poetic Image) لە ناوەندی زماندا. لاپەڕە (١٩).

⋆ یەکێتی بابەت (Motif Unit) ی شیعر لـە ناوەنـدی زمانـدا. لاپـەڕە (٣١).

⋆ پەیوەندی ئۆڕگانیکی ڕیـتم (Rhythm) و کێشـی شـیعر(Meter). لاپەڕە (٧٨).

⋆ زمان و ئەفسانە (Fable , Myth). لاپەڕە (٢٣).

ڕەنگ بێ خوێنەر هەبێ وا بزانێت (Fable , Myth)، واتا (زمان و ئەفسانە) دەگەیێبێت!

جگە لەمەیش وشەی (Fable) بە مانای ئەفسانە نایەت و زاراوەی (Myth) ماناکەی جوان پێکاوە.

*٣. لە هێندێ لاپەڕەدا، زاراوەکان زانستییانە داندراون هەر وەك ئێمە گەرەکمانە شوێنی خۆیان گرتووە و دەستخۆشی دەوێ. وەك:*

- گەڕانەوەی بەرایی (Primitive Repetition) . لاپەڕە (١٧٠).
- کەڵەکەبوونی سادەیی (Simple Cumulation) . لاپەڕە (٢١٠).
- کەڵەکەبوونی تێکەڵاو (Complex Cumulation)

  لاپەڕە (٢١٧).

*٤. ناونیشان هاتووە بە زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی: وەك:*

- دەقی ئەدەبی لە بابەتییەتی بونیادگەریدا.
( الموضوعية البنيوية)
(Structural Objectivity). لاپەڕە (٦٤).

- دەق لە بونیادگەری پێکهاتندا (البنيوية التكوينية)
(Constitutional Structural)

دیاردەی تاك زارەوەیی بیگانە ، پەڕیوەتەوە تخووبی پێرستەکەی کتێبەکەش ، کە پێویست ناکات. وەك:

- شێواز (Style) و شێوازگەری (Stylistics). لاپەڕە (٢٤٨).

وەك ئاماژەمان پێدا و لێرەشدا جەختدەکەمەوە کە وا باشترە ناونیشانەکان پاڵپشتی زاراوەی بێگانەشیان هەبێت جا چ بە زمانی ئینگلیزیی بێت و چ بە زمانێکی زیندووی تر. وەك:

- زمان و ئەفسانە (Language and Myth) .

- زاراوەی هونەری ریتم
(The Term of the Art.of Rhythm)

- چییەتی زمانی شیعریی.
(Essence of Poetic Language)

## شەشەم: دیسان پێڕست (The Content Again) :

هەرچەندە پێشتر سەرێکمان بە پێرستەکەی ئەم کتێبە داگرت، بە پێویستی دەزانین ئەم بژارکردنەشی بۆ بکەین، بەو هیوایەی لە چاپی سێیەمدا ، ئەم کەم و کوڕییانە سێبارە نەبنەوە.

هێندێ ناونیشانی مەتنی کتێبەکە جیاوازیان هەیە لەگەڵ ئەوەی لە پێڕستەکەدا تۆمارکراوە. دەبێ تایەکییان ڕاستبکرێتەوە و تەنیا نووسەری کتێبەکەش مافی ئەوەی هەیە بەم ئەرکە هەڵسێت، چونکە خۆی دەزانێ کام ناونیشان شیاوترە و کامیانی مەبەستە، وەك:

مەتن: پێشەکی بۆ چاپی دووەم. لاپەڕە (٣).

پێڕست: پێشەکی چاپی دووەم. لاپەڕە (٢٤٨).

**مەتن:** دەسەڵاتی زمان لە بونیات و یەکە و پێوەندیدا . لاپەڕە ( ٩).

**پێڕست:** نییە.

مەتن: زمانی بونیات لە ڕایەڵەکانی کولتووریدا. لاپەڕە (٢٩).

پێڕست: زمانی بونیات لە ڕایەڵەکانی کولتووردا. لاپەڕە (٢٤٨).

مەتن: یەکێتی بابەتی شیعر لە ناوەندی زماندا. لاپەڕە (٣١).

پێڕست: یەکێتی بابەتی شیعر لە ناخی زماندا. لاپەڕە (٢٤٨).

مەتن: دەق لە نێوان بونیاتگەر و زماندا. لاپەڕە (٣٨).

پێڕست: دەق لە نێوان بونیاتگەری زماندا . لاپەڕە (٢٤٨).

**مەتن:** چەمکی شێواز  لە لای نوێخوازان. لاپەڕە (١١٨).

**پێڕست:** چەمکی شێواز لە هزری نوێخوازاندا. لاپەڕە (٢٤٩).

مەتن:   زمانی شیعری تازە و گەڕان بەدوای یاسای نوێدا. لاپەڕە (١٥٦).

پێڕست: زمانی شیعر و گەڕان بەدوای یاسای نوێدا. لاپەڕە (٢٤٩).

مەتن:  دەسەڵاتی زمان لە دیاردەی  هونەری هەڵوەشاندنەوە. لاپەڕە ( ٢٢٢).

پێڕست: دەسەڵاتی زمان لە دیاردەی  هونەریی هەڵوەشاندنەوە. لاپەڕە ( ٢٤٩).

وا پێدەچێت کە چاپی دووەمی ئەم کتێبە هیچ پێداچوونەوەیەکی بۆ نەکرا بێت، دوای ئیزافەکردنی پێشەکییەکەی چاپی دووەم ، هەر لە سەر (CD) یەکەی چاپی یەکەم کۆپیکراوەتەوە.

## حەوتــەم: هێـڵكاريی و وێنــەكــاريی

## (Diagrams and Photos) :

نكـوڵی ناكرێـت، كـە ئـەم پێشـكەوتنە زانسـتییانە و داهێنانــە تەكنۆلۆژیای سەردەمییانەی ئەمڕۆ چەندە خزمەت بـە مرۆڤایـەتی و ژیـان و بـوون دەكـەن. خۆشـبەختانە، سـنعەتی چـاپ و چـاپەمەنی پشــكێكی باشــی ئــەم داهێنانــەی بەركــەوتووە. بەرنامــە تازەكــانی كۆمپیوتـەرو داهێنانـە سەرسـوڕهێنەرەكانی جیهـانی ئینتـەرنێت ، بـە تــەواوی ڕووی كاغـەزیان گۆڕیـوە و وێنــە و نەخشـە و دیـزاینی هێنــدە تازەبـاو و سەرنجڕاكێشـەریان هێناوەتــە ئــاراوە ، كــە مرۆڤــ تووشــی حەپەسان دەكات.

مەخابن، نووسـەر و دانەری كتـێبی كوردی تـا ئێسـتا وەك پێویست ئـەم زانسـت و هونـەرەی چـاپكردنی بـۆ بەرژەوەنـدی كتێبـە بەرهـەم هاتووەكانی خۆی نە قۆزتۆتەوە و سوودی تەواوی لێوەرنەگرتوون.

ئــەمڕۆ توێــژەر و لێكۆڵــەری بــە توانــا، دەتــوانن زۆر لــە زانیارییەكانیان، بـە خشـتە و نەخشـە و هێڵكـاری و وێنـە و دیـزاینی جوان جوان بخەنەڕوو. گوتراوە یەك وێنە دەتوانێ (٤٠٠٠٠) وشەت بـۆ بگەڕێنێتەوە.

د. ئازاد لەم کتێبەیدا دەیتوانی باشتر خزمەت بەخوێنەرانی خۆی بکات. جا لەبارەی ئەم مەسەلەیەش ئەم سێ خاڵەم هەڵکڕاندووە:

*ا) کتێبەکە تەنیا (٦ ) سکێچی هێڵکاری تێدایە. مەبەست و نیشانەی خۆیان پێکاوە، هەرچەندە نووسینی وێنەهێڵکارییەکەی لاپەڕە (٩٨) زۆر وردە و دەبوایە فۆنتەکەی درشتتر بێت.*

*ب) وێنە هێڵکارییەکان ناونیشانیان لەسەر، یان لە ژێردا نییە و لە پێرستیشدا ئاماژەیان بۆ نەکراوە.*

*ئەم (٦ ) هێڵکارییە کەوتوونەتە بەشی نیوەی دووەمی کتێبەکە. واتا نیوەی یەکەم هیچ وێنە و نەخشە و هێڵکاریی بۆ نەکراوە.*

*بە بۆچوونی من ئەم بابەتانە بواری هێڵکارییان زەحمەت نییە: (ڕیتم و کێشی شیعر /مۆسیقای شیعر / بارگاوی بوونی شیعر بە ڕەمز / لێڵی / کەڵکەبوونەکان)*

*ج) بەداخەوە ، ئەم کتێبەش وەك زۆربەی کتێبە ڕەخنە - ئامێزەکانی کوردی هەتیووە لە وێنەی فۆتۆگرافی. چەند جوان دەبوو و چەندەش خوێنەر زەوقی پێدەهات گەر فۆتۆی هێندێ لەو کەسانەی بوون بە پاڵەوانی کتێبەکە نمایشکرابوونایە، وەك:*

*(فێردیناند دی سۆسێر، بۆری ئیخنیوم، جاکبسۆن، جولیا کریستیفا ، تۆدرۆڤ ، ئەرستۆ ، گوران ، عەلائەدینی سەجادی ، جاحظ ، گیوموکریانی ، شێرکۆ بێکەس، حەسیب قەرەداغی......تاد.)*

## هەشتەم: تۆبۆگرافیای کتێبەکە

**(The Book’s Tobograpgy):**

"چۆنیەتی دابەشبوونی وشەو پیتەکان بە سەر لاپەڕەدا گرینگییەکی زۆری هەیە لەسەرنجراکێشانی خوێنەر بۆ واتای دەقەکە و بەرجەستەکردنی دەقەکە لە ئاستی ڕێنووسدا."[١] کەواتە ئەوە تەنیا ناوەرۆك و کەرەستە و پێکهاتە زانستییەکانی نێو کتێبەکە نییە، کە دەبنە هۆکاری ورووژاندنی هەستەوەرەکانی خوێنەر، بەڵکو چەندین وردە شتی شاراوە هەیە کە ناڕاستەوخۆیانە کاریگەری خۆیان هەیە لەم مەسەلەیەدا. کتومت وەك چراو ڕووناکی و شەوق و دەنگ و مۆزیك و وێنە و دیمەنەکانی ڕێستورانتێکی پێنج ئەستێرەی کارتێکردنی خۆیان هەیە لە تام و چێژی ئەو شتانەی کە لەوێدا دەخورێن و دەخورێنەوە!

هەرچەندە زاراوەی (Tobography) لە بابەتی جوگرافییەدا ، بۆ وەسفکردنی ڕووی زەوی دێت ، لە شاخ و داخ و پێدەشت و بیابانـدا،

---

[١]) گۆڤاری ئەکادیمی. ژ. ١٤. ل. ٤٣

دەكرێ ئێمەش بۆ وەسفی ڕووی دەشتایی لاپەڕەكانی كتێب بەكاری بێنین.

یەكێك لە تایبەتمەندییەكانی سیحری چاوی مرۆڤـ ئەوەیە ، كاتێ تۆ سەیری شتێكی دیاری كراو - بۆ نموونە ڕوخساری ڕووی دەموچاوی منداڵێك - دەكەی ، ناتوانی دابەش دابەشی بكەیت و هەرجارەی چاوانت لە گۆشەیەكیدا سنووردار بكەی. بەواتایەكی تر ، تۆ سەیری هەر هەموو دەموچاوەكە دەكەی وەك پێكهاتەیێكی یەكگرتووی دابەشنەكراو. كەواتە چاو، بەهەمان فەلسەفەیی زانستیی بینینەوە، سەیری ڕووی كتێبێك دەكات.

پنتە دەستنیشانكراوەكانی من، لە شیتەڵكردنەوەی تۆبۆگرافییای ئەم كتێبیەدا ، ئەمانەن:

*ا) چونكە وێنە و نەخشە و هێڵكاری ڕووبەرێكی كەمی كتێبەكەیان داگیركردووە، بە هاسانی لە ڕووماڵی تۆبۆگرافی ئەودا دەبینین كە دیزاینی ناوەوەی زۆر هێمن و ڕۆحسووك و خوێنشیرین دێتە بەر دڵان و هونەریی لەخۆئاخافتنی جوانی ناوەرۆك هاوسەنگ كراوە لەگەڵ ڕوخسارە بەرجەستەكراووەكەیدا. وەك نموونەیەك با سەیرێكی لاپەڕە (٩ )ی كتێبەكە بكەین و دیقەت بدەینە چونییەتی هارمۆنیكردنی*

***(٥ ) جۆرە فۆنتی جیاواز بە مەبەستی گەیاندنی (٥ ) پەیامی جیاواز بە خوێنەر . ئەمەی خوارەوە دەقی بەشێکی لاپەڕەکەیە:***

**بەشی یەکەم** ........................(١)

**دەسەلاتی زمان لە بونیات و یەکە و پێوەندیدا........(٢)**

**تەوەری یەکەم:**

**بونیاتی زمان و یەکەکانی پێکهاتنی دەقی شیعر.................(٣)**

(١)دەسەلاتی زمان و شیعر: ..................... (٤)

بنەڕەتترین ئامانجی زمان گەیاندنە. ...تاد............(٥)

**جا کاتێ هەر لەم تەوەرەدا ، دێتە سەر خاڵی (٢) دەبینین بە فۆنتی ژمارە (٤)ی سەرەوە نووسراوە. کەواتە ڕێکخستن و تەنسیقێکی لەبار و بەئاگا لە دیزاینەکەدا پەیرەوکراوە و پسۆڕانی ئەم بابەتە لە پەیامەگە تێدەگەن. بڕوانە لاپەڕە (١٩). دیسان لە تەوەری دووەمی هەمان بابەت لە لاپەڕە (٣٨) دا دەبینین فۆنتی ژمارە (٣)ی سەرەوە بەکارهاتووە.**

***ب) یەکەمین تێکستی شیعری لە لاپەڕە (٨٨ )دا نمایشکراوە. بۆ تیشك خستنەسەر دەقەکە، فۆنتی ڕەش (Bold) بەکارهاتووە کە ئەرکی***

ئەو، سەرنجڕاکێشانە(Highlighting) . بەڵام لە نێوان لاپەڕە (٨٩ ) وە (٩٠ ) دا لێکترازانێك، یان درزێك ڕوویداوە، نە دەبوو دوو دێرە شیعری یەك قەسیدە لە ڕووێك و ( ١٠ ) دێرە تەواوکەرەکەی لە ڕووێکی تری پەڕەیەکی تردا تۆمار بکرێت.

ج) گوتمان ئەو هێڵکارییەی لاپەڕە (٩٨ ) زۆر وردە و وا باشترە بە فۆنتی هەراشتر بنووسرێتەوە.

د) چوار کۆپڵە شیعری دڵشاد عەبدوڵڵا لە لەپەڕەی (٢٠٤ -٢٠٥) بەم شێوەوەی خوارەوە لەتکراوە

- - - - - - - - - - - - - -

- - - - - - - - - - - - - -

کە پەسند نییە ، دەکرێت هێمای (★ ★ ★) یان هێمای (+ + +) لە جیاتی ڕێزەتەقەڵ (– – – – – – - ) بەکار بێت.

هـ) لە لاپەڕە ( ٢٠٧ - ٢٢٨) زۆر بەرێکوپێکی و ئەمانەتەوە دیزاینی دەقە شیعرەکانی کە وەك نموونە وەرگیراون نەخشێنراون ، هەر بۆ نموونە دەقە شیعرەکەی شێرکۆ بێکەس لە لاپەڕە (٢٢١ )دا؛

**نازانم ئەز چۆنیان لە یەکتر جیاوەکەم؟**

***نازانم ئەز چۆنیان لە یەکتر***

***نازانم ئەز چونیان ..***

***نازانم ئەز ..***

***نازانم..***

***نا***


شێرکۆ بێکەس

***و) کە کۆتای دوا پەرەگرافی بابەتێك دەکەوێتە نیوەی لاپەڕەکە، لە بەشە سپییەکەیدا هیچ نەنوسراوە و بابەتی تازە پەڕیوەتەوە لاپەڕەیەکی نوێ، کارێکی جوان و پەسندە و بایەخدان بە بڕگەیی تازەبابەت نیشاندەدات.***

***ی) لەبارەی تۆبۆگرافیای بەرگی کتێبەکە بە هەردوو دیویەوە: بەرگی چاپی دووەم ڕەنگی زەیتونییە و لە چارێکی خوارەوە پشتێنێکی مۆری بە ئەستورایی (٨ ) ملم بە خەتێکی ڕاست کێشراوە.***

**بەرگی پێشەوە بە سێ رەنگی کاڵ مانشێتەکەی لە نێو چوارچێوەیەکی سپیی باریك، لەسەر نووسراوە و جگە لە لۆگۆیەکی**

بچووکی ئەکادیمیای کوردی ، لە گۆشەی دەستە ڕاستی سەرەوەیدا هیچ شتێکی تر بوونی نییە.

بەرگی پشتەوەش سادەیە و لە خوارەوە لۆگۆیەکەی ئەکادیمیا و (لەبڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی – هەولێر – ٢٠١٢) بەولاوە هیچی تری لەسەر نییە. جوانتر بوو کە بەزمانی ئینگلیزی، یان لاتینی ناونیشانی کتێبەکە لەوێدا تۆمار کرابوایە و دەکرا وێنەیەکی دانەرەکەش هەبووایە!

لەبارەی شێوازی نمایشکردنی سەرچاوەکانیش ( نەك ناوەڕۆك)، پرەنسپیلەکانی زانستی سەرچاوە نووسین پەیڕەوکراوە و هیچ کەم و کوڕییەك نابینرێت .

قسەشمان لەسەر پێرستەکە کردووە پێویست ناکات بادەینەوە سەری.

## نۆیەم: پەراوێزەکانی کتێبەکە (The Footnotes):

پەراوێز ئەو مشتە زانیارییانەیە کە بە فۆنتێکی وردتر لە دامێنی لاپەڕەدا تۆماردەکرێت. لە ڕووی ئەکادیمییەوە وەك شایەتحاڵێکی گوتارە بەیانکراوەکان حیسابی بۆ دەکرێت و هەم بە پەنجەرەیێکی بچووکی دیوەخانە گەورەکەی سەرچاوەکان دادەندرێت .

زانیارییەکانی پەراوێز دوو جۆرن:

*یەکـــەمیان، پەیوەســـتە بـــەو زانیارییانـــەی سەرچـــاوەکەی لـــێ هەڵێنچـراوە. شێوازی تۆمـارکردنی ئـەم سـەرچاوەیە ، یاسا و ڕێسا و قوتابخانەی خۆی هەیە ، کە دە بێ توێژەرو لێکۆڵەر ڕێزی لێبگـرن و زانسـتییانە و ڕاسـتگۆیانە پـەیڕەوی بکـەن. زۆربـە ی جـار ئـەم پەراوێزە بە ژمارە ڕێزبەند وەردەگرێت.*

*دووەمیـان، کـەمتر پێوەنـدی بەسەرچـاوەوە هەیـە. نووسـەر ئـەم پـەراوێزە دەکاتـە دەلاقەیـەك بـۆ تیشـك خستنە سـەر هێنـدێ خاڵـی لاوەکـی ، کـە نایـەوێت مـەتنی لاپەڕەکـەی پـێ بخنکێنێت و سـەر لـە خوێنەر بشێوێنێت. زۆربەی جار ئـەم شێوە پـەراوێزە بـە ئەستێرە (*) هێمای بۆ دەکرێت.*

کتێبی ( **بونیاتی زمان لە شیعری هاوچەرخی کو ردیدا** ) هەردوو شێوازە پەراوێزەکەی تێدایە، کە پای لاپەڕەکانی کتێبەکەیان چیمنەڕێژکردووە. لە کۆی (٢٤٩) لاپەڕەکەیدا (١٩٢) لاپەڕە پەراوێزی هەیەو (١٤)دەشیان، ئەستێرە هێمان - * — کە ئەمەش نیشانەی دەوڵەمەندی سەرچاوەکانە - زۆرینەی پەراوێزەکان ئاماژەیە بۆ سەرچاوە عەرەبییەکان، دوایی کوردییەکان، دواتریش ئەوانەی زمانی بیانی.

سەرنجم لەم بڕگەیەدا ئەم سێ خاڵەیە :

١) پەراوێزە کوردی و عەرەبی و ئەستێرە هێمایەکان، زانستییانە داڕێژراون و پەیڕەوی دەستووری پڕەنسپیلەکانی پەراوێزنووسینیان کردووە.

٢) لە لاپەڕە (٢٠٨) دوو ژمارە لە تەنیشت یەکتری بۆ یەك بڕگە داندراوە. ئەمە پەسند نییە . دەبێ ئەوەی دووەم بکرێت بە هێما - ئەستێر (★).

٣) گشت پەراوێزەکانی بە زمانی ئینگلیزی فەرەنسی تۆمارکراون جۆرە بێسەروبەرییەکیان پێوە دیارە، باشتر دەبوو ئەم فۆرمەلە ساندەرە پیڕەو بکرابوایە :



(نـاوی نووسـەر + سـاڵی چـاپ + ناونیشـانی کتێـب + دەزگـای پـەخش + شوێنی دەرچوون.)

یان بەم دەستوورە:

(ناوی نووسەر + ناونیشانی کتێب + دەزگای پەخش + شوێنی دەرچوون + ساڵی چاپ)

لاپەڕە (٣٥):

(1) Crystal, D. A Dictionary of Langustics and Phonetics Blackwell, London 1991, 3ed pp.33.

دەبێ بنووسرێت:

(1) Crystal, D. A Dictionary of Langustics and Phonetics, Blackwell, London, 1991, 3rd P.33.

لاپەڕە (٣٦):

(3)Bateson.F.W. English Poetry, Acritical Introduction, London, 1950 pp.51.

دەبێ بنووسرێت:

(3)Bateson.F.W. English Poetry, A Critical Introduction, London, 1950, P.51.

**لاپەڕە (١٤٧):**

Louis Hjelmslev the Applications of Lingustica to the Study of poetic language, p, 862.

**دەبێ بنووسرێت:**

Louis Hjelmslev the Applications of Lingustica to the Study of poetic language,(city?) , (year?) P. 862.

**لاپەڕە (١٦٧):**

Princeion, Encyclopedia of Poctry and Poctics, Enlargal, Macmillan, p.699

**دەبێ بنووسرێت:**

Princeion, Encyclopedia of Poctry and Poctics, Enlargal, Macmillan ,(city?) , (year?) P .699

**لاپەڕە (١٧٩):**

(1) Crystal, D. ADictionary of Langustics and Phonetics, p7.

**دەبێ بنووسرێت:**

(1) Crystal, D. A Dictionary of Langustics and Phonetics,(city ?) , (year ?) ,P.7.

**لاپەڕە (١٨٠):**

(1) W.  Empson. Seven Types of Ambiguity, p4.

**دەبێ بنووسرێت:**

(1) W.  Empson. Seven Types of Ambiguity,(city ?), (year ?),  P.4.

**لاپەڕە (١٨٦):**

(1) W.  Empson. Seven Types of Ambiguity, p. 3, 45, 133, 155.

**دەبێ بنووسرێت:**

(1) W.  Empson. Seven Types of Ambiguity,(city ?), (year ?),  P.P. 3, 45, 133, 15.

**لاپەڕە (١٩٦):**

G. Granger, Essai Doune  PhilosoPhical Style, p187, 216

**دەبێ بنووسرێت:**

G. Granger, Essai Doune Philosophical Style,(city ?), (year ?) , P.P.  187, 216.

لاپەڕە (١٩٧):

(1) V.L. Lemis, Materialisim and Empiriocriti, P. 437.

دەبێ بنووسرێت:

(2) V.L. Lemis, Materialisim and Empiriocriti, (city ?), (year ?), P. 437.

## لـە پـەراوێزی کتێبـەکەدا (At The Book Margin):

دوای ئەم گەشتە پڕ هەوراز و نشێوە بە نێـو سروشـتی مەعریفـەکانی ئەم کتێبەدا، ئەم سـەر قـەڵتارە ئەنجامانـە دەکەمـە دیـاریی. دەبـی دان بـەم حەقیقەتەشـدا بێـنین کـە "*بـەهای ئامـانج، پێـوەری بڕیـارێکی زانـراوە کـە خـاوەن چەسـپاوییەکی ڕێژەییـە، تـاك، یـان کۆمـەڵ، لـە ڕۆشـنبیریی و سـەردەمێکی دیـاریکراودا پێـوەی پەیوەسـت دەبـن، تـا بەهۆیەوە، ویستراو و نە ویستراو لە شتەکان و هەڵوێستەکانی ڕەفتـاردا دیاری بکەن.*"[1]

---

[1]) مجله زانکۆ سلیمانی الجامعه - عدد ٩ / ٢٠٠٢ عومەر ئیبراهیم عزیز . ل. ٢٠

***یەك: کتێبەکە گەنجینەیێکی ساغکراوەی ئەدەبی کوردییە. کەرەستەی بە پێزە بۆ بابەتی ڕەخنە و ڕەخنەکاریی و سەرچاوەی متمانەپێکراوە بۆ خوێندنەوەی بابەتی شێوازگەری و بونیاتگەری و زمان و زمانی شیعریی. ئەرشیڤێکی دەوڵەمەندی بونیاتی زمانی شیعری کوردی ساڵەکانی (١٩٨٥ - ٢٠٠٥) ە.***

***دوو: نووسەر شێوازی نووسینی خۆی بەسەر دەربڕینە ئەکادیمیی و مەعریفییەکاندا سەپاندووە . ناراستەوخۆیانە، وەك پەیامێك بەهرە و تواناسازیی خۆی نمایشکردووە زۆر هەوڵیشی داوە جیاواز بێت. باکگراوندی منداڵی و هەرزەکاری و گەشت و گەڕانی، لە زاراوە و ئاخاوتنی شێوازەکەی دا ڕەنگدانەوەی تایبەتمەندییەتی خۆی پێوە دیارە. چونکە" شێواز لە سایکۆلۆژیەتی نووسەر و تێکست دایە، لە کۆتایشدا بۆ خوێنەر، یان وەرگرە." .[١]***

---

[١] ) د. عەبدولقادر حەمەئەمین محەمەد، بنیاتی کارنامە لە دەقی نوێی کوردیدا، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، چاپخانەی تیشك، ٢٠٠٨. ل: ١٧٦

سێ: دەکرێ بۆ چاپی سێیەم:

ا) بازنەی نموونە شیعرییەکان فراوانتر بکرێت، بە جۆرێك تخووبی کوردستانی باشوور ببەزێنێت و پەل بۆ بەشەکانی تریش بهاوێت ، کە کەڵە شاعیری لوتکەیان زۆرە.

ب)چاوپێداخشانەوەیەکی وردتر، بۆ ئەم کەموکورِییە ئاماژە پێکراوانەی لەم لێکۆڵینەوەیەدا باسمان کردوون بکرێت.

چوار: پێویستە ئەم کتێبە بکرێت بە (e - book) ولە رِێی ئێنتەرنێتەوە دابگیرێت ، تا خوێنەر لە هەر شوێنێك بێت دەستی پێرِابگات. وا باشترە، چاپی سێیەم باخەڵێکی بۆ (CD)ی کتێبەکە هەبێت.

پێنج: واباشترە کە فەرهەنگۆکەیەك بۆ زاراوەکان بە زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی دروست بکرێت وەك پاشکۆێك.

شەشەم: واباشترە نووسەری کورد پابەند بێت بە فەرهەنگێکی زاراوەی یەکگرتووی زمانی کوردی و- تا بۆیان دەکرێت - خۆیان زاراوە دانەتاشن .

*حەوتــەم: نابێــت هــەموو دیقــەتی دانــەری کتێــب هــەر لەســەر ناوئاخنەکەی بێت ، دەبێ ڕێز لە لایەنی هونـەری پێرست و پـەراوێز و سەرچاوەش بگرێت و پابەند بێت بە دەستوور و  یاساکانی.*

★★★

**کۆتا گوتارم بە گوتویەکی  د. یادگار شارەزووری قوفڵ دەدەم کە** *دەڵێت:" خوێندنــەوە  کردارێکــی  دینــامی  بەردەوامــە و دەق خــۆی ئاشکراناکات و هەموو نهێنییەکانی نادرکێنیت تا ئەو کاتەی دووبارە چاوی پێدا نەخشێنرێتەوە لە سیاقی دووبارە خوێندنەوەیدا، بۆیە ئەزموونی خوێندنــەوەی یەکەم دەبێتــە ئاسۆیەك بـۆ خوێندنــەوەی دووەم. ئــەوی خوێنــەر وەریگرتــووە لــە دووتــوێی ئاسـۆی بــەردەوام بەرەوپێشچووی سەرنجی ئیستاتیکاییدا، ئامادە دەبێت بۆ  لێدەربڕین لەدوو توێی ئاسۆی دووبارە کرداری، ڕاڤەی  کتومتی حەرفی."*[١]

---

(١) http://www.xebat.net/detail_articals.php?id=18467&z=29&l=1

# ســـەرچـاوەكــان

لە ڕیزبەندیدا (د. پ.) پەیڕەو نەكراوە.

(١) د. ئازاد ئەحمد مەحموود، بونیاتی زمان لە شیعری هاوچەرخی كوردیدا، چ٢، لە بڵاوكراوەكانی ئەكادیمیای كوردی، چاپچانەی حاجی هاشم، هەولێر. ٢٠١٢.

(٢) د. ئاسۆ عومەر مستەفا، بەها ئێستاتیكییەكانی شیعر، دەزگای موكریانی، چاپخانەی خانی، دهۆك، ٢٠٠٩.

(٣) ڕۆژنامەی چاودێر، ژمارە ٤٨٧، ١٣/ ١٠/ ٢٠١٤.

(٤) ڕۆژنامەی هەولێر، ژمارە ٢٠٠٠، ٢٠ / ١٠/ ٢٠١٤.

(٥) ڕۆژنامەی هزر و هونەر، ژمارە ١١٦، ١٤/ ١١/ ٢٠١٤.

(٦) طريق الشعب، عدد ٦٦، سنة ٥ ، ١١/ ١١/ ٢٠١٤.

(٧) د. عەبدول قادر حەمەئەمین محەمەد، بنیاتی کارنامە لە دەقی نوێی کوردیدا، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، چاپخانەی تیشك، ٢٠٠٨.

(٨) د. عەلی تاهیر حوسێن، ڕەخنەی بونیادگەری لە تیۆرەوە بۆ پراکتیزەکرن- ڕەخنەی شیعری کوردی بە نموونە، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سایمانی، ٢٠٠٨ .

(٩) د. عوسمان دەشتی، لەبارەی بەنیاتی زمان و شێوازی شیعر – تێکست و لێکۆڵینەوە، بلاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٢ .

(١٠) فازیل شەوڕۆ، دەنگ لە شیعری کەریم دەشتی دا، لە

بڵاوكراوەكانی ئەكادیمیای كوردی. چاپخانەی حاجی
هاشم، ٢٠١٢.

(١١) د. فوئاد رەشید، دەقی ئەدەبی ئەدگار- چێژ- بەها، دەزگای ئاراس، هەولێر،٢٠٠٧ .

(١٢) گۆڤاری ئەكادیمی ، ژمارە ١٤، ٢٠١٠.

(١٣) گۆڤاری گەلاوێژ ، ژمارە ٥ ، ساڵنامەی ١٨مین فیستڤاڵی گەلاوێژ. ٢٠١٤.

(١٤) د. محەمەد مەعرووف فەتاح، زماناوانی ، بڵاوكراوەكانی ئەكادیمیای كوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠٠١

(١٥) د. محەمەد مەعرووف فەتاح، لێكۆڵینەوە زماناوانییەكان — كۆكردنەوە و ئامادەكردن شێروان حوسین خۆشناو و شێروان میرزا قادر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠٠١.

(١٦) مەسعوود محەمەد، زاراوەسازی پێوانە، لە چاپكراوەكانی ئەمینداریەتی گشتی ڕۆشنبیری و لاوانی كوردستان،

چاپخانەی سۆمەر، بەغدا، ١٩٨٨.

(١٧) مجله زانكۆ سليمانی الجامعه - عدد ٩ / ٢٠٠٢ عومەر ئیبراهیم عزیز .

(١٨) پ. ی. د. هیمداد حوسێن، دەروازەیەك بۆ ڕەخنەی ئەدەبی كوردی، دەزگای توێژینەوە و بڵاوكردنەوەی موكریانی، چاپخانەی دهۆك، ٢٠٠٧.

(١٩)http://izquotes.com/author/tzvetan-todorov

(2٠)http://en.wikipedia.org/wiki/Tzvetan_Todorov.

(21)http://www.theatlantic.com/entertainment/archive/2014/05/criticism-of-critical-thinking-critically-/flawed/371204

(22)Hall, Donald. "Four Kinds of Reading." Thinking in Writing. 2nd ed. Ed. Donald (23)McQuade and Robert .Atwan. New York: Knopf, 1983: 163-166. Print

(24)http://vserver1.cscs.lsa.umich.edu/~crshalizi/Mencken/criticism-of-criticism-of-criticis

(25)http://vserver1.cscs.lsa.umich.edu/~crshalizi/Mencken/criticism-of-criticism-of-criticis

(26)(Barber, Alex. (2004) "Idiolects." *Stanford Encyclopedia of Philosophy*. Retrieved 07-01-2009

(27)http://education.exeter.ac.uk/dll/studyskills/harvard_referencing.htm

(28)http://www.brainyquote.com/quotes/keywords/references.html#wt8B78B6uRgqCIVw.99

(29)http://www.brainyquote.com/quotes/keywords/references.html#wt8B78B6uRgqCIVw.99

(30)http://www.xebat.net/detail_articals.php?id=187&z=29&l=1

**کـۆتـایی کتێبـی یـەکـەم**

**٢ / ١٢ / ٢٠١٥ کۆیـە**



**كتێبی (٢)**

# خوێندنەوەیەک بۆ کتێبي

# " گوڵبژێرێک لە شیعري کوردي"

# بە زماني ئینگلیزي چاپکراوە

***(An Anthology of Kurdish Poetry)***

***Selected with an Introduction***

***By: prof. Dr. Hemdad Huseen***

## بــڕگە و تــەوەرەکــان

### بــەشی یــەکــەم

- زاراوە و پێناسەی وەرگێڕان.

- مێژووی وەرگێڕان.
- ڕەگەز و بنەماکانی وەرگێڕان.
- جۆرەکانی تەرجەمە.
- تەرجەمەی  پشتاوپشت.
- جۆرەکانی تری تەرجەمە.

**بــەشی دووەم**

- خوێندنەوەیەك بۆ  کتێبی" *گوڵبژێرێك لە شیعری کوردی*"
- *بەرکوڵ.*
- پێشەکی و هەڵبژاردە.
- مـوتـەرجیـمەکـان.

- ژیاننامەی شاعیرەکان.
- زمانی وەرگێڕانەکان.

- ئایە ئەم کتێبە پێش چاپ، پێدا چوونەوەی بۆ کراوە؟
- ناوئاخنی  کتێبەکە.
- دیزانی بەرگ.
- کەتەلۆکی چاپی کتێبی ئینگلیزیی.
- وەرگێڕەکان حەقدەستیان تەواو پێنەدراوە.
- پوختەی هەڵسەنگاندنەکە.

## بــەشی یــەکــەم

## زاراوە و پێناسەی وەرگێڕان

## (The Term and Definition of Translation):

دەربارەی دروستیی زاراوەی (وەرگێڕان و وەرگێڕ) ، وەك بابەتێكی سەربەخۆی مەعریفی و ئەكادیمی، ڕا و بۆچوونی جیاواز هەیە: هێندێك لە نووسەران وشەی (وەرگێڕان و وەرگێڕ) یان، پێ باش و پەسندە و دەڵێن ، ناكرێ ئێمە بابەتەكەمان دەربارەی ڕاگوێزانەوەی واتای زمانێك بێ بۆ زمانێكی تر، زاراوەی غەیرە زمانی خۆمانی بۆ بە كار بێنن و بڵێن بابەتی ( تەرجەمە و موتەرجیم)، لە كاتێكدا زمانەكەمان هێندە هەژار نییە كە بای ئەم زاراوانە وشەی تێدا دەست نەكەوێت.



هەژار موکریانی

لە (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە)دا بەم شێوەیە مانای وشەی ( وەرگێڕان) لێكدراوەتەوە:" ١- **ئاوەژكردنەوە، ژێر و ڕوكردن** . ٢- **باچڤەكردن**. (وەرگێڕانەوە): وەرگێڕان. (وەرگێڕ) : ١- **كەسێ كە زەوی یان هەر شتێ ژێر وڕودەكا**. ٢- **باچڤەكەر**. ٣- **تل و خول** (**هەڵگێروەرگێڕ**)." [1] بەڵام نووسەریش هەیە پێی وایە ئەم دوو وشەیە پڕ بە پێستی ئەو ئەركە نییە كە پێیان

[1] ) هەژار. فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە . ل: ٩٢٠

دەسپێردرێت و  جار هەیە نیشانەی مانایەکە ناپێکن. من بۆخۆم ، هاوڕام لەگەڵ بۆچوونەکەی  مامۆستا  عەبدوڵڵای حەسەن زادە ، کە دەڵێت:" دەڵێم کاری تەرجەمە چونکی هەم تەرجەمەم پێ لە وەرگێڕان کوردی ترە و هەم موتەرجمم پێ لە وەرگێڕ کوردی ترە. ئەگەر دیقەتان کردبێ ئەو کارانەی کە من  کردوومن لە هیچیان نەمنووسیوە وەرگێڕ فلان کەس. ئەوەی بەدەستی خۆم بووبێ نووسیومە فلان کەس کوردویە بە کوردی، چونکە وشەی وەرگێڕشان بۆ شتی دیکە هاتووە." [١] لەگەڵ ئەوەشدا ، بەندە  لەم نووسینەیدا، هێندێ جار وشەی ( وەرگێڕان و وەرگێڕ)یشی بەکارهێناوە.

بۆ پێناسەی زاراوەی (تەرجەمە) دەکرێ بڵێین: " کاری گواستنەوەی مانای دەقێکی نووسراو یان قسەیەکی زارەکییە لەڕێی وشەی هاووتادا لە زمانی سەرچاوەوە (Source Language) بۆ زمانی ئامانج (Target Language).[٢] (Roman Jakobson) لە ساڵی (١٩٥٩)

---

١( http://gulan-media.com/sorani/print.php?id=26499&section=9 توێژەر کەماڵ مەریوانی لە گەڵ عبدڵڵای حەسەن زادە.

٢( http://WWW.translationdictionary.com/articles/article2125.php

دەنووسی:"وەرگێڕان، گۆڕینەوەی پەیامەکانە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر، پەیامی زمانی سەرچاوە تۆماردەکات و دەیکوێزێتەوە بۆ زمانی ئامالج."[1] ئینگیزەکان ، وشەی (Translation) بۆ تەرجمەی نووسراو و زارەکی بەکار دەهێنن – هەرچەندە بۆ تەرجەمەی زارەکی وشەی ( Interpreting / Interpretation)) لە باوترە - ، ئەوان خودی مانای وشەکەیان لە وشەی (Translatio)ی لاتینی وەرگرتوە کە بە مانای ( لەم بەرەوە هەڵگیرێت بۆ ئەو بەر ، یان لەم بەرەوە بهێنیتە ئەو بەر) دوە دێت. دواتر ئەوان لە وشەی (Metaphrasis) و زاراوەی (Metaphrase)یان داتاشی بۆ تەرجەمەی (وشە بە وشە) و لە وشەی(Paraphrasis)، و زاراوەی (Paraphrase)یان دارِشت بۆ تەرجەمەی (ئازاد و رەها).[2]

**مێژووی تەرجەمە (History of Translation):**

---

(1) http:// wikipedia.org/wiki/Translation

(2)(2) http://WWW.translationdictionary.com/articles/article2125.php

مرۆڤ ڕۆحلەبەرێکی پرسنە ، هەمیشە حەز بە زانینی شتەکانی دەوروبەری خۆی دەکات و لە هەمان کاتیشدا بوونەوەرێکە حەز بە ژیانی کۆمەڵگا و قەلەبالغی و تێکەڵ بوون دەکات. لەوەتەی بوون و ژیانیش بەردەوامی هەیە، کۆمەڵانی خەڵك هەموو ، بە یەك زمان قسەیان نەکردووو و فرە زمانی بە گوێرەی سەردەمەکە بوونی هەر هەبووە. کەواتە زۆر ئاسایە کە مرۆڤ لە سەرەتایی مێژووە و لە ڕێی



وەرگێرانی سەر خشتەقوڕ

جەنگ و شەڕ وشۆڕ و بازرگانی و ئایین و گەڕان و سەفەرکردندا ، فێری زمانی غەیرە بوو بێت و لە کاتی پێویستیدا ، لە ڕیی تەرجەمەکردنی زمانەکاندا، کارەکانی خۆی مەیسەر کردبێت. بێگومان ئەمڕۆ ئێمە هیچ بەڵگە و دۆکیۆمێنتێکی (دەنگیی) زەمانە دێرینەکانمان لەبەر دەست نییە ، کەواتە ئەوی هەیە و نییە ئەو نووسراوانەیە کە لە ئەنجامی کنە وپشکنینەکاندا ، لە سەر دار و دیوار و بەرد و گلکۆیەکان ، دۆزراونەتەوە. "کۆنترین وەرگێڕانی نووسراو لە سۆمەرییەکانەوە

بەجێ ماوە، کە لە شێوەی فەرهەنگ دایە . چەند وشەیەك لەسەر پارچە خشتی قوڕی سوورکراوە بە زمانی سۆمەری نووسراوە و بەرانبەرەکەشی، واتای وشەکانی بە زمانی ئەکەدی نووسراوەتەوە. سێ هەزار ساڵ پێش زاین، شا (سەرجۆنی ئەکەدی) هەواڵی سەرکەوتنەکانی خۆی  بە چەند زمانێك بڵاوکردۆتەوە، بۆ ئەوەی میللەتە جۆرا و جۆرەکانی ئیمپراتۆرییەکەی  هەواڵەکان بزانن."  داستانەکەی (گلگامێش)یش ، دوو هەزار ساڵ پێش زاین ، لە زمانی سۆمەرییە و تەرجەمەکراوە بۆ  زمانەکانی  باشووری  ڕۆژئاوای ئاسیا .

تەرجەمە چەند هەزار ساڵێك پێش زایین لە لای میسرییە کۆنەکان و دانیشتوانی مێزۆپۆتانیا و وڵاتانی ئەنادوڵ بوونی هەبووە، بەڵگەی بەردەستیش (پەیماننامەی کادیش)ە کە بۆ (١٢٧٤)ساڵ پێش زاین دەگەڕێتەوە.

گەر لە کونترین دەقی ئەدەبی تەرجەمەکراو بپرسین ، ئەوا دەبێ ئاماژە بەو کۆمەڵە دەستنووسەی جوولەکەکان بکەین کە پێی دەڵێن (Septuagint)،  کە لە  نێوان سەدەی  سێیەم و یەکەمی پێش زاین لە شاری ئەسکەندەرونەی میسر، لە سەردەمی حکومڕانی

(Koine Greek) ئەنجام دراوە.




Koine Greek

ئـــــــــەو جوولەکـــــــــە پەرتەوازبووانـــــەی میســـــر، زمـانی بـاپیرە گـەورەی خۆیـان لە دەست دەدەن بۆیـە هانـا بـۆ ئـــــــــەو دەقـــــــــــە ( گریـــك)ە کۆنـــە دەبـــەن و جـارێکی تــر وەریدەگێڕنــەوە سەر زمانەکەی خۆیان.[١]

چونکە تا سەدەکانی ناوەنـدیش لـە ڕۆژئـاوادا، هـەر زمـانی لاتـینی کەرەسـتەی فێربـوونی عـیلم و ئـەدەب بـووە، دەبـین زۆر دەقـی ئـەوان کراونەتە (Anglon- Saxon )ی.

لـە کیشـوری ئاسیاشـدا، بڵاوبوونـەوی ئـایینی بـوودا، بـۆ مـاوەی هەزار ساڵێك ڕۆڵی بەرچاوی لە تەرجەمەدا هەبوو ، بەتایبەتی کارەکانی ئیمپراتۆری (Tangent) ، لە بواری ئەدەبدا.[٢] لە نێـوان شارسـتانییەتی

---

[١] J.M. Cohen, Translation, Encyclopdia Americana, 1986, vol. 27, P. 12(

[٢] http:// wikipedia.org/wiki/Translation (

هیندییەکان و چینییەکاندا، لە باشوور و باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیای ڕۆژهەڵات، تەرجەمە بە فیعلی بوونێکی زیندووی هەبووە بەتایبەتی لە بواری دەقە ئایینییەکان و یاسا و حوکمڕانی دا. ئیمپراتۆرییەیی چین زۆر بایەخی بەم بابەتە دابوو، بۆیە دەبینن تەرجەمەکانیان شەقڵی شێوازی خۆیانی پێوە دیارە . کۆتو بەند یان دەست بڵاوی و ئازادیی موتەرجیمەکان، بە ئاشکرا بە دەقە وەرگێردراوەکانیاندا دیارە.

ئەوەی کە بووە هۆکاری سەرهەڵدانی تەرجەمە لە لای عەرەبەکانیش داهێنانی ئەلفوبێی نووسینی خۆیان لە سەدەی پێنجەم و هاتنی ئایینی ئیسلامی و دواتریش دامەزراندنی ئیمپراتۆرییەتی ئیسلامی بوو. لە سەرەتادا پتر ئەوان عەودالی دەقە سیاسی و ئایینیەکانی فارس و گریك و چین و هیندییەکان بوون. پاشان گرنگی کارە کلاسیکەکانی گریك و فارس و چینییەکانیان زانی و بۆ فەقێ و سوختە و شاگردەکانی خۆیان تەرجەمیان کردن. جا کاتی بزووتنەوی ڕۆشنگەرایی ڕۆژئاوا (Renaissance) گەشەیکرد، ئەوجارەیان ڕۆژئاوایەکان شاڵاویان بۆ کتێب و دەقە عەرەبییەکان هێناو و کەوتنە تەرجەمەکردنیان بۆ سەر زمانەکانی خۆیان.

هەر لە سەدەکانی ناوەندا - لە دەورووبەری سەدەی سێزەمدا - ژمارەیەکی باشی دەست نووسە کۆنەکانی عەرەبی ، لە بواری زانست و فەلسەفەدا، تەرجەمەی زمانی (گریك)ی کران. ئەو کات پاشا

(Alfonso X el Sabio) لـه ولاتـی ئەنـدەلوس (ئیسـپانا) لـە شـاری (Toledo) قوتابخانەیـەکی کـردەوە بـە نـاوی ( قوتابخانـەی تەرجەمـە - Traductorum)، جا لەویدا موسوڵمان و دیـان و جوولەکـە بەیەکـەوە خەریکی تەرجەمەکردنی بابەتە فکری و فەلسەفی و ئایینیـەکانی زمـانی عـەرەبی و عیـبری و لاتـینی بـوون. تویـژەران ، ئـەم کـارە بـە بـەردی بناغـەی سـەرهەڵدانی بزوتنـەوی ڕۆشـنگەرای (Renaissance) لـە ئـەوروپا دادەنـێن.[1] " وەرگێـڕە سـریانییەکانیش لـە سـاڵانی (٨٥٧) ی لـە دایـك بـوون- لـە سـەر دەسـتی ( حـەنین ئـیبن ئیسـحاق و کوڕەکـەی و کچـەزاکەی- ئیسـحاق و حبـیش- لــە (دار الحكمـــة) لــە بەغــدا ، لــە سـەردەمی خەلیفـە مـەئمون کۆمـەڵێك کتێبیـان لە زمانی گریکییەوە پاچڤەکردۆتە سەر زمـانی سریانی ، گرینگترینیـان کتـێبی ( هێرمۆنۆتیکا) ی ئەرستۆ بـوو، کـە دواتـر (ئیسحاق)ی کـوڕی وەریگێڕایـە سـەر زمـانی عەرەبی."[2]



Alfonson X el Shabio

---

[1] ) سەر چاوەی پێشوو.

[2] ) د. هاوژین صلیوە. هەڵبژاردەیەك لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس بە زمانی سریانی. ل: ٥

ئینگلیزەکان، زۆر خۆیان بە (Geoffrey Chaucer) هەڵدەکێشن، کە ئەو لە سەدەی چواردەمدا زۆر دەقی پایەداری زمانی ئیتاڵی هێناوەتە سەر زمانی ئینگلیزی. کە ئەویش زۆر سوودی لە موتەرجیمەکانی پێش خۆی بینی بوو، بەتایبەتی تەرجەمەی پەخشان، کە لە سەردەستی (Thomas Malory)لە سەدەی دەیەمدا هاتە ئاراوە.[1]

لە ئیتاڵیاشدا، لە سەردەمی زێرینی ڕۆشنگەرایی(Renaissance)، گەشەی تەرجەمە لە شاری (Florence) دەستی پێکرد. ئەو کات بەگزادە (Cosimo de Medici) ، کە شاگردی

(Georgius Gemistus Pletho) ی بیزەنتی بوو ، چەند ساڵێک پێش کەوتنی قوستەنتینەی لە تورکیا (١٤٥٣) فەرمانرەوایی گرتەدەست. جا (Marsilio Ficino ) ، کارەکانی ئەفلاتون و بەرگە نوێیەکەی ئینجیلی تەرجەمەکرد و هەرجی دەقی فەلسەفی و ئایینی هەبوو کتومت لە زاری ئەفلاتون و ئەرستۆ و عیساوە وەریگێڕانە سەر زمانی ئیتاڵی.[2]

---

[1] ) J.M. Cohen, Translation, Encyclopdia Americana, 1986, vol. 27, P. 13( (

[2] ) سەر چاوەی پێشوو.






ئەفلاتون

دوا بە دوای ئەو سەردەمانە ، دوو هۆکار ، گرو تینێکی بە جۆشتریان بە کاری تەرجەمەدا، یەکێکیان داهێنانی ئامێری چاپکردن بوو لە لایەن (Gutting Berg)ی ئەڵمانییەوە و ئەوی تریان هاتنی سەردەمی (Elizabethan) بوو لە وڵاتی ئینگلتەرا.

لە ئەدەبی کوردیشدا، کۆنترین دەقی تەرجەمەکراو ، کە (د. فەرهاد پیربالّ) ئاماژەی پێکردووە، (خانای قوبادی) یە (١٦٧٣ — ١٧٥٤) کە خەسرەو و شیرینی نیزامی گەنجەوی لە زمانی فارسییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی .[١]

---

[١] ) گۆڤاری ڕامان ژمارە: ١٤٩ لە ٥ / ١٠ / ٢٠٠٩



J. M. Cohen

پێت سەیر نەبێ گەر بڵێین، سەدەی هەژدەم سەدەی پاشەکشێی تەرجەمە بوو لە ئەوروپا. بۆ؟ لەم سەردەمەدا جۆرە هەستێکی نەتەوەپەرستیی هاتە ئاراوە و خوێنەرەکان زەوقیان بە دەقی غەیرە زمان نەدەهات و پتر خوویان دابووە کتێبە خۆماڵییەکانی نووسەرەکانی خۆیان. ئەمەش بازاری تەرجەمەی کز کردبوو.

بەلاّم سەدەی نۆزدەم قەرەبووی ئەو خەسارەتەی سەدەی حەڤدەمی کردەوە ، کاتی تەرجەمە بە قیافە و هەیبەتێکی جوانتر هاتەوە مەیدان. ئەوەبوو (J. M. Cohen) ڕۆحێکی تازەی بە بەرتەرجەمە هێناوە و خۆی کردە خاوەنی قوتابخانەی (دەق). ئەو دەیگوت:"[١] هەر دەق، دەق و هیچی ترنا." بۆیە کارە تەرجەمەکراوەکانی بە لێشاوی پەراوێزی بە دواوە بوو، بۆ ئەوەی ناوەرۆکی دەق جەوهەر و ڕەونەقی ڕەسەنی خۆی لە دەست نەدا. خۆ کاتی (Edward- Fits Gerald)ڕوباعیاتەکانی (عومەر خەیام)ی کردە ئینگلیزی ، دەنگدانەوەیەکی هێندە



Edward Fitzgerald

[١] J.M. Cohen, Translation, Encyclopdia Americana, 1986, vol. 27, P. 44

مـەزنی هـەبوو ، دەتگـوت ، تـازە بـە تـازە ، ئـەدەبی کلاسـییك زینـدوو بۆتەوە! [1]

سەدەی بیستەم بە سەدەی تێگەیشتن و هزر و وەرگرتن دادەنرێـت. جا بۆ گەیشتن بەم مـرازە ، تەرجەمـەکارەکان، شـێوازی خۆیـان گـۆڕیی بە شێوەیەك کە بتـوانن هـاو سـەنگی نێـوان نـاوەرۆکی دەق و ئاسـانکاری زمان ڕاگرن. ئەمەیش لە ڕێی پەیڕەوکردنی ڕێبازی داهێنـانی زمـانێکی خـۆش و سـادە و ڕەوان و شـیرینی تەرجەمـە بـوو . بـۆ نموونـە ، (Benjamin Jowett) ، زۆربـەی کـارە ئەدەبییـەکانی (Shakespeare) و (Chaucer) و ئەفلاتونی وەرگێرایە سـەر زمـانی ئینگلیزی سەردەم ، تا خوێنەران باشـتر تێیـان بگـەن - هەرچـەندە ئـەوە شەڕەچەقەی زۆری بە دوای خۆیدا هێنا، هەبوو دەیگوت کە کـەس مـافی دەستکاری کردنی دەقی ڕەسەنی ئەو نووسەرە مەزنانەی نییە -

سالّی (١٩٥٩) بایەخێکی تایبەتمەنـدی هەیـە بـۆ ڕشـتەی تەرجەمـە، کـاتێ زمانناسـی بـە ڕەچـەڵەك ڕوس: (Roman Jacobson) ، لـە بلاّوکراوەیەکـدا ، بابـەتێکی لـە ژێـر ناونیشـانی ( لەمـەڕ ڕوخسـارەکانی زمانـەوانیی لـە تەرجەمـەدا) چـاپکرد. ئـەو گـوتی:" تەرجەمـە،

[1] ) سەر چاوەی پێشوو. ل: ١٤


James Merrill

قەســـــابخانەی شـــــيعره، لەويـــــدا شـــــيعر سەردەبرن. دەكوژن ، دەمرێنن."[١] هەر ئەمـە بووە ئيلهامی شاعيری ئەمەريكای

(James Merrill) لـە سـاڵی (١٩٧٤)دا ، بـۆ نووسـينی قەسـيدە ناودارەكـەی ، (ون بـوون لە تەرجەمەدا).

(Roman Jacobson) دەڵێت:" تەرجەمەی شيعر هەر نابێت حەرف و وشە بێت، دەبێ دەنگ و موزيك و كێش و سەروا و ڕتم و ئاواز و .....تاد، لەبەر چاو بگيرێن."[٢] ئەو نازناوی ( تەرجەمەی گۆرانی چڕين)ی

(The Singing Translation) بـۆ ئـەو جـۆرە تەرجەمەيـە هەڵبژارد. لێرەدا جارێكی تر بايەخی هونەری مۆزيـك هاتـەوە بـەردڵان،

---

[١] ) http://wiki.proz.com/wiki/index.php/Famouse_quotes _about_translation

[٢] ) roman jakobson on linguistic aspects of translation

چونکە ئەم قوتابخانەیە پێی وایە ، تەنیا تەرجەمە کردنی وشە و واتای شیعر ، زوڵمێکە لە شیعر دەکرێت." [١].

ئەوەی ڕاستی بێ ئەم جۆرە تەرجەمەیە تا بلێیت زەحمەتە و کەسی بەهرەمەندی دەوێ. بۆ نموونە ، لە ئەدەبی کوردیدا ، بڕوانە تەرجەمەکانی (چوارینەکانی عومەری خەیام) کە هەر یەك لە مامۆستایان ( هەژار ، سەلام ، عەونی ، گۆران) ئەنجامیان داوە.

**ڕەگەزو بنەماکانی وەرگێڕان :**



عومەری خەیام

**(The Elements & Bases of Translation)**

ئێمرو، لە هەر چوار

[١] W.J. HutchinsEarly Years.... Amesterdam ,John benjamins.2000.P. 45

ئیقلیمی دنیادا، لێکۆڵینەوەی زۆر زانستیی و ئەکادیمیی لە مەڕ ڕشتەی وەرگێڕاندا دا ئەنجام دەدەرێت. مەبەستیش لە لێکۆڵینەوەی تەرجەمە

(The Study of Translation) ئەو توێژینەوە و لێکۆڵینەوەیە کە بە شێوازی ڕێکخراو و تۆکمە و نەخشەدار لە مەڕ: ١) تیۆرییەکانی تەرجەمە و ٢) وەسفکردنی پڕۆسەکانی کاری تەرجەمە و ٣) ڕێبازەکانی چونیەتی ڕاهیکردنی تەرجەمە ئەنجام دەدرێن.[١]

" تەرجەمەی کاری ئەدەبیی دوای داهێنانی نووسین چاوی هەڵێناوە و لەوەتەی یەکەمین کۆپی نووسراوی وەرگێڕدراو دۆزراوەتەوە، کە داستانەکەی گلگامێشە لە زمانی سۆمەرییە و تەرجەمەکراوە بۆ زمانەکانی باشووری ڕۆژ ئاوای ئاسیا ، ژانری تەرجەمە بە چەندین قۆناغدا گوزەری کردوە، تا گەیشتۆتە ئەوە ئاستەی کە ئەمڕۆ ئێمە دەیبینین . تیۆرییەکانی بابەتی تەرجەمە لە قوتابخانەیەکەوە بۆ قوتابخانەیەکی تر عەمبازی و حەپۆلی گەورە گەورەی تێدایە. هەر لە قوتابخانەی کلاسیکەوە بیگرە تا قوتابخانە فرە ڕەنگەکانی سەدەی بیست و یەك، بە چەندین کاروانسەرای تێپەریووە و چەندین تیوری بۆ داهێنراوە، وەك ( تیۆریەکانی سەدەی ناوەند) و

---

[١] Indrew Wilson Transkation on translating: Inside the Invisible Art. ( Vancouver,CCSP>press, 2000> P.42

( تیۆری  ڕۆژئاوا) و ( تیۆری ڕۆژئاوای کۆلۆنیالیزم) و ( تیۆری باشووری ڕۆژئاوای ئاسیا) و ( تیۆری ئیسلامی) و (تیۆری سەدەی بیست ) و هی تریش.

لەو گەشتە سەرپێ ییەی بەناو مێژووی تەرجەمەدا کردمان، بینیمان تەرجمە بابەتێکی سنووورداری کەمبایەخی بێ ئەمیەت بووە ، تا بووژانەوەی بازرگانیی و سەرهەڵدانی شۆڕشی پیشەسازیی و لە دوای ئەوانیشدا بزووتنەوەی ڕۆشەنگەرای لە ئەوروپا سەری هەڵنەدا و گەشەی نەکرد ، نەیتوانی باش لەسەر پێ بوەستێت. ئەمە بەو مانایە نا کە تەرجەمە هەر بوونی نەبووە و شتێکی زۆر لاوەکی بوو بێ. نا، هەمیشە ئەو بوونی هەبووە وەلێ وەك بابەتێکی یان ڕشتەیەکی بەهەند و کاریگەر ئەو کاتە بوونی خۆی سەلماند کە بوو بە خاوەن دەزگا و مەڵبەند و قوتابخانەی سەربەخۆی خۆی و بووە پیشەی کەسانی شارەزا و پڕۆفیشینالێ.[١]

هەروەك چۆن هەموو زانستێك و  و بابەتێك و داهێنانێك لۆگۆ و ئارمی خۆی هەیە، دەزگاری تەرجەمەی جیهانی ، کێلەبەردەکەی

[١] ) سەرچاوەی پێشوو.

(Rosetta Stone)ی کردۆتـە لۆگـۆی کـاری تەرجەمـە. ئـەم بـەردەش بۆیە ئەو شکۆیەی پێدرا، چونکە لە سـاڵی (١٧٨٩) زانایان


Thomas Young

Young, Jean Francois Champollion) (Thomas توانیـان هێمـا هەڵکەنـدراوەکانی سەری ، کە بە زمـانی: هیروگلۆفی میسـرییەکان و زمانی میسرییەزادەکان و زمانی گریکی کۆن نووسـرابوو، لێکبدەنـەوە . [١]

(Gilles Menage 1613 - 1692) لە پاریسدا، گوتەیـەکی بـەناوبانگی دەربارەی کاری تەجەمە گوتوە: " تەرجەمە وەك ژن وایە ، یـان ئـەوەتا جوانــە یــان ئــەوەتا دڵســوزە، هــەردووکیان پێکــەوە بوونیــان نــابێ!" [٢]جوانییەکە ، بـەلای ئـەوەوە لـە جـوانی ئەمانـەتی ڕاگوێزانـەوەی مانـای دەقەکەیە بە بێ شێواندن . مەبەستیشی لە دڵسۆزیی ، ئەو ئاوێنەیە کە دەقەکـەی لـە زمـانی سەرچـاوەدا لـە پاراسـتنی هاوسـەنگی ڕێزمـانی و زمانــــەوانی و ئیدیەمـــدا تێـــدا دەبـــینی. هەرچــەندە پێوەرەکـــانی هەڵسەنگاندنی دەقی وەرگێردراو بە گوێرەی باری ئەدەبی و کۆمەڵایەتی

---

[١] (The Columbia Encyclopedia , fifith edition, 1994. P. 2361

[٢] (٢٠ م ٢

و مێـژووی دەگۆڕێـت. هـەر دەقێـك خـاوەن ڕەنگێکـی خۆمـاڵی خۆیـەتی (Local Colour)، کــە پاراســتنی ئــەرکێکی پــیرۆزی سەرشــانی موتەرجیمە لە کاتی تەرجەمەکردنی دەقەکەدا.

لــە ســاڵی (١٨١٣) لــە وانەبێژییەکــدا بــە ناونیشــانی ( ڕێبــازە جیاوازەکانی تەرجەمـە) ، (Fried rich Schleiermacher) دەڵێـت:" دەبێ جیاوازی نێوان دوو جۆرە تەرجەمـە بـزانین : ئـەوەی نووسـەر بـۆ دنیـای خۆێنـەر ڕادەکێشـت ( شـەفافیی) وە ئـەوەی خوێنـەر بـۆ دنیـای نووسـەر ڕادەکێشێ (ئەمانـەت)." ئـەو هـەردووکیانی پـێ گرنکـە ، بـەڵام پێشڕەوی بە دووەمیان دەدا. ئەو دەڵێ نابێ موتەرجیم کویلەی ئارەزوو و نەتەوەپەرستیی بێت.[١]



Friedrich Schleiermacher

---

[١] Lawrence Venuti. Call to Action , in the Translator's Invisibility. 1994. P. ( 27



کۆپییەکی دروستکراوی (Rosetta Stone)
لە فەرەنسا

ئەگـەر بگەڕێینـەوە لای (Gilles Menage 1613 - 1692)[١]،
دەبیـنین ، بـە وردی دوو زاراوە بنەڕەتییەکـەی بابـەتی تەرجەمـەمان
بەم شێوەیە بۆ شیدەکاتەوە:

---
[١]) Gilles Menage . The Idea of Fidelity in Translation. P. 231

١. دڵسۆزیی یان ئەمانەت (Fidelity).

٢. شەفاق (Transparency).



عەبدوڵڵای حەسەن زادە

مەبەست لە ئەمانەتی تەرجەمە ئەوەیە کە چەندە بە دیقەت مانا و ناوەڕۆکی تێکستێك بە بێ شێواندن و ناشیرینکردن دەگویزرێتەوە بۆ زمانەکەی تر. بۆ شەفافییش، خوێنەری زمانی دووەم ،چەندە شێوە ئاخاوتنی زمانی خۆی ، لە ڕێزمان و داڕشتن و ئیدیەم، تێدا دەبینیتەوە. دەربارەی ئەم خاڵە مامۆستا عەبدوڵڵای حەسەن زادە دەڵێت:

"کاری تەرجەمە دوو شتی ئەساسی پێویستە: یەکیان ئەوەیە کە ئەو کەسەی تەرجەمەدەکا دەبێ هەردوو زمانەکە کە بۆی تەرجەمەدەکا، چ ئەو زمانەی کە لێوەی تەرجەمە دەکا، باش بزانێ، بە حەددی لازم بیزانێ. پاشان کە زمانەکەی زانی دەبێ تەرجەمەش بزانی واتا دەبێ فەنی تەرجەمەش بزانێ. جا بۆ تەرجەمە شتێکی دیکەش کە ئەمن

بەلامەوە گرنگە ئەمانەتە. ئەمانەت لە گەیاندنی مەفهومێك كە نووسەر مەبەستی بووە."[1]

بە گوێرەی زۆربەی سەرچاوەكانی پێوەری زانستی تەرجەمە، كەسی موتەرجیم دەبێ بەلانی كەمەوە ئەم (٥) خەسڵەتەی تێدا بێتە وجود:

- زانیاری تەواوی بە نووسین و خوێندنەوە لە زمانی دایكی تێكستەكەوە - كە تەرجەمەی دەكا - هەبێت.(Source Language)
- دەسەڵاتی تەواو بەسەر زمانی دووەم - كە بابەتەكە بۆ تەرجەمە دەكرێ- هەبێت. (Target Lanugauge)
- ئاشنایەتی لەگەڵ ڕۆحی تێكستەكەی كە وەریدەگێڕێ ، هەبێت.
- شارەزایی تەواوی لە كون و كەلەبەری ئیدیەم و واتاسازیی و وشەسازیی هەردوو زمانەكە هەبێت.
- بزانێت جیاوازی لە نیوان (تەرجەمەی ئەدەبی Metaphrase) و (تەرجەمەی وشە بە وشە Paraphrase) چییە.

---

[1] ( http://gulan-media.com/sorani/print.php?id=26499&section=9

توێژەر كەمال مەریوانی لە گەڵ عبدللای حەسەن زادە.

مامۆستا عەبوڵڵای حەسەن زادە ، بە زمانەکەی خۆی ئەم خاڵانەی بەم شێوەیە ڕاڤەکردووە: " کە تەرجەمە دەکەی دەبێ ئەوە بنووسی کە نووسەر مەبەستی بووە، زمانەکەی زانی دەبێ تەرجەمەش بزانی ، لە پاشان سەبك زۆر گرنگە. موتەرجیم دەبێ سەبکی نووسەرەکەش بینێتە ناو زمانا تازەکە، ئەگەر لەگەڵ سەبکی وی نائاشنایە، با نەیکا." [1]

ئێستا خاڵێکی تریش خراوەتە پاڵ زمانزانییەکەوە ، ئەویش کەلتوورناسییە . واتا کەسی موتەرجیم دەبێ تەواو شارەزای کەلتوور و ژینگە و ژیانی ئەو دوو میللەتە یان کۆمەڵە بێت کە یەکێکیان دەقەکە پێشکێش دەکات و ئەوی تریان لێی وەریدەگرێت. ئەمەیش پێدەگوترێت: (Bicultural Translation) بۆیە (Mario Pei) دەڵێت:"بۆ پەیداکردنی ئەم جۆرە شارەزاییە بە لانی کەم موتەرجیم پێویستی یە (دە) ساڵ کۆشش و ڕەنجکێشان و سەعیکردن هەیەن، تا جورئەت بێنێ دەست بۆ کاری تەرجەمە ببات." [2]

---

[1] ( http://gulan-media.com/sorani/print.php?id=26499&section=9

تویژەر کەمال مەریوانی لە گەڵ عبدللای حەسەن زادە.

[2] ( Kirstopher Kasparek> The Translator’s Endless Toil. The Polish review. Vol. XXVIII,no.2,1983,P.84

## جـۆرەکانی تـەرجـەمـە (Types of Translation)؛

ئەگەر ئیمڕۆ، کاری تەرجەمە، لە لای ئێمەی کورد تەنیا لە چوارچێوەی وەرگێڕانی وتار و شیعر و چیرۆك و کتێبی ئاسایی قەتیسکرابێ، ئەوا لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا نەك هەر بۆتە زانستی ئەکادیمیی و لە زانکۆ و پەیمانگاکاندا بڕوانامەی باڵای لێ وەردەگیرێت، بەڵکو بۆتە پیشەسازیی و ساڵانە بە دەیان و سەدان ملیۆن دۆلار داهات بۆ وڵات مسۆگەر دەکات( بۆ هاوڵاتی و حکومەت). ئەمەیش وای کردوە بێحەدد گرنگی بەو ڕشتەیە بدرێت و زۆر زاراوە و چەمکی تیۆریی تازەبابەت لەگەڵ خۆیدا بێنێ.

دەتوانین بڵێین چۆن هەر نەخۆشییە و هەر ئەندامێکی لەش ، دکتۆری پسپۆڕی خۆی هەیە، تەرجەمەش ئاوای لێ هاتووە ، هەر بابەتێك موتەرجیمی پسپۆڕی خۆی هەیە. قسەکردن لەمەر جۆرەکانی تەرجەمە ئاوێکی زۆر دەکێشێت، جا بۆ دەستگرتنی خوێنەر، لەم ڕیزبەندییەی خوارەوەدا — بە گوێرەی ڕشتەی بابەتەکە - سەرپێیانە، سەرێك بەسەر هەواری هەریەکێك لەواندا ، دادەگرین:

ئاماژەمان بەوە دا کە دەقی تەرجەمە یان نووسراوە یان زارەکییە، با بێنە سەر جۆری زارەکییەکە، چونکە کورت و ئاسانە:

## تەرجەمەی زارەکی ( Interpretation)[1]:

وەك لە ناوەکەی ڕادیارە، بۆ تەرجەمەکردنی بابەتێك بەکاردێ کە لە ڕێی قسەکردنی ڕووبە ڕوو و ئاخاوتنەوە ئەنجام بدرێت ، نەك لە ڕێی قەڵەم و کاغەز. بە ئینگلیزی پێدەگوترێت Interpretation) (Interpreting /، مەرجیش نییە کە هەموو زمانێك ، بۆ تەرجەمەی زارەکی، وەك ئینگلیزەکان، زاراوەی تایبەتی هەبی. ئەمیش بۆ (٣) شێوە پۆلین دەکرێت:

### ١) وەگێڕانی هاوکات (Simultaneous Translation):

یەکسەر لەگەڵ دەست پێکردنی قسەکان، موتەرجیم ، دەستدەکا بە تەرجەمە و چاوەڕوانی ئەوە ناکات قسەکەرەکە بوەستێت و کاتی پێبدا. واتا هەردووکیان بەیەکەوە قسە دەکەن ، بەڵام موتەرجیمەکە چەند ڕستەیەك لە پاشترە. ئەمە گرانترین جۆری تەرجەمەی زارەکییە.

---

[1] ) پەروین عوسمان مستەفا عەلاف. واتا و وەرگێڕان ل: ٨٧

## ٢) وەرگێـڕانی دوا بە دوا (Consecutive Translation)؛

لە پێشدا ، قسەکەر بـۆ ماوەیـەك قسـەی خـۆی دەکـا، دوای نـۆرەی موتـەرجیم دێ بـۆ تەرجەمـەکردنی ئـەو قسانەی کـە گـوتراون. بـەم شێوەیە بەردەوام دەبن تـا دوا بڕگـەی قسـەکەیان کۆتـایی دێ. لێـرەدا موتــەرجیم ئــازادە، دەتــوانی بــۆ نووســینەوەی ســەرە قەڵەمــەکان و لەبیری نەچوونەوەیان، بۆ خۆی قەڵەم و کاغەز بەکار بێنێ.

## ٣) وەرگێـڕانی بینـرا (Seen Translation)؛

کـاکی موتــەرجیم بابەتەکـە بــە چـاو دەخوێنێتــەوە و یەکســەر وەریدەگێڕێتـە سـەر ئـەو زمانـەی کـە ئامانجیـەتی. واتـا لێـرەدا کەسـی قسـەکەر بـوونی نییـە. وەك بێـژەرێك لـە بەرنامەیـەکی تەلەوزیۆنـدا ، ڕۆژنامــەی (Daily News) ئینگلیــزی بەدەســتەوە بێــت و بۆمــان بکاتەوە کوردی.

## هۆکار و ئـامێرەکانی تـەرجەمە ( Translations Devices )[1]:

لـەم پولینکردنـەوی خـوارەوە، ئـەو هۆکـار و ئامێرانـە، دەخەینـە ڕوو ، کـە تەکنـەلۆژیای سـەردەم پێشکێشـی مرۆڤایـەتی کردووە بۆ کارئاسانی ئەنجامدانی تەرجەمەکاریی:

## تەرجەمە بە تەلەفۆن (Telephone Translation):

ئیمرۆ زۆر خزمەتگوزاریی بازرگانیی لە ڕێی تەلەفۆنـەوە ڕایـی دەکرێت. بۆیە لە هێندێ وڵاتاندا، بەرنامـەی تایبـەت بـە تەرجەمـە لـە ڕێی مۆبایلەوە ئەنجامدەدرێت. بۆ نموونە تـۆ دەتـەوێ لەگـەڵ کەسـێکی (فلیپینی) قسە بکەیت. یەکسەر مۆبایلەکە ڕادەستی کەسێکت دەکا کە هەم کوردی زانە و هـەم فلیـپنی زان، لـە نیوانتانـدا قسـەکان تەرجەمـە دەکا و کەسیشتان نازانن ئەو موتەرجیمە کێیە و ئەویش ئێوە ناناسێ. ئیمرۆ لە ڕێی مۆبایلەوە، دەتوانی لـە مـاڵی خـۆت دانیشـتبیت و زمـانی ئینگلیزی بۆ (١٨٠) زمان تر تەرجەمە بکەیت .

---

[1] The Many Voices of the Web. The Economist .3 / 4 / 2010. (

## تەرجەمەی ئینتەرنێتی (Internet Translation):

بێگومـــان تەرجەمـــە لـــەڕێی بـــەکارهێنانی ماشـــیندا ئەنجامدەدرێت.  بەڵام هێندێ کەس هەم دڵیان بەم جۆرە تەرجەمە ئاو ناخواتەوە و هەم زۆریش جێگەی متمانە نییە، لەبەر دزین و دەستتێکەوتنی خەڵکی غەوارە، بۆیە ڕەواجی تەرجەمەی ئینتەرنێتی گەرمترە. ئەم تەرجەمەیە، کتومت وەك تەرجەمەی بە تەلەفۆنە، بەڵام لێرەدا ئینتەرێت لە جیاتی تەلەفۆنەکە یان مۆبایلەکە بەکار دێت. [1] لە بازاری تەرجەمەی ئینتەرنێتیدا، کاکی موتەرجیم ، هەمیشە لە ئامادەباشیدایەوە حازر بەدەستە بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکەی تۆ . ئەزموونەکان سەلماندەنیان : کە بۆ تەرجەمەی بابەتی یاسایی و دادوەری و بازرگانی و پزیشکی ئەم جۆرە تەرجەمەکردنە سەرکەوتووترە، بە بەراورد لەگەڵ ئەو تەرجەمەی کە ماشێن ئەجامی دەدا، جا بەرنامەکانی (Google Translation ) یان ( Yahoo! Babel Fish) بێت ، یان هەر بەرنامەیەکی تر.

---

[1] ) سەرچاوەی پێشوو.

## تەرجەمەی کۆمپیوتەری

## (Computer Assisted Translation)[1]:

لەم شێوازەی تەرجەمەدا تۆ دەقێك لە ڕێی کۆمپیوتەرەوە تایپ دەکەیت و لە ڕێی بەرنامەیێکی داگیراو تایبەت بە تەرجەمە، دەقەکە وەردەگێڕیتە سەر ئەو زمانەی گەرەکتە. ئەم جۆرە تەرجەمەیە زۆر ناوی هەیە، وەلێ هەموو هەر یەك ئەرکیان هەیە:

Computer - Assisted Translation (CAT)

Machine – Aided Human Translation (MAHDT)

Interactive Translation

بۆ ئەم تەرجەمەکارییە، بەرنامەی ئامادەکراو، تایبەت بە فەرهەنگ و ڕێزمانی زمانە دەست نیشانکراوەکان، پێشوەخت، لە کۆمپیوتەرەکەدا داگیراون لە ڕێی (Software) ی تابەت بە کاری تەرجەمەوە، کە ئەوانیش زۆر جۆریان هەیە وەك:

[1] Wooten,Adam. Asimple Model Outlining Translation Technology. T&I Bussiness ( 14 / 1 / 2006 )

Translation – Memory

Terminology – Management

Concordance

Alignment Programs

له ڕاستیدا، تا ڕادەیەك ئەم ئامێرە جۆرە گورج و گۆڵێیێك بە کارەکە دەدەن ، بەڵام بەرهەمەکەیان زۆر ورد و کارامە نییە و جاری وا هەیە دەقەکەت بۆ دەکاتە قسەی عەلەقمەلەق یان نوکتەی خۆش و سەمەرە!

## تەرجەمەی ماشێنی (Machine Translation):[1]

ئەمەیش وەك تەرجەمەی کۆمپیوتەرییەکەیە، تۆ وەك تایپیستێك (Pre- editing) دەقەکە تاپی دەکەیت. ئامێرەکەش تەرجەمەکەت دەخاتە ناو مست (Post - editing)، لێرەدا بەرنامەکانی زاراوەسازیی (Terminology) ڕۆڵی بنەڕەتیی لە ئەدای کارەکەدا دەبینن. ئێستا سیستمی جیهانی ستاندار بۆ ئەم کارە داهێنراوە ، وەك:

---

[1] Hutchins.J. Milestones in Machines Translation. No. 6. Bar-Hillel and the nonfeasibility of FAHQTJ. 2005 . P.76

Goole Translation

Babel Fish

Babylon

StarDict

One Click Answer

ئەگـەر ، بـۆ نموونــە ، تـۆ داوای مانــای وشــەی (take) بــە ئینگلیـزی ، بکەیتـە عـەرەبی ، نزیکـەی (٣٤) مانـا و هاووتـات بـۆ ڕێـز دەکات، تۆش چیت گەرەکە و مەبەستە بۆ خۆت هەڵی دەبـژێری.- بـۆ ئـەو کەسـانەی زمـانی ئینگلیـزی دەزانــن ، مـن پێشـنیار دەکـەم کـە بەرنامـەی (One Click Answer)بـەکار بهێـنن چـونکە زۆر پـڕ زانیاری وردە.-

بـە هـەر حـاڵ، چـونکە زمـان دەرهاویشـتەیەکی زۆر ئـاڵۆز و پاڵۆزی مەغزا هەڵگری سیستمداری، مێشکی مرۆڤـە، مەحاڵـە ماشـێن بتوانێ لە ئەداکردنیدا سەرکەوتوو بێـت، بۆیـە هـەموو تەرجەمەیـەکی

ماشـــێنی و کۆمپوتـــەری پێویســـتی بـــە پێداچـــوونە وە چـــاو پێداخشاندنەوەی مرۆڤـ هەیە.[1]

## مێـژووی تەرجـەمـەی ماشـێنی (The History of MT):[2]

بیرۆکـەی بـەکارهێنانی ئـامێر بـۆ ئەنجامـدانی تەرجەمـە، تـازە نییـە، دەگەڕێتـەوە بـۆ سـەدەی حەڤـدەمین ، وەلـێ تـا لـە سـەر کاغـەز نەگوێزرایـەوە بـۆ تاقیگـەکان، ئـەو بایەخـە مەزنـەی نـەبوو. کـە (Georgetown) ی زانای روس، توانی ، لە سـاڵی (١٩٥٤)دا، ماشـینێك دابهێنێ توانای وەرگێڕانی (٦٠) ڕستەی هـەبی لـە زمـانی ڕوسـییەوە بـۆ زمـانی ئینگلیـزی. بـەڵام یەکـەمین بەرائـەتی داهێنـان(Patent) ، لـە سییەکانی سەدەی ڕابردوودا لـەم بـوارەدا بەخشـرای بـە (Georges Antsrouni) ، بـە داهێنـانی فەرهـەنگێکی دوو زمـانی کـە ماشـین ئەنجامی بدات. دوای ئەمە لە ڕۆژئاوا و ئەمەریکا و باشووری ڕۆژئـاوای ئاسیا بـوو بـە کێبـەرکێ: کـێ بتـوانێ باشـترین ئـامێری تەرجەمـەکردن دروست بکات.

---

[1] ) سەر چاوەی پێشوو.

[2] ) سەر چاوەی پێشوو.




بەڵام لە بەکار هێنانی کۆمپیوتەر ، لە تەرجەمەکارییدا، حونەرەکەی هی (Warren Weaver) بوو کە توانی (Translation Memorandum) دابهێنێت و لە ساڵی (١٩٤٩) دا ، لە دەزگای (Rockefeller Foundation) بە گەڕی بخات. بەڵام

وەك ماشینی سیستەمدار ، کارەکەی (Georgetown)، بە یەکەمین هەوڵدان ئەژماردەکرێت کە پێشکەشی نووسیینەکەی (IBM)ی ئەمەریکای کرا بێت. هەرچەندە ئەمەیش هەر (٢٥٠) وشە بوو کە توانای وەرگێڕانی (٤٩) رستەی باش و مانابەخشی هەبوو.

لە ساڵی (١٩٦٠)دا، ڕوسیا و ئینگلتەرا بودجەیەکی باشیان بو پێشخستنی ئەم داهێنانە تەرخان کرد، وەلێ ڕاپۆرتەکانی ساڵی (١٩٦٤) هەوڵەکان بە مایە پووچ لە قەڵەم دەدەن. ئەمەریگا بریاری دا چیتر پارە لەم پرۆژەیە سەرف نەکات. بەڵام کەنەدا و ژاپۆن و فەرەنسا و ئەڵمانیا کۆڵیان نەداو بەردەوام بوون. ئەوەبوو لە ساڵی (١٩٧٠)دا لە ڕێی (METEO System) ڕۆژانە (٨٠) هەزار وشە ، لە بواری کەش و هەوادا، لە نێوان زمانی فەرەنسی و ئینگلیزیدا تەرجەمە دەکرا ، کە ساڵانە دەیکردە نزیکەی (٣٠) ملیۆن وشەی دووبارە کراوە.

لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو (تەرجەمەی ماشێنیMT) زۆر پەرەی سەندو و نرخەکەشی نەختێ دابەزی ، ئەمەش بە پشت بەستن بە سیستمەمی (Mainframe Technology) بوو ، وەك : (Systran, Logos, Arian-G5 , metal).

جا کە (Micro Computer) کەوتە بازارەوە ، دەیان کۆمپانیایی ژاپونی و چینی و کوریایی و وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپای و یەکێتی سۆڤییەتی کەوتنە ڕکابەرایەتی یەکتری و لە ئەنجامیشدا ، لە ساڵی (١٩٩٨) ماشێنی تەرجەمەکەری قسەکەر لە سەر دەستی کۆمپانیایەکی ئەڵمانی بە ناوی (Verb Mobil Project ) داهێنرا. پێ دەگوترا (Speech Recognition / Speech Synthesis).

لە سەرەتای ساڵەکانی (٢٠٠٠)دا ، بەرنامە تازەکان هێندە پێشکەوتوو و پڕ تواناساز بوون ، کە دەیانتوانی گفتوگۆی نێو پەرلەمانتارەکان و دەنگ وباس و ڕەوشی کەش و هەوا تەرجەمە بکەن بۆ زمانی ئامانج. دەیان بەرنامە، تایبەت بە کۆمپیوتەری کەسی (PC)کەوتە بازاڕەوە و وای لێ هات هەر وڵاتەی ببێتە خاوەن بەرنامەی خۆی لەم بوارەدا، وەك:

TC-STAR  for Europe

STR –DUST  for USA

US- DARRA-GALE

Quaero  for French and German

ئێستا تۆ نەك هەر دەتوانی ماڵپەڕەكان وەرگێڕیتە سەر زمانی داخوازی خۆت، بەڵكو دەتوانی ، لە ڕێی تەرجەمەی ئێنتەرنێتەوە، چێژ لە گۆرانی و ڤیدیۆ و فلیمەكانیش وەربگریت.[1]

## جۆرەكانی بابەتی تەرجەمە

## (Types of Subjects of Translation):

دەكرێت ئەو بابەتانەی كە تەرجەمە ڕووماڵیان دەكات و دەبنە كەرەستەی پیشەكە، بۆ چەندین هۆبە پۆلین بكەین، ئەمانەی خوارە هەر گرنگەكانیەتی:[2]

**یەكەم: تەرجەمەی كارگێڕیی (Administrative Translation):**

---

[1] ( http:// wikipediea.org/wiki/Hidtory_oh_machime_ translation

[2] ( http://WWW.kwintessdential.co.uk/translation/articles/types html/

هەرچەندە زاراوەی "کارگێریی" پتر لە مانایەك لە خۆ دەگرێت، وەلێ لە بواری تەرجەمەدا، ئاماژەکردنە بە نووسراو و دەقە ئاساییەکانی ڕاپەڕاندنی ئیش وکاری ڕۆژانەی هۆبە جیاوازەکانی فەرمانگە حکومییەکان. بێ گومان حکومەت بریتییە لە سەدان دام ودەزگای پەیوەست بە کاروبار و خزمەتگوزاریی هاوڵاتیان و بەڕێوەبردنی پەیوەندییە دەرەکێ و ناوخۆیەکانی وڵات. ئەمەش بەبێ کاری تەرجەمە مەحاڵە ڕایی بکرێت.

### دووەم: تەرجەمەی بازرگانی (Commercial Translation):

ئەمە(تەرجەمەی پڕۆفیشینالی بزنسکاریی)یشی پێ دەڵێن. کە خەریکی وەرگێڕانی هەموو ئەو تۆمارگە و دۆکیومێنت و نامەگۆڕینەوە و حیساباتی کۆمپانییەکان و تەندەر و ڕاپۆری و پلیت و پسووله بازرگانییەکانە بۆ سەر زمانی ئامانج. کەواتە ئەگەر موتەرجیم شارەزای زاراوە و زارەوەسازیی بازرگانیی نەبێت و ئەزموونی پێشتری بۆ خۆی گەڵاڵە نەکردبێت ناتوانی سەرکەوتوانە کارەکانی ئەنجام بدات.

### سێیەم: تەرجەمەی کۆمپیوتەری :(Computer Translation):

دەبێ ئاگادار بین، ئەم تـەرزە تەرجەمـە لەگـەڵ جۆرەکـەی (CAT) وە (Computer-Assisted Translation) تێکەڵ نەکەین. لێرەدا مەبەستمان ئەو بەرنامانەیە کە بە سایە کۆمپیوتەرەوە هەڵدەستن بە تەرجەمە کردنی ئەم دۆسیانە:

.(software, help files, apps.....etc.)

**چـوارەم: تەرجەمەی ئابووری (Economic Translation):**

ئەمەشــیان دەچــێتەوە ســەر تەرجەمــەی بازرگــانی، بــەڵام تایبەتمەنــدە بــە کاروبــارە ئابوورییــەکان، بۆیــە سروشــت و ســیمای تەرجەمەی ئەکادیمیی بەسەر ئەم تەرجەمەیەدا زاڵە.

**پێنـجەم: تەرجەمەی دارایی (Financial Translation ):**

وەك لـە ناوەکەیـدا دیـارە، ئـەو بابەتانـە دەگرێتـەوە کـە سروشـتی داراییان هەیـە وەك چـەك و فـۆرم و تۆمارگـەی پـارە و پـوول و زێـر و زیوو و کۆمپیالە و ...... ئاڵوگۆڕکردنی نامە و دۆسییەی خۆیان لەگەڵ بنکە و مەڵبەندە بازرگانیی و ئابوورییەکانی تردا.

**شـەشـەم: تەرجەمەی یاسایی (Legal Translation):**

ئەمە پەیوەستە بە کاری یاسایی وەك ئامارەکان، ڕاپۆرت و دۆسییە یاساییەکان، پەیماننامە و بڕوانامەکان. ئەم جۆرە تەرجەمەیە پڕە لە تەپکە و فێڵ و تەڵەکەبازی، ئەگەر موتەرجیم زۆر هۆشیار نەبێ تێدەکەوێت و جار هەیە ، هەڵەیەکی سادە، زەررەری گەورەی بەدوای خۆیدا دێنێ. چونکە یاسا بەستراوەتەوە بە دەق و بە بەندی تۆکمەداری مەحکەم – داڕێژراو، بۆیە زۆربەی دامودەزگا یاساییەکان تەنیا دڵیان بە موتەرجیمێك ئاو دەوخواتەوە کە پرۆفیشناڵ بێت لەم بوارەدا و خاوەنی ئەزموونێکی باش بێت. لێرەدا دەقی یاسایی ، بۆ زمانەکەی ئامانج ، تەرجەمەی دەقی یاسایی دەوێ. هەڵە و سەهووکردن قابیلی قبوڵکردن نییە و ڕەنگ بێ زیانی ماددی یان کارەساتی مرویی لێبکەوێتەوە. کەواتە تەنیا زانین و شارەزایی دوو زمانەکە پێوەری سەرکەوتن نییە لەم جۆرە تەرجەمەدا.

**حەوتەم: تەرجەمەی تەکنیکی (Technical Translation):**

ئەمە هەموو ئەو نووسراو و تۆمارگەیانە دەگرێتەوە کە لە جیهانی تەکنەلۆژیادا بەکاردێ. هەر لە نامیلکەی ڕێبەری چۆنیەتی بەکارهێنان و چاککردنەوەی ئامێرەکانەوە بیگرە تا دەگاتە ورترین زاراوەی(IT)، کە ڕۆژانە لە زیاد بوون و گەشەکردنەدایە. کەواتە ئەم جۆرە تەرجەمەش پسپۆڕیی خۆی هەیە.

**هەشتەم: تەرجەمەی پزیشکیی (Medical Translation):**

ئەمەشیان هەر پسپۆڕیی خۆی گەرەکە کە شارەزای جیهانی داوودەرمان و کەرەستە و ئامێرە پزیشکییەکان بێت و و پەیوەندیشی هەیە بە دەرمانسازیی و ڕاچێت و ڕێبەری نێو قوتووی دەرمان و نووسراوی سەر پاکێت و شووشەی دەرمانەکان. ئەمە نامەگۆڕینەوەی نێوان کۆمپانیایەکانی دەرمانسازیی و دەزگا پیشەسازیی کەرەستە پزیشکییەکانیش دەگرێتەوە. لێرەشدا بچووکترین هەڵە لە تەرجەمەدا، ڕەنگ بێ کارەساتی لێ بکەوێتەوە.

## نۆیەم: تەرجەمەی گشتگیر (General Translation) :

ئەمەیان باوترین جۆری تەرجەمەیە کە بۆ شتە ئاساییەکانی ژیانی ڕۆژانە پێویستە. شێوازی باوی ئەم جۆرە تەرجەمەیە بریتییە لە: ئاسانی، سادەیی، ڕەوانی وخاڵی بوون لە لێڵی و دوورکەوتنەوە لە زمانی ڕەوانبێژی و زاراوەسازیی و تەسەنعوکردندا. واتا زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانەی خەڵکی بەسەریدا زاڵە.

## دەیەم: تەرجەمەی ئەدەبی (Literary Translation):

ئەمەیان مەخسووسە بە تەرجەمەکردنی کاری ئەدەبیی، جا هەرچییێك بێت، لە داستان و ئەفسانەوە بیگرە تا مەتەڵۆکە و لایلایە وبەندوبالۆرە......تاد. بە بۆچوونی شارەزایانی جیهانی تەرجەمە ، ئەم

جۆرەیـان، بـە بـاڵاترین و شـکۆدارترین جـۆری تەرجەمـە دادەنـدرێت. بۆیە ئیمڕۆ چەندین تیۆری ئەدەبی و ڕێبازی هەمـەجۆری تایبەتمەنـد بــە تەرجەمــەی کــاری ئــەدەبی لــە بەردەســتدایە و کاروانەکــەش بەردەوامە. جگـە لەمـەی کـە ئـەم بابەتـە لـە زانکۆکانـدا دەخوێنـدرێت وەك سنعەتیش سەیردەکرێت و بەهرە و هونەر و بلیمـەتی و کارامـایی تاکــەکان ڕەنگدانــەوی خۆیــان لــەو پیشــەیەدا دەنــوێنن. جــا هــەر ڕشـتەیەکی یـان ژانرێکـی ئـەدەبی لـە شـیعر و چـیرۆك و ڕۆمـان..... موتــەرجیمی پســپۆڕی خــۆی هەیــە و هــەر موتــەرجیمێکیش ســەر بەقوتابخانەیەکی تەرجەمەیە یان لەژێر کاریگەریی  کاری تەرجەمـەی کەسێکی تردایە!

**یانزدەم: تەرجومەی بە سوێند ( خواردن ) (Sworn Translation )؛**

ئەم تەرجەمەیە بۆ هەموو کەسێك نییە دەستی بۆ ببات. تەنیا هێندێ کەس یـان دەزگـا و نووسـنگەی خـاوەن مـۆڵەتی تایبـەت  نـەبێت، کە بە گوێرەی یاسـا و ڕێسـای پـێش وەخـتی دەسـت نیشـانکراو، ڕێ پـێ دەدرێت کاری تەرجەمە ئـەنجام بـدات. لـە هێنـدێ وڵاتانـدا، ئـەو مافـە تــەنیا بــە هێنــدێ وەزارەتــی تایبەتمەنــدەوە دەدەرێــت کــە موتەرجیمـەکانی بڕوانامــەی تواناسـازیی باڵایــان هــەبێت و جێگــەی متمانــە بــن لــە پڕۆفیشــناڵەیی کارەکــەدا. مــۆری تایــەتی خۆیــان بــۆ

دروەست دەکرێت و واژوویان لێ وەردەگیرێت  کە بە ئاسانی قابیلی گۆڕانکاری و لەبەرگرتنەوە نیین.

## تەرجەمەی پشتاوپشت (Back Translation):[١]

ماموستا عەبدوڵڵای حەسەن زادە دەڵێت: "مەتەرجیم ڕەنج بەخەسارە، چونکێ ئەگەر کارەکەی خراپ دەرچوو، خەڵك سەرکۆنەی وی دەکا. بەهەرحاڵ، بە باوەڕی من، موتەرجیم خۆشچنی مەزرەعەی نووسەرەکانە، بەرهەم نووسەر خولقاندوویەتی ، فەزلەکە بۆ وییە."

دەکرێت ئەم " ڕەنج بەخەسارە"یە، لە سۆنگەی دوو خاڵەوە لێکبدەینەوە:

<u>یەك</u>: کاری تەرجەمە ، رۆحوەبەرهێنانەوەی دەقێکە بە زمانێکی تر، بە ڕاستی ئیشێکی قورس و زەحمەت و پڕ چاڵ و کەند و لەندی چاوەڕوان نەکراوە، کەواتە لە کاری تەرجەمەدا هەمیشە ( شتێك ، کارێك ، بوونێك) هەیە کە یان ئەنجامنەدراوە یان ئەنجامدراوە وەلێ هێشتا، ئارایشت و سۆرا و سپیاوی دەوێ. جا بەهێزترین و بە

---

[١] Crystal, Scott. Back Translation. London. Assocition of Translation ( Company.20 / 10 / 2007

دیقەتترین چاویش کە ئەم فەریکە کارە دەبینێت، نووسەری دەقەکەیە، یان ڕەخنەگری بە توانایە. ئەمە بووە هاندەر بۆ داهێنانی جۆرە تەرجەمەیەکی تر لەژێر ناونیشانی ( تەرجەمەی پشتاوپشت

Back Translation)- ف. ش. – ئەمەش پێناسەکەیەتی:" دوای تەرجەمەکردنی دەقێك لە زمانی سەرچاوە (Source Language)

و بۆ زمانی ئامانج (Target Language)، جارێکی تر ئەم دەقە تەرجەمەدەکرێتەوە لە دەقە تەرجەمە کراوەکەی زمانی ئامانج (Target Language)، بۆ زمانیەکەی سەرچاوە خۆی

(Source Language)". واتا یەك دەقی ڕەسەن ، دوو تەرجەمەی بۆ کراوە، جارێك بۆ زمانێکی تر ، جاری دووەم بۆ زمانەکەی خۆی کە پێ نووسراوە.

دوو: کاری موتەرجیم ، کارکردنە لەسەر بەرهەمی نووسەرانی تر، کەواتە هەمیشە ئەفزەلیەت و شکۆداریەکە دەدرێت بە باوکی دەقەکە، ئەگەر کاکی موتەرجیم ئەو پەڕیی وەستاکاریی و دەستڕەنگینیشی تێدا بەکارهێنابێ. بۆیە دەبین هەمیشە خەڵاتەکان- وەك خەڵاتی نۆبل- دەبەخشرێنە خاوەن دەقەکان ، پشکی وەرگێری گەر هەشبێ، شتێکی

ڕەمزییــــــــە. مامۆســــتا عەبــــدوڵڵای حەســــەن زادە، نــــاوی جـــوانی پێداهەڵگوتووە: " موتەرجیم ، خۆشچنی مەزرەعەی نووسەرەکانە."[١]

ســـــەربوردەی ســـــەرهەڵدانی ( تەرجەمـــــەی پشتاوپشـــــت) ،دەگەڕێتەوە بـۆ نووسـەری ناسـراو (Mark Twain) کـە هەمیشـە بـە گومانەوە دەیڕوانییە دەقە تەرجەمـەکراوەکان و بـە تەوسـەوە دەیگـوت ": دە وەرن دەقـە تەرجەمـەکراوەکان جـارێکێکی تـر هەڵگەڕێنـەوە بـۆ دەقەکـەی سەرچـاوە، جـا دەزانـن چ خەبەرە!" ئەوە بوو خۆی ، لـە ساڵی (١٩٠٣)دا ، (تەرجەمـەی پشتاوپشـتی) داهێنا.



Mark Twain

هەســـتا ئـــەو کۆمەڵـــە چـــیرۆکەی خـــۆی ( بۆقـــە عەمبازهاوێـــژە ناودارەکـەی هـەرێمی Calaveras) ، کـە تەرجەمـە کرابـوو بـۆ زمـانی فەرەنســاوی، جــارێکی تــر وەرگێڕایــە ســەر زمــانی ئینگلیــزی و لــە کتێبێکــدا بــە نــاوی ( مێــژووی چــیرۆکی بۆقــە عەمبازهاوێژەکــە)

---

[١] ( http://gulan-media.com/sorani/print.php?id=26499&section=9 تویژەر کەمال مەریوانی لە گەڵ عبدللای حەسەن زادە.

بڵاوکردەوە. لەم کتێبەدا ، یەك چیرۆك بە سێ شێوە دارِشتن پێشکێش کرا: دەقە ئەسڵییەکەی بە زمانی ئینگلیزی، دەقە تەرجومەکراوەکە بە زمانی فەرەنساوی ، دەق ئینگلیزیەکەی کە لە دەقە فەرەنساوییەکەوە تەرجەمەکرابوو).[١] ئەو دەرسەی کە لەم ئەزموونەدا بۆ ئێمە مایەوە ئەوەیە: ئەگەر دەمانەوێ لە ڕەسەنایەتی و خوێن پاکی دەقێکی تەرجەمەکراو دڵمان تەسکین بێت و گومانمان نەبێت، با بێن تەرجەمەی پشتاوپشتی بۆ بکەین. بەتایبەتی بۆ ئەو دۆکیۆمێنت و بەڵگە و تومارکراوە مێژوویانەی کە هەر دەقی تەرجەمەیان ماوەی و دەقەکەی زمانی سەرچاوەیان لەناوچووە.[٢]

## جۆرەکانی تری تەرجەمە : (Other Types of Translation)

### یەك: بەگوێرەی ئەداکردن:

### (According to the Performance)

---

(١ Mark Twain. The Jumping Frog. In EnglishNew york &London. Harper & Brothers. Public 2006. 65

(٢ http://transvanilla.blogpodt.com/2010/kinds-of- translation.html

ئەگـەر بێینـە سـەر جۆرەكـانی تەرجەمـە بـەگوێرەی ئـەداكردنی، ئەوا دەبینین كە (Elena Shapa) لە

(University of Moldova State) ئــەم خشــتەیەی بــۆ ئامادەكردووین:

١) تەرجەمەی فەرمی (Formal Translation)

٢) تەرجەمەی زارەكی (Oral Translation)

٣) تەرجەمەی تێكەڵ (Mixed Translation)

٤) تەرجەمەی ماشێنی / كۆمپیوتەری (MT/ PC Translation)

## دوو: بە پێی هەڵوەشاندنەوەی پێكهاتەی دەق:

## (According to the Decomposing of the Text)

لەسەر ئاستی هەڵوەشاندنەوەی پێكهاتـەی دەقیشـدا، دەكـرێ تەرجەمـە دابەش بكەین بۆ:

١) تەرجەمەی دەنگ.

٢) تەرجەمەی وشە.

٣) تەرجەمەی دەستەواژە.

٤) تەرجەمەی ڕستە.

٥) تەرجەمەی پەرەگراف.

٦) تەرجەمەی ڕایەڵەی ئاخاوتن.(Context)

٧) تەرجەمەی دەق لەناو دەق. ( بۆ نموونە: تەرجەمەکردنی وتارێك کە دەقی ئایەتی قورئانیشی تێدا بێت).

**سێ: بە گوێرەی ئامانج (According to the Aims) :**

ئەگەر بمانەوێ جۆری تەرجەمە لە چوارچێوەی ئامانج و مەبەستدا پۆلین بکەین، سێ جۆرە:

١) تەرجەمەی حەرفی (Literal Translation).

٢) تەرجەمەی پووختەکراو (Summative Translation).

٣) تەرجەمەی تەجریدی (Abstract Translation).

بەڵام لە ساڵی (٢٠٠٧) دا، (Brislin in Choliludin) ئامانجەکانی بەم شێوەیە پۆلین کرد:[١]

---

[١]) http://transvanilla.blogpodt.com/2010/kinds-of- translation.html

**١) تەرجــەمەی پراگمــاتیکی (Pragmatic Translation)؛**

لە هەموو دەقێکدا، هێندێ زانیـاریی هەیـە کـە کـڕۆك و ناوئـاخنی دیاریی کراوی ئەو بابەتەیە، جا لە تەرجەمەی پراگماتیکیـدا، وەرگێـڕ بە دوایی ئـەو زانیارییانـەدا دەگـەڕێت و خـۆی بـە شـتی لاوەکـی ، وەك جوانکاری و زاراوەسازیی و زمانەوانییەوە سەر قاڵ ناکـات. بـۆ نموونـە، کە کەتـەلۆکی چـونیەتی گـۆڕینی کلۆپـی ئۆتۆمبیلەکـەت بـۆ تـەرجەمـە دەکات، تەنیا هـەنگاوەکانی چـونیەتی ئەنجامـدانی ئـەو کـارەت دەخاتـە بەر دەست و بە دەقـاو دەقـی نووسـراوی واتـا بـە واتـای بابەتەکـەوە و ماندووت ناکات، تۆش هەر دەتەوێ کە بزانیت چۆن گلۆپەکـە بگـۆڕیـت و چیتر نا.

**٢) تەرجەمەی جوانکاری شیعریی**

**( Aesthetic-Poetic Translation):**

وەرگێـڕ، لێـرەدا نـەك تـەنیا نـاوەڕۆك و بیرۆکـە و مانـای دەقـە شـیعرەکە دەگەێنێتـە بـەر چـاوی خوێنـەری زمـانی ئامـانج، بـەڵکو بایـەخی زۆریـش بـە هەسـت و سـۆز و وێنـەی هونـەری و مۆسـیقا و لایەنە جوانکارییەکانی دەقەکەش دەدات. جا ئەمە هەر بۆ وەرگێڕانـی

دەقی شیعری نییە، لە وەرگێڕانی چیرۆك و ڕۆمان و شانۆگەری و گۆرانی و سروود و ..... تاد ئەم تایبەتمەندیانە لە بەرچاو دەگیرێت.

**٣) تەرجەمەی ئیتنۆگرافی( کەلتوریی )**

**(Ethnographic Translation):**

دەبێ وەرگێر، تەواو وردبین بێت و بزانێت کە هەر دەقێکی ئەو خۆی پێوە خەریك دەکات، دوو ژینگەی تایبەتمەندی خۆی هەیە، یەك : ژینگەی دەقەکە، بە واتایەکی تر دەبێ وەرگێڕ لە کەلتووری ڕەسەنی ئەو سەرچاوەوە شارەزایی باشی هەبێت و بتوانێت ئەو ژینگەیە وەك خۆی بۆ زمانی ئامانج بگوێزێتەوە. بۆ نموونە، وەرگێڕانی دەقێکی فۆلکلۆری ئەمازیغی، ئەوە دەخوازێ کە وەرگێڕ زۆر شت لەبارەی ژیان و ژینگە و کەلتووری ئەماغیزییەکان بزانێت. دوو: دەبێ وەرگێڕ ، هەستیار بێت کە (وشە)ش خاوەن ژینگەی خۆیەتی، بەدحاڵی بوون و نابەلەدی لەو ژینگەیە ، ئاکامەکەی بەدوەرگێڕانی لێدەکەوێتەوە. با نموونەیەکتان بۆ بێنمەوە. لە دەقێکی ئینگلیزیدا وشەی (why) هاتووە، ئەوە ژینگەی وشە و ڕستەکەیە پێت دەڵێت، کام لەو هاوواتایانە بۆ وەرگێڕانەکەت دەسازێ و دروستە :" بۆ / بۆچی / لەبەرچی / لەسەرچی / لۆ / چما / ئەرا/ هۆکاری چی بوو / ئێ بۆ / جا بۆ / بۆۆۆۆ......"

**٤) تەرجـەمـەی زمانـەوانی (Linguistic Translation):**

**زۆربـەی پێکهاتـە و ڕەگـەزەکانی زمانـەوانیی ، لـەم وەرگێڕانـەدا ، وردە حیسابی خۆی بـۆ دەکرێـت وەك : مـۆڕفیم و فـۆرمی ڕێزمـانی و داڕشتن و ڕستەسازیی و واتاسازیی و ....تاد.**

**چـوار: بە گوێرەی ژمـارەی بەژداربووان:**

**(According to the Translators’ Number )**

**بـۆ ژمـارەی بەشـداربووانی وەرگێـر لـە کاریکـدا ، دوو جـۆرە کـاری تەرجەمە هەیە:**

1) **تەرجەمەی تاکەکەسی** (Individual Translation).

2) **تەرجەمەی دەستەجەمعی** (Committee Translation):

**واتا پتر لە کەسێك بەیەکەوە لە سەر یەك دەق کار دەکەن. وەك ئـەو (٧٢) وەرگێرشەی کە تەوراتیان لە گریکیەوە کردەوە عیبری، یـان وەك ئـەو (٧) موتەرجیمـەی کـە شـیعرەکانی بـابلۆ نیرۆدایـان لـە زمـانی ئیسپانییەوە بۆ زمانی ئینگلیزی وەرگێڕا.**[١]

---

[١] ( Pablo Neuruda Selected poems. Vintage Books. London 1970. Edited by Nathaniel Tarn.

**پێنــج: بە گوێــرەی ڕووبــەر دەق:**

**(According to the Text Coverage)**

تەرجەمــە لــە ســەر ئاســتی ڕووبــەر دەقــی بابــەت بــۆ دوو تــا دابــەش دەکرێت:

۱) تەرجەمەی تەواو و تەکمیل (Full Translation):

واتــا دەقەکــە بــە تــەواوی و بــەبێ قرتانــدن بــۆ زمــانی ئامــانج وەردەکێڕدرێت.

۲) تەرجەمەی بەشبەش (Partial Translation):

واتــا تــەنیا هێنــدێ بەشــی دەقەکــە وەردەگیرێــت و ڕســتە و دەستەواژە هەیە لە زمانی سەرچاوەوە ناگوێزترێتەوە بۆ زمانی ئامانج بەبێ تێکەڵ کردن و هەڵشێلانەوەی لەگەڵ بەشەکانی تری دەقەکەدا.

**شــەش: بــە گــوێرەی ئاســتی زمانــەوانی:** [1]

**(According to the Linguistic Level)**

---

[1]) پەروین عوسمان مستەفا عەلاف. واتا و وەرگێڕان . چاپخانەی ڕۆژهەلات. هەولێر. ۲۰۰۹

**بەگوێرەی ئاستی زمانەوانیش، تەرجەمە دوو جۆرە:**

**١) تەرجەمەی سەرتاپایی** (Total Translation) :

**وەرگێڕ ئاستی مۆرفۆلۆجی و سینتاکسی دەقەکە لەبەر چاو دەگرێت و گۆڕانی یاسا دەنگییەکان فەرامۆش ناکات.**

**٢) تەرجەمەی بەنکراو** (Restricted Translation):

**لێرەدا دەستکاری کردنی هێندێ پێکهاتەی دەقەکە مومکین و جائیزە ، وەك :**

- **ئاستی دەنگسازی** (Phonological Level).
- **ئاستی ڕێنووسی** (Graphological Level).
- **ئاستی ڕیزمانی** (Grammatical Level).
- **ئاستی فەرهەنگ** (Lexicon Level).

## حەوت: بە گوێرەی ڕێبازی پێڕەوکراو:

## (According to the Fellowed Method)

**خۆ ئەگەر لە جۆری ڕێبازی پێڕەوکراوی وەرگێڕیش بپرسین، ئەویش دوو جۆر:**

**١) تەرجەمەی مەرتەبەدار (Rank-Bound Translation):**

وەرگێر لە دەقەکەیدا ، لە سەرتاپای کارەکەیدا پابەندی یەك جۆرە ڕێباز دەبێت و لاڕێ لانادات تا دوا نوقتەی وەرگێڕانەکە. بۆ نموونە، کە ئەو تەرجەمەکەی بە ڕێبازی ( وشە بە وشە) دەست پێ کرد، هەر لەسەر ئەو نەفەسە و ئەو نەسەقە دەڕوات تا کارەکە تەواو دەکات.

**٢) تەرجەمەی بەڕەڵا ( Unbounded Translation):**

وەرگێڕ، بە ئارەزوی خۆی لە ڕێبازێکەوە عەمبازان دەهاوێ بۆ ڕێبازێکی تر و ئازادیی ڕەهای هەیە. ئەو چی پێ باشە ، بە گوێرەی ڕستە و دەستەواژە و بەندی دەقەکە دەیکات و مل کەچی یەك تاکە قوتابخانە و ڕێبازی وەرگێڕان نابێت.

## هەشت: بەگوێرەی بنەمای نیشانەکانی زمان:[١]

## (According to the Basis of Linguistic Codes)

---

[١]) پەروین عوسمان مستەفا عەلاف. واتا و وەرگێڕان . چاپخانەی ڕۆژهەڵات. هەولێر. ٢٠٠٩



Roman Jacobson

کەواتــە ، خوێنــەری بــەڕێز، هۆبــە و پۆلەکانی وەرگێڕان زۆرن و هەر زانایـەی گـەز و مەقەسـتی خـۆی پێیـەوە چـونی بووێـت وای دادەتلیشێنیٚ! ئەوەتا (Roman Jacobson )، لــە سـاڵی (٢٠٠٠) دا ، ئـەم خشـتەیەی لـە سـەر (بنـەمای نیشانەکانی زمـان ) و ئاڵۆگۆڕکردنیـان لە تەرجەمەدا ، کێشاوە:

١) تەرجەمەی لە خودی زمانێکەوە (Intralingual Translation):

ئەمەش تەرجەمەی هێما دەنگییەکان یـان زارەکییـەکان دەگرێتـەوە لە خودی یەك زماندا. بۆ نموونە / وەرگێڕانی شیعرەکانی ( مەولەوی) لە زاری هەورامای بۆ زاری سۆرانی یـان کرمـانجی - Monolingual Translation-

٢) تەرجەمەی فرەزمانی (Intrelingual Translation)؛

واتا، وەرگێڕانی دەقێك لە زمانێکەوە بـۆ زمـانێکی تـری نێـو ئـەو (٢٥٠٠) زمانـەی کـە ئـەمڕۆ لـە جیهانـدا بوونیـان هەیـە، . لێرەشـدا جەخت لەسەر بایەخدان بە گواستنەوەی نیشـانە زمانییـەکان دەدرێـت و مەسەلەکە هەر گۆڕینەوی وشە بە وشە نییە. پێشی دەگوترێت:

.(Bilingual Multilingual Translation)

٣) تەرجەمەی نیشانەگۆڕیی (Intersemiotic Translation)؛

ئەمەش تەرجەمەکردنی نیشانە زارەکییەکانی زمانە ، لە ڕێی سیستمی تایبەتمەندا، بۆ نیشانە و هیما نا-زمانییەکان. وەك تەرجومەکردنی دەنگوباس به هیمای جووله بۆ ئەو کەسانەی کە کەڕ و لاڵن. یان جوله و هێماکانی ناوبژیەوان له گۆڕەپانی تۆپیی پێدا، که هەر جولەیەك هەڵگری هێمایەکی زارەکیی زمانە.

ئێستاش، نزیکەی (٢٠) جۆری تر لە تەرجەمە ماوە کە بوتان بەیان بکەم ، نامەوێ لێرەدا سەری ئێوەی پێ بهێشێنم، تەنیا ئەم دوو جورەشتان بۆ ڕاڤە دەکەم کە گرنگی خۆیان هەیە:

**یەکەم: تەرجەمەی دێڕ بە دێڕ**

**(Line – For – Line Translation)[١]؛**

نابێ ئەم جۆرە تەرجەمە لەگەڵ تەرجەمەی وشە بە وشە (Word – For –Word translation) تێکەڵ بکەین. لێرەدا ، لە هەمان لاپەڕەدا — یان لە لاپەڕەی بەرانبەردا- دەقەکە بە هەردوو زمان نووسراوە .(زمانی سەرچاوە و زمانی ئامانج) : گرنگی ئەم جۆرە تەرجەمەیە ئەوەیە کە خوێنەر دەبێتە ڕەخنەگر و حەکەم،

---

١) http:// WWW. Slideshare.net/elenashapa/translation-types

چونکە دەقەکە بە هەردوو زمانی ( سەرچاوە و ئامانج) دەبینێت.




ئەمە بۆ خوێندنی ئەکادیمیی، لە زانکۆکاندا بایەخی خۆی هەیە ، بە تایبەتی لەو بەشانەی ڕشتەی تەرجەمەیان تێدا دەخوێندرێت، بۆ نموونە دیوانی شیعرەکانی( بابلۆ نیرۆدا بە زمانی ئیسپانی و ئینگلیزی ) وە کتێبی ( هەڵبژاردەیەک لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس ، بە زمانی کوردی و سریانی) کە دکتور هاوژین صلیوە وەریگێڕاوە .[1]

[1] ) هەڵبژاردەیەک لە شیعری شێرکۆ بێکەس. وەرگێڕانی بۆ سریانی د. هاوژین صلیوە. چاپخانەی شەهاب هەولێر- ٢٠١٥ .

## دووەم: تەرجەمەی ئیـد یـەم (Idiomatic Translation):

ئیدیەم بریتییە" لەو تێکەڵی و تێکچڕژانەی، کە ئاسای دوو وشە یان زیاتر پێکی دێنن و ئەو واتایەی، کە دێتە کایەوە، لە ئەنجامی ئـەو تێکەڵییەوە ، لە واتای کەرتەکانەوە، یـان لـە پەیوەنـدی ڕێزمـانیی ئـەم کەرتانە پێشبینی ناکرێت."[١] لەبـەر ئـەوەی پەنـدی پێشـینان و قسـەی نەستەق و ئیدیەمی تایبەت بە زمان، ئەگەر تەرجەمەی زمانی ئامـانج بکرێـت ، نـەك نیشـانە نـاپێکێ بـەڵكو زۆر جـار هەیـە دەبێتـە قسـەی عەلەقمەلـەق. جـا چارەسـەری ئـەو دەردە ئەوەیـە ، کـە دەبـێ کـاکی

[١] ) محمد معروف. گۆڤاری کۆڕی زانیاری عیراق. دەستەی کورد. بەرگی ١٥. بەغدا. ١٩٨٦. ل: ٦٨

وەرگێـڕ شـارەزایی باشـی لـە کـەلتوور و فۆلکلـۆر و زمـانی ئاخـاوتنی هەردوو لا هەبێت، دەنـا تێدەکـەوێت و کارەکـەی مایـەپووچ دەردەچـێ.

زۆر نموونەم لەبەر دەستە، کە دەقە وەرگێڕدراوەکە ، بۆتە نوکتە!

کەواتە وەرگێڕ پەندەپێشینانەکەی زمانی سەرچاوە وەرناگێڕێتە سەر زمانی ئامانج، بەڵکو بە پەنـدێکی تـری دەگۆڕێتـەوە کـە هـەڵگری هەمان واتا و بیرۆکەیە:

بـــۆ نموونـــە بـــۆ پەنـــدێکی زمـــانی عـــەرەبی وەك :

"اصبر على الحصرم يصير عنب" [1]

دەبێ شتێکی لەم بابەتەی لە زمانی کوریدا بۆ بدۆزینەوە :

" ئەوەی لەسـەر سـەبرانە، لەسـەر خێـرانە."

یان بۆ پەندێکی زمانی ئینگلیزی وەك

"A penny saved is a penny earned" [2]

---

(1) http://www.m3loma.com/amthal/sabr.htm

(2) http://www.phrasemix.com/collections/the-50-most-important-english-proverbs

له زمانی کوردیدی دەڵێین:

" قــڕانی ( پــوولی ) ســپی بــۆ ڕۆژی ڕەش. " .

## بەشــی دووەم

## خــوێنــدنەوەیەك بــۆ کتێبی

## " گــوڵبژێــرێــك لــە شــیعری کــوردی"

## بە زمانی ئینگلیزی چاپکراوە

## (An Anthology of Kurdish Poetry)

**بـەرکـوڵ (Preface):**

دوای چــاوەڕوانییەکی زۆر لـــە ســـەر پشـــکۆ و ژیلـــەمۆیان، خۆشبەختانە، کتێبی " **گوڵبژێرێك لە شیعری کوردی**" بە زمانی ئینگلیزی

**(An Anthology of Kurdish Poetry)** [1]

گەیشتە سـەر ڕەفتـەی کتێبخانـەکان و جۆمـاڵێکی گـەورەی لـە نێـوان ئەدەبی کوردی و ئەدەبی نەتەوەکانی تر پڕکردەوە و چەند هـەنگاوێك ڕێگـەی دووری نێوانیـانی قـەدبڕکرد. پێناسـەی ئـەم کتێبـەتان بـەم شێوەیە بۆ پووختەدەکەم: کتێبەکە کە بەرهەمی (یەکێتی نووسـەرانی کورد)ە لە دوتوێی (٣٣٦) لاپەڕەی قەبارە (22 X 15) سم و بە فۆنتی (١٥) تایپکراوە و بەرگە ڕەنگاڵەکـەی دیزاینێکی جوان و ئێسکسووکی بۆ کێشراوە. کتێبەکە ، جگە لـە پێشـەکی و پێرسـت ، (٨٣) ناونیشـان و مانشێتی شیعری کە بەرهەمی (٧٢) شاعیری کوردە لە خۆگرتـووە. (١٧) وەرگێـڕ ئـەم کۆمەڵـە شـیعرەیان هێناوەتـە سـەر زمـانی ئینگلیـزی. درێــژترین تێکســت (١٩٢) دێــڕە شــیعری "کــەریم دەشــتی" یــە و

1) (An Anthology of Kurdish Poetry) Selected with an introduction by Prof. Dr. Hemdad Hussen. Kurd Writers’ Union. Print ? 2014.

کورترینیشیان تێکستێکی (١٠) دێڕی شاعیر "نەوزاد عەلی ئەحمەد"ە.

بایەخی ئەم کتێبە وتارێکی درێژی چڕوپڕی ڕەوانی گەرەکە - کە نامەوێ لێرەدا قسەی لێوە بکەم - تەنیا ئەوەندە دەڵێم ئەوانەی شارەزای ئەدەبن و هامووشوکەری وڵاتانی بیانی دەکەن یان مەجلیس و دیوەخانیان مۆنجەی دێ لە میوانانی بێگانە، دەزانن چۆن چۆنی زمانمان تێکدەئالێت و لاڵ دەبێ کاتێ داوای یەك دوو نموونە شیعری خۆماڵیمان لێدەکەن و ئێمەش یەکسەر زارمان قوفڵ دەدرێت. بەندە زوو لە وڵاتی ئایرلەندای باشوور ، کۆمەڵە شیعرێکی خۆی کردە زمانی ئینگلیزی تا هەر نەبێ بتوانی دوو قسە و باس لەسەر بەرهەمەکانی خۆی بکات، ئاخر ماسی لە هەموو وڵاتاندا لە دەریا مامەڵە ناکرێ! جگە لەم خاڵە، کە دەچیتە کتێبخانە گەورەکانی وڵاتان و سەر بە ڕیزبەندی کتێبەکاندا دادەگرێ و سەیر دەکەی ئەدەبی زمانەکەی تۆ هەتیوچەیە، زۆر زگت بە خۆت دەسووتێ و گریانت بۆ حاڵی شیعری کوردی و ئەدەبی کوردی دێت. بۆیە ئەم کتێبە دەبێتە سەفیری شیعری کوردی لە دەرەوەی سنووری کوردستان و وەك سەرچاوەیەکی بەپێزیش دەستی خوێندکارانی بیانی و خۆماڵیش دەگرێ. خۆزیا زۆر زۆر زووتر خەمخۆرانی شیعر و ئەدەبی کوردی بەم کارە هەڵدەستان!

**ماموّستا عەبدوڵڵای حەسەن زادە  وا باسی گرنگی کاری تەرجەمە دەکات:"  وەرگێڕان لە هەموو زمانێکدا بۆ بەرەو پێش بردنی فەرهەنگی  ئەو میللەتەی کە تەرجەمە بۆ زمانەکەی دەکرێ زۆر کاریگەرە.  ئەمە لە دوو بارەوە کاریگکەرە:  لەبارێکەوە ئەدەبیاتی گەلان  ئەو مەفهومانەی کە لە لای خەڵکی دیکە هەن ،  ئەوانە دێنیتە نێو  فکر و فەرهەنگ و کەلتووری میللەتی خۆیەوە، لە لایەکی دیکەشەوە  بۆ خۆی زمانەکە وەسییلەیەکی زۆر باشی پەرەپێدانە."[١] وە دەڵێت:" کاری تەرجەمە کۆمەك بە پەرەگرتن و بەرەوپێش چوونی فەرهەنگی هەموو میللەتێك دەتوانی بکا."[٢]**

**ئێستیش لە دڵڕا پیرۆزبایی لە هەموو  ئەو کەسانە دەکەم کە ڕەنجیان کێشاوە و ماندوو بوون لە بە چاپگەیاندنی ئەم بەرهەمە ژیکەڵەیە. دڵنیام ماموّستا و خوێندکار و زانکۆییەکانی خۆمان دڵخۆشن بەم بەرهەمە و سوودی لێوەردەگرن.**

---

[١] ( http://gulan-media.com/sorani/print.php?id=26499&section=9

**تویژەر کەمال مەریوانی لە گەڵ عبدللای حەسەن زادە.**

[٢] **سەرچاوەی پێشوو.**

کـورد دەڵـێ: " مـاڵ نـەبوو میـوانیش بـۆ بـوو." ڕەخنـە و ڕەخنەکاری دەربارەی کتێبی کوردی زۆری لەسەر گوتراوە و دەگوترێت، زۆربەشـیان پەنجـە بـۆ هـەژاریی و کڵۆڵی ئـەم ژانـرە پـڕ بایەخـە درێـژ دەکەن. جا ئەگەر حاڵی ڕەخنەگرتن لەسەر کتێبەکانی کـە بـە زمـانی کوردی نووسـرابن ئـەهوابێت، ئـەدی بـۆ بەرهـەمێکی تازەبـاو ، کـە بـە زمانی ئینگلیزی تومار کراوە ، دەبێ چۆن بێت؟

بەندە، بە حەز و شەوقێکی گەرمەوە و ئەوەندەی تـیر و ڕمـبم بڕدەکـات، وا شـانی خـۆمی دەدەمەبـەرێ و لـە دڵـەوە حـەز دەکـەم کـە کتێبەکانی ئێمە لـە پۆپـە و لوتکـە دابـن و ئـەم نووسـینەم پاکنووسـێك بێت بۆ چاپی دووەمی ئەم کتێبە و بۆ ڕەخنەگر و موریدانی ڕەخنـەی کـوردیش شـتێك بخەمـە سـەر ئەرشـیڤی ئـەو ژانـرە ئەدەبییـە ، جـا هیوادارم کە ئەگەر ئاماژەکانم ئەکادیمییانە و زانستییانە و پەسندن بن ، بە هێندی وەرگرن.

پـێش ئـەوەی کەوڵەکـەم ببەسـتم و بێمـە بـەردەزگا و دەسـت بکـەم بـە چەکوشـکاری ڕخنـە، حەزدەکـەم دەربـارەی زاراوەی (Anthology) دوو قسە بکەم:

بـە کـورتی، پێناسـەی زاراوەی (Anthology) ئەوەیـە: کۆکراوەیـەك لـە هەڵبـژاردەی کـارێکی ئـەدەبی، وەك شـیعر، کورتـە

چیرۆك، شانۆگەری، گۆرانی، كورتە ڕۆمان، لە یەك بەرگی بڵاوكراوەدا . تەواوی بەرگەكانی هەڵبژاردە كۆكراوەكانیش پێ دەگوترێت: " كۆبەرهەم" (Opera Omnia).[1]

زاراوەی (Anthology)، لە دەوروبەری سەدەی حەڤدەمدا، لە سەرچاوە گریكەكەیەوە پەڕیوەتە نێو زمانی ئینگلیزی، خودی ئەسڵی وشەكە (Anthologia) یە، كە بەمانای (چەپكەگوڵ) دێت. جا لەسەرەتای بەكارهێنانیشی هەر بۆ گوڵبژێریی پەندی پێشینان و قسەی نەستەقی نێو زمانی لاتینی بەكار هاتووە. [2] بەلای منەوە بە زمانی كوردی وشەی ( گوڵبژێر) پڕ بە پێستییەتی.

بەكارهێنان و ئەمدەست ئەودەستی زاراوەكە، ئەمڕۆ سنووری جیهانی ئەدەبی بەزاندووە و لە بوارەكانی میدیادا، وەك رادیۆ و تەلەڤزیۆن و سینەما و كتێبی گاڵتەوگەپدا حزووری بەرچاوی هەیە.

هاوبەستەیی زاراوەی (Anthology) لەگەڵ شیعردا ، لە سەدەی بیستەمدا، پتر بەهێز بوو و گەشەی ساند. كاتێك تاقمێك لە گەنجانی وڵاتی جورجیا بە ناوی (نەوە) ، گوڵبژێرێك لە شیعرەكانی خۆیان

---

[1] ( http://en.wikiedia.org/wiki/Anthology

[2] ( The Oxford Companion to the English Language, Namit Bhatia,ed 1992- pp. 151


Ezra Pound

هێنایە سەر زمانی ئینگلیزی. هێندەی پێنەچوو بڵاوکردنەوەی کۆمەڵە شیعر بوو بە نەریت و پەڕییەوە بۆ تخووبی ژانرەکانی تری ئەدەب، وەك چیرۆك و گۆرانی و شانۆ......تاد.

ئەمرو دەزگا زەبەلاحەکانی چاپ و پەخش و بڵاوکردنەوە، لە جیهاندا، بابەتی گوڵبژێریان لە کن پەسندترو پڕ ڕەواجترە ، لەچاو کتێبی تاکە کەسی و تاکبابەتی. ئەم فاشنە (مۆدیلە) نوێیە ، چەندین دەروازەی فراوانی بە ڕووی شاعیراندا کردەوە ، تا دەستە دەستە خۆیان بە خوێنەرەکانیان بناسێنن. لەم هەوارەشدا، ناوی شاعیری ئینگلیزی (Ezra Pound) لە دەستپێشخەریدا، لە ڕیزبەندی پێشەوە دایە.

بۆ ئێمەمانانی کورد، چاپکردن و بڵاوکردنەوەی گوڵبژێری بەرهەمی ئەدەبی، لە هەموو بوارەکاندا، تا بڵێیت زەرووڕەتێکی پێشڕەوی گەشەکردن و ناساندن و دەرخستنی ئەدەبەکەمانە بۆ خوێنەری غەیرە کورد. بەها مەزنەکەی ئەو کارە ئەدەبییە لەودایە کە ئەو گوڵبژێرە چەپکێك قەڵەمی ئەزموون جیاواز و تەمەن جیاوازی نەتەوەکەمان بە خەڵکانی تردەناسێنێت و ناومان دەخاتە ناو ناوان. ئەکید، ئەم جورە بەرهەمە کە تێکەڵەیەکە لە دید و ڕامان و

فەلسەفەی کاری ئەو گروپە هەڵبژاردەیە، دەنگ و ڕەنگێك لە دڵ و دەروون و هزری کاکی خوێنەر، کەم تا زۆر، بەجێدەهێڵێت.

خوێنەرێ ئازیز، بۆ هاسانکاری شیتەڵکردنەوە و خەستکردنەوەی تێبینییەکانم دەربارەی ئەم کتێبە ، بەم سەرە قەڵەمانە ، خاڵ بە خاڵ پێدا دێمە خوارەوە :

## یەکەم: پێشەکی و هەڵبژاردە

## :(The Introduction & Slection)



پ. د. هیمداد حوسێن

پرۆفیسۆر دکتور هیمداد حوسین پێشەکییەکی پوخت و بە بڕشت و گشتگیر و زانیار - بەخشی ، دەربارەی ڕەوتی شیعری کوردی ، لە بەرە بەیانی مێژووی ئەدەبی کوردییەوە تا ئەمڕۆ بە جوانی بەیانکردوە و خوێنەر بەبێ هەناسە سواربوون و چاو هەڵگوشین ، گەشتێکی خۆش بەناو باغ و باغاتی شیعری کوردی دا دەکات. جگە لەمە ، ئەو زاتە ، شارەزایانە و کارامانە ، وەك کەسێکی ئەکادیمیی، بە بێلایەنانە، ڕیزبەندێکی پەسندی بۆ زۆربەی شاعیرانی کوردی کردوە، تا ڕادەیەکی باش تێیدا سەرکەتووە. ئەم کارە وا ئاسان نییە وەك هێندێ کەس بەسەر پێیی پێیدا دەڕوانن. ڕاستە پڕ بە دڵ حەزمان دەکرد ناوی ئەحمەدی خانی

و حاجی قادری کۆیی و شێخ ڕەزای تاڵەبانی و قانیع و پیرەمێرد و......
پتر شاعیرانی لاو و هاوچەرخ و چەند نموونەیەکی شیعری فۆلکلۆریشی تێدا بوایە ، وەلێ دەکرێ ئەم کتێبە ناو بنێین " بەرگی یەکەم".

دەبێ ئەم خاڵەش فەرامۆش نەکرێت: لە گوڵبژێری شاعیرەکاند گلەیمان نییە، وەلێ لە هێندێ دەقی هەڵبژاردە ی وەرگێڕەکان، قسەمان هەیە، چونکە دڵنیام ئەوە وەرگێڕەکەیە کە دەستی بۆ ئەو دەقە شیعرییە بردوە نەك بۆی دەستنیشان کرابێت . دەمەوێ بڵێم ، دەقی تێدایە ، بە بەراورد بە بەرهەمەکانی شاعیرەکە باڵا نییە یان ئامانجی نە پێکاوە ، چونکە خودی کاری هەڵبژاردنی دەقەکەش شارەزایی و کارامەی خۆی دەوێت، وەرگێڕ دەبێ بپرسێ، چ هەڵدەبژێریت و بۆ کێ ئەو دە قە هەڵدەبژێری؟ بۆ نموونە هەلبژاردەی باشتر و لە بارتر هەبوو بۆ شیعرەکەی (گۆران) و (جەگەرخوێن). [1]

---

[1] (An Anthology of Kurdish Poetry) Selected with an introduction by Prof.Dr. Hemdad Hussen. Kurd Writers' Union. Print ? 2014 pp.23 / 161

## دووەم: مـوتــەرجیـمەکــان (The Translators)؛

شیعر هەمیشه کێوێکی ڕك و سەخت و پڕ هەڵدێر بـووە بـە ڕووی موتەرجیمەکانیدا. شارەزایانی دنیای شیعر زوو دەرکیـان بـە کێشه و گرفتەکانی ئـەم کـارە کـردووە. چـەندان سـەدە پـێش ئێسـتا گریکـە کۆنــەکان گوتویانــە:" چـێژی شـیعری تەرجەمــەکراو، وەك چێژی ئەو ماچەیە وایە لەسـەر پێچـەوە بکرێـت." شـێرکۆ بێکـەس دەڵێت:" تەرجەمـەی شیعر وەك ماچـی ئـەو دیـوی شووشـەیە." یـان دەڵێـت:" شـیعری تەرجەمـەکراو ، نەخشـی ئـەو دیـوی فەرشـەکەیە." هەر بۆیە (Roman Jacobson)ی پسپۆڕی سیمۆلۆژیا پێـی وایـە کـە:" شـیعر بابەتێکە ئەسڵەن قـابیلی تەرجەمـەکردن نییـە." و (Rebert Frost) یش لـە سـاڵی (١٩٩٧) دا گـوتی:" شـیعر شـتێکە لـە تەرجومەدا ون دەبێت." [١]

ئەوەتانی (تەلعـەت تـاهیر)، کـردەی وەرگێڕانـی شـیعری بـە ( تاکـە خیانەتی جوان) ناو بـردووە. ئـەو دەڵێـت:" هێشـتا جـەدەلی خیانەتـە ناچارییەکەی وەرگێڕانـی شـیعر بەردەوامـە (تاکـە خیانـەتی جـوان). چــونکە وەرگێڕانــی شــیعر تــەنیا ئــەرکێکی تــەکنیکی نییــە بــە

---

[١] http:// wikipedia.org/wiki/Translation

گواستنەوەی وشەکان و ناوەڕۆك و شێواز بۆ زمانێکی دیکە کۆتایی بێت، شیعر  بە تەنیا پێکهاتەیەکی زمانەوانی و مانابەخشین نییە: بەڵکو تیایدا دەنگ و ڕەزم و سرووتەکانی هەناوی زمان بە هاوتەریب بوونێکی داهێنەرانە ( بەیەکەوە و لە یەککاتدا هەنگاو دەنێنن)، ئەم هاوتەرییبوونەیش مەحاڵە لە کوچە و  شەقامەکانی زمانێکی تردا بتوانێت ڕێبکا، مەحاڵە لەبەر ئەوەی  زمانەکان تونێلی سایکۆلۆژی و قالبی موسیقا و نەسەقی بوونی تایبەت بە خۆیان هەیە."[١]

مامۆستا عەبوڵڵای حەسەن زادە بە زمانەکەی خۆی بەم شێوەیە بۆچوونی خۆیمان بۆ  ڕاڤەدەکا:" یەکەم ئەوەی مەتڵەبە بە زمانی کوردی  چۆن دەگوترێ وای بڵێم. دووەم سەعی بکەم بچمە نێو ڕۆحیاتی وییەوە یان هیچ نەبێ ڕۆحیاتیی ویت کە دیوە لە جامیعەدا، موجەسەمی بکەی. مەسەلەن قەت پێم خۆش نییە شتی کەشتییەوانێك تەرجەمە بکەم. قسەیەك لە زمان کەشتییەوانەکەوە بکەم،  چونکە بەحەیاتی  خۆم ڕەنگە سەفەرێکی کورتی  نیو  سعاتی

---

[١] ) ڕۆژنامەی ڕەخنەی چاودێر. ژ: ٤٤٠ لە ١٢ / ١ / ٢٠١٥

سواری کەشتیی بوو بم. دەنا ئەسڵەن سواری کەشتی نەبووم، کەوابێ نازانم کەشتییەوانێك چۆن قسە دەکا. چۆن بیر دەکاتەوە." [1]

(Douglas Hofstadter) لە کتێبی

(Le Ton Beau de Marto) داوا دەکات کە شیعر تەرجەمە نەکرێت، ئەگەر هەر کرا، دەبێ کێش و مۆزیك و فۆڕمەکەی خۆی بەبەردا بکرێتەوە." [2]

کەواتە ئەگەر لێرە و لەوێ ، کاکی موتەرجیم ، هەڵەیەکیشی هەبێ دەکرێ لە چاپی دواتردا ڕاست بکرێتەوە وەك کوفر و تاوان مامەڵەی لە گەڵدا نەکرێ. لە کۆی ئەم (٨٣) تایتڵەی ئەم گوڵبژێرەدا، " شەماڵ ئاکریی" (٢٦) تێکستی تەرجەمە کردوە. بەندە (١٢) تێکست و "سەلاح قابیل" (٥) و " محەمەد حوسێن ڕەسووڵ و درەخشان عەلی خۆشناو" هەر یەکەی (٤) تێکستیان وەرگێڕاوە و ئەوانی تری لە (٣) تا یەك تێکست. بە پێی ئەو پێوەرانەی من بۆ هەڵسەنگاندنی ئەم کتێبە پەیڕەوم کردووە، وەرگێڕەکان بۆ چوار هۆبە پۆلین دەکەم:

---

[1] ) http://gulan-media.com/sorani/print.php?id=26499&section=9 تویژەر کەمال مەریوانی لە گەڵ عبدللای حەسەن زادە.

[2] ) ت http:// wikipedia.org/wiki/Translation

**١) مـوتــەرجیمـە نــایــابــەکــان:**

ئەوانــەن کـە نــەك هــەر دەســەڵاتی تــەواویان بــە ســەر هــەردوو زمانەکەدا هەیە ، بەڵکو لە هونەری هۆنینەوە و داڕشتنی شیعرەکان بـە زمانی ئینگلیزیش تەواو ئاشنان و خۆیان بـە زمـانی ئینگلیـزی شـیعری جوانیان بڵاوکردۆتەوە. کەواتە ئەوان شارەزای سنعەتی شیعرن و بـەبێ موجامەلــە، خــوم ئیرەیــان پێدەبــەم. چــونکە قــەت هەســت ناکــەی شیعرێك دەخوێنیتەوە کە تەرجەمە کرابێت. لە نێو ئـەم شـاعیرانەدا ، خــاتوو " درەخشـان عــەلی خۆشـناو" ە کـە قەسـیدەیەکی خـۆی و سـێ قەســیدەی شــاعیرانی تریشــی تەرجەمــەکردووە . هــەروەها خــاتوو "گوڵنار عەلی" کە یەك قەسیدەی خۆی کردۆتە ئینگلیزی.

(Roman Ingarden)ن دەق دابەشدەکات بەسەر دوو جەمسەرەوە:



Roman Ingarden

هونــــەری (Artistic) وە ئێســــتاتیکایی (Aesthetic).

جەمســــەری هونــــەری پەیوەنــــدارە بــــە تایبەتمەندییــە ناوەکییــەکانی دەق، بــە ڕێگــای ڕێك بوون و پێوەندی توخموکانیەوە . هەرچی جەمســــەری ئێســــتاتیکایە ئــــەوا وابەســــتەی خوێندنــــەوەی دەق و

بەدەرخستنی واتاکانی و بنیادە تایبەتییەکانیەتی."[1] ئەگەر بەچاوی ڕەخنەوە ، شیعرە تەرجەمەکراوەکانی ئەم گروپە هەڵسەنگێنین ، دەبینین کە سەرکەتووانە ئەم دوو خاڵەیان لە کارەکانیاندا لەبەر چاو گرتووە .

**ب ) وەرگێڕە زۆر باشەکان :**

ئەمانەش لە لوتکەدان و شایستەی مەدح کردنن، جیاوازیان ئەوەیە تەنیا لە موسیقا و کێش و ڕتمی شیعرەکاندا کەم تەرخەمیان نواندوە یان بەلای ئەوانە ڕاوی مانا و ناوەرۆك و بیرۆکەی شیعرەکە گرنگترە لە فۆرم و قالبی شیعری. ئەمەیش هیچ عەیب و عارێکی تێدا نییە. لە نێوانیاندا بەلای منەوە، ئەمە بەڕێزانەن:" وریا عومەر ئەمین / شێروان میرزا / ئازاد حەمە شەریف / محەمەد حوسێن ڕەسووڵ / عەزیز عەمانۆیل زێباری / دلاوەر قەرەداغی ". تێبینی: شیعرەکەی "نەزەند بەگیخانی" کە ناوی موتەرجیمی لەسەر نییە ، وای بۆ دەچم خوی کارەکەی کردبێ، و شیعرەکەی "لەتیف هەڵمەت"یش ، کە ئەویش بی ناوی موتەرجیمە، لەگەڵ ئەم گروپەدان. هێندێك لەم موتەرجیمانە لێرەدا، شیعری خۆیانیان تەرجومە کردوە. — نەمزانی بۆ شاعیر " جەلال بەرزنجی "کە

---

[1] ) جمالية التلقي من اجل تاويل جديد للنص الادبي. ص. ٤٢

خۆی زۆر بەتوانایە لەم بوارەدا شـیعری خـۆی تەرجەمـە نـەکردووە و، دراوەتە موتەرجیم !-

**ج ) وەرگێـڕە بـاشـەکان:**

که شارەزای هەردوو زمانن و خۆشیان زۆر ماندوو کردوە ، وەلـێ ئـەو ناسـکی و سـۆز و واتایـەیی لـە شـیعرەکانی گروپـی (ب) دا هەسـتی پێدەکەی، لێـرەدا خاوبوونەوەیـەك هەیـە کـە وا دەکـات زۆر هەسـت بـە گـەرم و گـوڕی شـیعرەکان نەکـەی. هێنـدێك لەوانـە شـیعری خۆیانیـان تەرجومـە کـردوە. ڕەنـگ بێـت ئارایشـتکردنەوەیەکی زانایانـە ڕۆح و جوولەیەکی زیندوو تر بکاتەوە بەر ئەو شیعرانە.

**د ) دوا گــروپ:**

نالێم گروپی وەرگێڕە خراپەکان. ئەوانەی ئینگلیزیی زانن، لە خوێندنەوەی شیعرە تەرجەمـەکراوەکانی ئـەم گرۆپـە هەسـت دەکـەن کە : ۱) زۆر ئیعتمادیان کردۆتە سەر فەرهەنـگ ، ۲) بەرهەمـەکانیان لـە ڕێزمانـدا ئاوجۆشـکردنەوەیان گەرەکـە، ۳) سـاکاریی و سـادەیی زمانیـان زۆر دابـەزیووە ، ٤) زمـانی تەختـە، زاڵـە بەسـەر زمـانی نـەرم ونیـانی خۆشماجـەرا ، وە ٥) هێنـدێ جـار بەتـەواوی سـەرەداوی بیرۆکـەی شاعیریان لێ ون بووە و سـەری شـیعرەکەیان بـۆ ئینگلیـز- زانـەکان، لـە هەش و خم ناوە. دەبوایە چاوخشێنەری ئەو شیعرانە، بـە ویژدانـەوە،

ئەم شیعرانەی هەڵسەنگاندبوایە و دوو دڵ نەبوایە لە پاکنووسکردن و پێداچوونەوەیان دا، پێش ئەوەی بخرێنە بەر ماشێنی چاپکردن.

## سێیەم: ژیاننامەی شاعیرەکان (The Poets' Profiles):

بۆ هەر شاعیرێك لاپەڕەیەك تەرخان کراوە بۆ تۆمار کردنی پڕۆفایلی شاعیرەکە ، وەك کورتە پێناسەیەك. لێرەدا من گلەیم لە پڕۆفیسۆر دکتۆر" هیمداد حوسێن"ە کە دەبوایە موتەرجیمەکان ئاگادار بکاتەوە کە دەبێ چەند دێڕ لە مەڕ هەر شاعیرێك بنووسن. نەك هەر کەس بە گۆترە و ئارەزووی خۆی درێژدادڕی یان سەرە قەڵەم بنووسێت. لێرەدا چوار وێنە دەکێشم:

ا) هێندێ لە پڕوفایلەکان زۆر پیڕۆفیشناڵانە نووسراون و ژمارەشیان باشە. هەر بۆ نموونە پڕۆفایلی: " بابە تاهیری هەمەدانی / درەخشان عەلی / گوڵنار عەلی/ کەریم دەشتی/ نالە عەبدولرەحمان ..... هتد."

ب) چەند پڕۆفایلێك پێویستی بە نووسینەوە هەیە و دەبێ بۆ چاپی داهاتوو دابڕێژرێنەوە و زۆر لاوازن ، وەك ژیاننامەی : " چنار نامیق / کەمال سلیڤانی / ستار ئەحمەد / هیلبین م. باقر..... هتد" . تەنانەت تێیدایە ژنە و بە جێناوی نێرینە ئاماژەی بۆ کراوە !

ج) زۆربەی ئەوانی تر کورتن و زانیاریی کەمیان دەربارەی ژیان و ڕەوتی ئەدەبی شاعیر تێدایە و دەبێ پێداچوونەوەیان بۆ بکرێت و ناچنە خانەی پێناسەی ژیاننامە ئاسایی.

د) دیزاینی دانانی وێنەی شاعیرەکە لەسەرەوەی لاپەڕەکە زۆر هونەریی نییە و دە تواندرێت بە شێوەی جوانتر دابگیرێت.

## چوارەم: زمانی وەرگێڕانەکان

## (The Taranslators’ Language):

ئەوە زمانە کە ئەو شیعرانە بە غەیر کورد دەناسێنێ و دەبێتە پرد بۆ لێکتر نزیك بوونەوە و تێگ گەیشتن. بە مەزەندەی من سێ جۆرە ئاستی زمانی ئینگلیزی لەم کتێبەدا خۆی دەنوێنێ:

ا) زمانێکی ڕەوان و خۆش و سادە کە زۆر لە وەرگێڕەکان بە ڕێزە وە مامەڵەیان لەگەڵ کردووە. نموونەیان زۆرە نامەوێ ماندووتان بکەم.

ب) زمانی شیعری کلاسیك : بۆ نموونە لە وەرگێڕانی شیعری " بابە تاهیری هەمەدانی" تەنانەت جێناو و شێوەی فرمانی کۆن بەکار هاتوو کە چەند سەدەیك پێش ئێستا باو بووە لە نووسینی شیعری کلاسیکیی ئینگلیزی و ئەمەیش شارەزاییەکی باشی دەوێ. کارێکی سەرکەوتوانەیە بۆ ئەم جۆرە شیعرەی وەك مەحوی و نالی و

ئەحمـەدی خـانی، هـەر بـۆ نموونـە، کـە سـەرنجی ئـەم دەقـە دەدەیـت دەزانی بە زمانی ئینگلیزی سەدەی بیست و یەك دانەڕێژراوەتەوە.:

**Why art thou restless by the spring wind?**
**Art thou not grown up?**
**Why art thou wandering**
**The mountains, plains, and deserts?**
**Upon thy soul, I have no option to possess.**

ج) زمانێك لە ئاستێکی ئـەوتۆ دانییـە بتوانیـت لـە بابـەتێکی قـورس و سـەختی وەك وەرگێڕانـی دەقـی شیـعری بـەکار بهێنرێـت. ئەوانـەی شارەزای ڕێزمانی زمانی ئینگلیزین و لە زانستیی زمانـەوانی تێدەگـەن، دەرك بە لاوازی ئەم جۆرە داڕشتنەی خوارەوە دەکەن:

**Before your arrival,**
**An angel in a vacant place,**
**Places you in my heart,**
**And we fell asleep.**[1]

---

[1] (An Anthology of Kurdish Poetry) Selected with an introduction by Prof.Dr. Hemdad Hussen. Kurd Writers' Union. Print ? 2014 p. 133.

ئەگەر کردەی تەرجەمەی پشتاوپشت (Back Translation) بۆ ئەم تێکستەی سەرەوە ئەنجام بدەین، ئەمەی لێ دێتە بەرهەم - تۆ بڵێیت شاعیر ئەمەی وای هۆنیبێتەوە - :

**پێش گەیشتنت،**

**فریشتەیەك لە جێگایەکی بۆش،**

**تۆ لە ناو دڵی من دادەنێ،**

**وە ئێمە خەومان لێکەوت.**

**پێنجەم: ئایە ئەم کتێبە پێش چاپ، پێدا چوونەوەی بۆ کراوە؟**

**(Has This book been revised before?)**

نابێ هیچ بابەتێك بخرێتە ژێر مەکینەی چاپکردن تا چەند پێداچوونەوەیەکی وردبینانەی لە لایەن کەسانێکی پسپۆڕ و شارەزاوە بۆ نەکرێت. ئەم پێداچوونەوە لە بەرگی پێشەوە دەست پێدەکات و بەناو کوچە و کۆڵانەکانی کتێبەکەدا گوزەر دەکات و لە سەر پشتی بەرگی دواوە کۆتایی پێ دێت. واتا پێداچوونەوەیەگی گشتگیرانەی سەرتاسەری بۆ دەکرێت. لایەنی مەعریفی و زمانەوانی و هونەری و تەکنیکی دەگرێتەوە.

لەسەر ڕووی بەرگی یەکەم و دیوی ناوەوەی کتێبەکە دووجار نووسراوە:

(پێداچوونەوە : Dr. Christine Philips AM. PH.D)

ئەم بڕگەیەی من ، شێوەی پرسیاری هەیە . **بۆ؟** چونکە کتێبەکە هەڵەی زۆری تێدایە لە هەموو ڕوویکەوە – دوای دێمەوە سەریان - باشە ئەگەر ئەم کتێبە لە لایەن کەسێکی خاوەن بڕوانامەی وا باڵا پێداچوونەوەی بۆ کرابێت چون دەبێ لە سوزمەکانی چاو و قەڵەمی ئەو دەرباز بن؟ بە بۆچوونی من یەکێك لەم سێ شتە ڕوویداوە:

ا) ڕەنگ بێ کەسی بژارکەر لەسەر کاغەز هەڵچنی خۆی کردبێت بەڵام دوایی لە دۆسیەیی کۆمپیوتەرەکەدا هەڵەکان چاك نەکرابنەوە.

ب) بژارکەر هەر سەر پێیی چاوێکی بە بابەتەکاندا خشاندبێت و پەڕەکانی ئەم دیو ئەو دیو کردبێ و ئاوێ بێنە و دەستان بشۆ.

ج) بژارکەر هەر هێندە سەری لێدەرچووە و ئەوا ئەم کتێبە دوای بژارکردن و هەڵچەنیی، ئەم کەمو کوڕییەی زۆرەی هەر ماوە. ئەمانە تەنیا گریمانن و لەم باوەڕدام کە (Christine Philips) زۆر بە توانا و بە قابیلیەتە. کەواتە لێڵییێك لە مەسەلەکەدا هەیە کە من سەرم لێدەرناچێ!

نـابێ ئـەوەش فـەرامۆش بکرێت ، کـاتێ (CD) ی ئامـادەکراوی کتێبەکە، دەچێتە سـەر کۆمپیوتـەری چاپخانەکە ، دەبـێ جارێکی تـر پێداچـوونەوەیەکی خێـرا بـۆ بەرهەمەکـە بکرێـت ، نـەکۆ سیسـتمی کۆمپیوتەرەکەی جیاواز بێت لەگەڵ ئەوەی کە پێی تایپکراوە. دەنا زۆر شت گۆڕانکاری بەسەردا دێت و کتومـت ئـەوە نـابینی کـە خـۆت تاپیـت کردوە!

## شـەشـەم: ناوئاخنی کتێبـەکە (The Book's Contents):

گومانمـان نیيـە کـە ئـەم کتێبـە تێکستی شـیعری کـوردی بـە هـەموو ڕەنگەکانییـەوە لـە خۆگرتـووە و زۆر لـە شـاعیرەکان لـە پۆپـەی چـیای شـیعری کـوردی دان و ئەسـتێرەن. کەواتـە ڕەخنـەکانمان ڕووی دەمیـان لـە موتـەرجیم و سەرپەرشـتکەرەکانی چاپکردنی کتێبەکەیـە گـــەر کـــەموکوڕییێك هـــەبێ و ، نیازیشـــمان هـــەر جـــوانکردنی ڕوو ئەدەبەکەمانــە و ئارایشــتکردنی کتێبەکەیــە بــە جــوانترین دیــزاینی سەردەمییانە. بۆیە پێم باشە بۆ چاپی دووەمی ڕەچاوی ئـەم خاڵانـەی خوارەوە بکرێت:

**ا ) خـالْبـەنـدی (Punctuation)؛**

نووسینی ئاسایی ، وەك چۆن باخ پێویستی بە ئاورشێن هەیە ، ئەویش پێویستی بە خالْبەندی هەیە ، کە وەك لقێکی زانستیی ڕێنووس دەخوێندرێت و گرنگی پێدەدرێت. ڕەنگ بێ ئەم زانیارییەم بۆ هێندەکان تازە بێت: ڕێنووس و نووسینەوەی تێکستی شیعر، بە زمانی ئینگلیزی دەستور و یاسایی خۆی هەیە ، کە لە ڕێنووسی زمانی کوردیدا نییە و جیاوازە. زۆر جێگەی داخە کە (١١) تێکست لەم کتێبەدا بە هەڵە خالْبەندی کراون . زۆرم پێ سەیرە کە دوو لەو تێکستانە هی وەرگێڕە هەر باشەکانن. چۆن بووە ، نازانم؟

**ب ) ڕێنـووس (Dictation)؛**

بە دەیان هەڵەی تایپۆ و تاپیکردن و نووسین ڕووی زۆری لاپەڕە کانی ناشیرین کردووە – تەنانەت ئەو بابەتانەی دەستی خۆشم ، بەدەر نین لەم جۆرە هەڵەیە. من وای بۆ دەچم ، تێکستە ناردراوەکان دیسان تایپکرابنەوە. بەڵگەم چییە؟ ئێمە، زۆربەمان، هەمیشە یاسا و دەستوری ڕێنووسی (British English Standard) لە نووسینەکانماندا پەیڕەو دە کەین ، کەچی دەبینیت لەم کتێبە دا نووسینەکەی ئێمە گۆڕدراوە بۆ سیستمی

(American English Standard)

ئەمەیش لە قیمەتی کتێبەکە دادەبەزێنێت ، چونکە هەر سیستمە بەریتانییەکە لە ڕۆژهەلات و زۆربەی وڵاتانی دنیا ، پتر مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت و بڵاوترە.

دەبێ دان بەوەدابێنین و دڵمان نەڕەنجێت گەر بڵێین موتورجیم هەیە نازانێ کە بە ژنە شاعیر دەگوترێت (Poetess) نەك هەر وەك پیاو ئاماژەی پێ بکرێت بە زاراوەی (Poet). هەیە بۆ ژنەشاعیر جێناوی (He) بەکارهێناوە ! سەیرە دەستەواژەی ( یەکێتی نووسەرانی کورد) پێنج جار لە پێنج جێگەی جیاوازدا بە سەقەتی کراوەتە ئینگلیزیی. ئێمە لە کوردی دا نالێین ( کەسو ) دەلێین ( کەس وکار ) بە هەمان شێوە لە زمانی ئینگلیزیشدا هەڵەیە بلێیت: (kiths)، دەبێ دوستەواژەکە تەواو بکەیت و بلێیت :

( Kith and kin) ، ئەمە هەر وەك نموونە بوو.

هێندێك لە بابەتە وەرگێڕدراوەکان غەدریان لە خاوەنەکەی کردووە ، چونکە گەر ئەوەی لەم کتێبەدا نووسراوە بۆیان بکەیتەوە کوردی بە گوێرەی تەرجەمەی پشتاوپشت، زۆر دوورە لەوەی لە تێکستە ئەسڵیەکەدا هاتووە. - ببورن نامەوێ ناوی کەس بێنم-

هەر دەربارەی ڕێنووس و نووسینەوە ، دیاردەی لە یەکبەستنی دوو یان سێ وشە بەیەکەوە زۆر دێتە بەر چاو. ئەمە نیشانەی ئەوەیە،

کەسێك سەرپەرشتی چاپکردنی ئەم کتێبەی کردوە ئینگلیزی - زان نەبووە.  یان هەر گوێی پێنەداوە ، بەداخەوە !

دیاردەیەکی زۆر لەمەش سەیرتر ، کە من هیچ سەرم لێدەرناچێ ، ئەوەیە کە یەك موتەرجیم بە دوو شێواز – ستایل- زمان دەنووسێ: هەر بۆ نموونە : تەرجومەکەی تێکستە شیعرەکەی" سەلاح شوان" زۆر جوانە، و دەستخۆشی گەرەکە، کەچی پڕۆفایلی – ژیاننامەکەی-  زۆر لاوازە و هەژارە.  کتومت ئەمە لە تێکست و پڕۆفایلی "نەزەند بەگیخانی" یش دووبارە بۆتەوە. خۆ هەموومان توانا و بەهرەی ئەم کچە شاعیرە دەزانین. سرڕەکە لە چ دایە ، من سەرم لێدەرناچێ؟ دوور نییە کەسانی تر پڕۆفایلەکەی بۆ نووسیبن خۆشیان بێ خەبەرن!

## ج ) نەبوونی پەراوێز (The Absence of Footnotes):

زۆر لە دیوان و کۆمەڵەشیعری کوردی  پەراوێز و فەرهەنگۆکەی بۆ کراوە و شاعیر هەیە حەزدەکا دەستی خوێنەری خۆی بگرێت، ئەگەر خوێنەرەکەی کوردیش بێت. کەچی ئەم کتێبە کە بۆ غەیرەزمان چاپکراوە نە پەراوێزی هەیە نە ئاماژە بەو سەرچاوەیە کراوە کە تێکستەکەی لێوەرگیراوە . – تەنیا " شێروان میرزا" ئاماژەی بە

**سەرچاوەکەی کردووە - . قامتیٚ ناوی کەسەکان و ڕووداوی میٚژوویی و جیٚگەی جوگرافیایی و ئەفسانە و پەند و بابەتی کەلتووری حزووریان لەم تیٚکستە وەرگیٚڕدراوانەدا هەیە کە پیٚویستە پەراویٚزی شیاویان بۆ بکریٚت، دەنا خویٚنەریٚکی ئینگلیز ، چووزانی *(١٦ ی ئادار)* و *(بەردەقارەمانە)* و *( بەردەرکی سەرا)* و *(ئەمنەسوورەکە)* و *(بابە گوڕگوڕ)* و *(مامەریشە)* واتای چی دەگەیٚنن ئەگەر لە تیٚکستیٚکدا بیٚنە پیٚش چاو!**

## حەتەم: دیزانی بەرگ (The Cover Designe):

**باسی بایەخ و جۆرەکانی دیزاینی بەرگی کتیٚب ناکەم ، یەکسەر دیٚمە سەر بەتی مەقسەد: وەك لە سەرەتادا گوتم ، بەرگی کتیٚبەکە ئیٚسکسووك و ژیکەڵەیە ، وەلیٚ ئەم سەرنجانەشم هەیە:**

**ا) مانشیٚتی تومارکراوی سەر بەرگی پشتەوە لە هی لای پیٚشەوە (چەپ) جوانتر و دیارترە. بە پیٚچەوانە بوایە وابزانم بەهای هونەریی بەرگی کتیٚبەکە کاریگەرتر دەبوو. خۆ هەمووومان دەزانین نووسینی زمانی ئینگلیزی لە چەپەوە دەست پیٚدەکات.**

**ب) دەبیٚ ساڵی چاپکردن ، بە فۆنتیٚکی دیار ، لە سەر ڕووی بەرگی پیٚشەوە و ناوە و کەعبی کتیٚبەکەدا هەبیٚ، کە نییە! تەنیا لە**

ئاماژەکردن بە ژمارەی سپاردەی کتێبەکە  لە سوچێکدا بە فۆنتی (١٥) نووسراوە (٢٠١٤).

ج) واجوانترە وشەی (Review) بکرێت بە ( :Reviewed BY) یان (Revised By ).

د)  دەبێ نووسینەکانی بەرگی دواوە وردتر بن  و وا زەق نەبن – شتێکی خراپ نییە گەر بە پەرەگرافێك کتێبەکە لەوێدا  پێناسە بکرێت.

ه) ناوی هیچ چاپخانەیەك لە سەر کتێبەکەدا نییە. چۆن دەتوانین ئەم کتێبە بکەین بەسەرچاوەی لێکۆڵینەوە ، لە کاتێکدا ناو چاپخانە ، لە توێژەر داوا دەکرێت!

## هەشتەم: کەتەلۆکی چا پی کتێبی ئینگلیزی:

## (English Book Printing Cataloque):

ئەمرۆ  پیشەی چاپ و چاپخانە گەیشتۆتە ترۆپکی  پێشکەوتن و هەرچی داهێنانی تەکنەلۆژیای سەردەم هەیە خراوەتە لە خزمەتی ئەم پیشەیە . چونکە ئەم پیشەیە  لە لای ئێمەمانان تازەیە، وەك

ئەورپاییەکان زەفەر بە هەموو نهێنییەکانی نابەین. بـە واتایـەکی تـر ، کاتێ خوێنەرێکی لەندەنی ئەم کتێبە دەگرێتە دەست یەکسەر دەزانـێ بەرهەمی چاپەکانی ئەوان نییە. **چۆن؟**

ا) لۆگـۆی دەزگـا (Logo): کـە بـەرگی پێشـەوە ی کتێبەکـە هەڵدەدەیتەوە لۆگۆی دەزگایەکەی لەسەرە لەگەڵ نـاو نیشـانی تـەواو. ڕاسـتە ئێمـەش لۆگـۆی یـەکێتی نووسـەرانمان دانـاوە و لـە ژێریشـیدا نووسراوە:

General office 142

بەڵام ئەمە هیچ مانایەك نادات. چونکە ناونیشان نـابێ وابێت. دەبـێ ناوی وڵاتەکە / شارەکە / شەقامەکە / کۆڵانەکـە / ئۆفیسـەکە / ئیمێـل / فێیس بووك / ژمارەی فاکس / ژمارەی تەلەفۆن دابنرێت.

ب) بە هیچ شێوەیەك و لە هیچ شوێنێك هێمای ( پاراستنی مافی کتێب Copywright) کە بەم شێوەیە © ، دانەندراوە: واتا مافی لە چاپدان و ئـەم دەسـت ئـەو دەسـت کردنـی نـە پـارێزراوە . تـۆ ئـازادی لـە لەبەرگرتنـە و و چـاپکردن و دابەشـکردن و مامەڵـە و بازرگـانی کـردن بەم کتێبە. کە نابێ وا بێت. دەتـوانم بڵێم : یـەکێتی نووسـەرانی کـورد دەتوانێت دەستمایەکی بـاش لـە چاپکردنێکی کتێبێکی ئـاوادا وەدەسـت بێنێـت، ئەگـەر کتێبەکـە زانسـتییانە و ئەکادیمییانـە چـاپ بکرێـت.

چونکە زمانی ئینگلیزی زۆر باو و بڵاوە، دەکرێت بە ملیۆن دانـەی لـێ بفرۆشرێت.

ج) نەبوونی شووکرانەبژێری (Acknowledgement) : کـە شـتێکی زۆر بـاوە لـە چـاپی کتـێبی ئینگلیزییـدا، چ لـە سـەر ڕووی نـاوەوەی بـەرگی پێشـەوە ، چ لـە پەڕەیـەکی سـەربەخۆ دا — گـەر ڕێزبەنـدی ناوەکان درێژ بێـت- . سوپاسـگوزاری پێشـکێش بـە هـەموو ئـەو کەسـانە دەکرێت کە هاوکار و هاریکار بوون لـە بـە چـاپگەیاندنی ئـەم کتێبـەدا. کە لێرەدا بوونی نییە.

ه) دانانی ژمارەی لاپـەڕە (Page Number): کتێبەکـە لـە بەرگـەوە بـۆ بـەرگ (٣٣٦) لاپەڕەیـە. دانـانی ژمـارە لەسـەر لاپـەڕەکان دەسـتوری چاپی کوردستانی باشووری پێوە دیـارە کـە نادروسـتە. کتێبەکـە خـۆی (سێ) بەشـە:

بەشی یەکەم: ئەم زانیارییانەیە کە لەسـەر بەرگەکـە هەیـە و پێناسـەی دەزگای سەرپەرشتکارە، کە یەك دوو پەڕەیە و ژمارەی ناوێ.

دووەم : پێرستە و پێشەکییە، جا ئەگەر درێژ بێت ئەوا بە حەرف یان بە ژمارەی ڕۆمانی نیشان دەکرێت .

سێیەم:  مەتن. ئـەوەی ماوەتـەوە کاکڵەکەیـە و ژمـارەی ئاسـایی  خـۆی پێدەدرێت.  بە کوردی و کرمانجی ، دەبوایا ئـەم کتێبـە لـە لاپـەڕە (١٠) وە دەستی پێبکات  و ژمارە (١)ی لەسەر بنووسرێت نەك ژمارە (١٠).

## نـۆیــەم: وەرگێڕەکان حەقدەستیان تەواو پێنەدراوە:

## (The Translators’ Rights)

ئـەم کتێبـە بەرهـەمی ئـەم بابەتانەیـە کـە ئـەو (١٧) موتـەرجیمـە وەریانگێڕاوەتە سەر زمانی ئینگلیزی. بەڵام وەك پێویست دەستخۆشیان لێنەکراوە و  دوور ناڕۆم ، گەر بڵێم غەدریشیان لێکراوە..... **بۆچی؟**

ا) دەبوایـە لەسـەر بـەرگی کتێبەکـەدا  ئیشارە بـەوە بکرابوایـە کەئەمـە بەرهەمی (کۆ وەرگێڕێك)ە. کە نە کراوە.

ب) دەبوایــە هــەر لــە پێرســتەکەدا لەگــەڵ نــاوی شــاعیرەکە  ، نــاوی موتەرجیمەکەش تۆمار بکرابوایە. کە نەکراوە.

ج) دەبوایـە لـە کـەڵ تێکستـەکەدا ، لـە نـاو کتێبەکـە،  ئامـاژە بـەناوی کەسی وەرگێـڕ بکرابوایـە. یـان هـەر نەبووایـە لـە ژێـر پەراوێزێکدا لـە هەمان لاپەڕە بنووسرا بووایە. کە نەکراوە.

شەش جار ناوی بەرێز دکتۆ ر" هیمداد حوسێن" لە شوێنی زۆر دیار دا هاتووە کە دەبووایە هەر دوو جار نووسرابوایە. لە ناوەوەش  بە زمـانی

ئینگلیزی نووسراوە : (پانۆرامای شیعری کوردی : پرۆفیسۆر دکتۆ ر هیمداد حوسێن) کەچی لە دوا لاپەڕەی کتێبەکە نووسراوە : (پانۆرامای شیعری کوردی : وەرگێڕانی شەماڵ ئاکرێی) . واتا نووسینی لاپەڕەی یەکەم وا ئیحا دەدا بە خۆێنەر ، کە دکتۆر خۆی پێشەکییەکەی بە زمانی ئینگلیزی نووسیوە. - دڵنیام کە دکتۆر" هیمداد" بەم شێوازەی دەرهێنانی کتێبەکە دڵخۆش نییە. وادام باسی پێشەکییەکەم کرد ، با ئەوەش بڵێم ، کە خودی تەرجەمەی پێشەکییەکە، پێویستی بە پێداچوونەوە هەیە- لەگەڵ ئیعتزارم بۆ کاکی وەرگێڕ-

## پێرستەکان (The Contents):

کتێبەکە (٢) پێرستی هەیە:

یەکەم: لە لاپەڕە (٥ تا ٩ ) ناوی شاعیر و ناونیشانی دەقە شیعرەکانە. جگە لە درێژی ناونیشانەکە، یەك هەڵە هەیە کە ناونیشانی تێکستەکەی"نەوزاد عەلی ئەحمەد " نەنووسراوە.

دووەم: دەربارەی پێرستی ناوی موتەرجیمەکان، کە لە لاپەڕە (٣٣٦)ە شتێکی زیادەیە و دەبوایا ناوی موتەرجیمەکانیش لە ناو پێرستی

یەکەم بووایە. ئەوەی کراوە تەنیا ئاماژەپێکردنێکی شەرمنانەیە بە ناوەکانیان، جا ئەم وردە تێبینییانەشم لەسەر ئەم پێڕستە هەیە:

ا) ناونیشانی هێندیك لە دەقە شیعرەكان تومار نەكراون.

ب) ناونیشان هەیە دووبارە بۆتەوە.

ج) شوێنی یەك ناوی وەرگێڕ و ناونیشانی دەقەكە جێگۆڕكێی پێكراوە.

د) چوار دەق ناوی موتەرجیمی لە گەڵ دا نییە و نیشانەی پرس (؟) داندراوە. ماقوولە نەزانراوە کێ ئەم دەقانەی تەرجەمەکردووە؟ ئەگەر کاکی موتەرجیم نەیویستووە ناوی خۆی ئاشکرا بکات، دەکرا پیتێك یان چەند پیتێك لە شوێنی ناوەکەی بنووسێت.

ه) هێندی ناونیشان لێرەدا جیاوازە لەوەی کە لە ، لە پێرستی یەکەمی کتێبەکەدا نووسراوە.

و) ناو هەیە بە پتر لە یەك ڕێنووس تۆمارکراوە.

## دەیـەم: پـوختـەی هەڵسـەنگاندنەکە

## :(The Summary Evaluation)

کتێبی (An Anthology of Kurdish Poetry) زەرورەتێکی درەنگ وەختی کتێبخانەی کوردی و بیانی بوو و دەستخۆشی لە هەموو ئەو قەڵەمانە دەکەین کە لە داهێنانیدا ماندوو بوون و کاتی خۆیان بۆ تەرخانکرد. من دڵنیایان دەکەمەوە کە کارێکی جوانیان کردووە و ڕەنجیان بەخەسار نەچووە. ئەگەر وردە نوقوستانییەکیش هەبێ دەبێ هەموومان شانی بدەینەبەرێ و هەوڵبدەین چاپی دووەمی پاکنووسکراوی ئەم کتێبە، خەونی مەزنی ئێمە بێنێتە دی! ئەوەی کە لێرە پێی لەسەر دادەگرم ئەوەیە کە هەست دەکەم شوێنی زۆر لە قەڵەمی بە توانا و بەهرەدار چۆڵە و هیوادرم لە چاپی دووەم یان لە بەرگی دووەم دا حزووریان بێتەوە وجود. ڕێزبەندەکە زۆرە و ناتوانم ناوی هەرهەموویان تۆمار بکەم ، تەنیا وەك ئامـاژە، شاعیرانی وەکو: نالی ، وەفـای ، مەلای گەورە، پیرەمێرد ، هێمن ، هەژار ،حەسیب قەرەداغی ، کاکەی فەلاح ، قانع، زێوەر ، عەونی ، ........ .هتد ، ڕیزبەندی ناوی شاعیرە هاوچەرخەکانیش درێژە، ناوی کەسیان نانووسم نەکۆ هاوقەڵەمێکم لە بیربچێت و نیگەران بن! )

من وەك قەڵەمێك کە بە وەرگێڕانی (١٢) تێکست لەم کتێبەدا بەشداریم کردوە ، بە قەد بەڕەکەی خۆم بەرپرسم لەهەر هەڵەیێك کە

بەبەرچاوی ئێوەی ئازیز بکەوێت و من پێم نەزانیبێت و پێشوەخت سوپاستان دەکەم بۆم ڕاست بکەنەوە ، ئەمە ئەمانەتە و پێویستە بە دڵێکی شاعیرانەیە و ڕەخنە جوانەکانتان بە سوپاسەوە لێ وەردەگرین.

دەستی هەموو موتەرجیمەکان و هەڤاڵانی یەکێتی نووسەران خۆش بێت . چاوەڕوانی بەرهەمی جوانترین!

**تێبینی:**

لــــم هەڵســـەنگاندنەدا، نەمویســـتوە پـــەڕ پـــەڕ لەگـــەڵ کەموکوڕییەکان دا بڕۆم . دڵنیـام لـە پێداچوونەوەیاندا ، هـەموو ئـەو خاڵانەی باسـم کردوون دەبینرێن و بژاردەکرێن و چاکدەکرێنەوە.....! ئەگەر بتـوانین پـەیڕەوی (پـڕۆژەی ئێسـتاتیکای وەرگـرتن) لـە جوانی داهێنانی دەق بکەین، دڵنیام کە بەرهەمەکانمان باڵاتر دەبـن لـەوەی کـە هەیـە :" پـڕۆژەی ئێسـتاتیکای وەرگـرتن پشـت دەبەسـتێت بـە ڕۆڵـی گـەورەی (وەرگـر) لـە بەرهـەمهێنانی واتـادا. ئـەم کـارەش بەدیـدێت لـە ئاراســـــته گـــــۆڕینی پرســــــیارە باوەکـــــــە ، کـــــە خـــــۆی دەبینیتـەوە لـە: (دەق چیـم پێـدەڵێ) لـە ڕاڤـەی کتـومتی مێـژووی، بـۆ (مـــن چـــی دەڵـــێم بـــە دەق)، لێـــرەدا (وەرگـــر) دەبێتـــە دادوەری یەکلاکەرەوە لە مێژووی نوێی ئەدەبدا."[1]

## سـەرچـاوەکان

١. پەروین عوسمان مستەفا عەلاف. واتا و وەرگێڕان . چاپخانەی

[1] ) هانز روبرت جوس . الادب و نظرية التاويل، ضمن كتاب ماهو النقد. بول هيرنادي. ترجمة: سلافة حجاوي. ص. ١٤٨

ڕۆژهەڵات. هەولێر. ٢٠٠٩.

٢. ڕەخنەی چاودێر. ژمارە ٤٤٠ لە ١٣ / ١/ ٢٠١٥

٣. گۆڤاری ڕامان ژمارە: ١٤٩ لە ٥ / ١٠ / .٢٠٠٩

٤. محمد معروف. گۆڤاری کۆڕی زانیاری عیراق. دەستەی کورد.

بەرگی ١٥ . بەغدا. ١٩٨٦.

٥. هانز روبرت جوس . الادب و نظرية التاويل،. ضمن كتاب ماهو

النقد. بول هيرنادي. ترجمة: سلافة حجاوي. بيروت.١٩٩٩.

٦. هەڵبژاردەیەك لە شیعری شێرکۆ بێکەس. وەرگێڕانی بۆ سریانی د.

هاوژین صلیوە. چاپخانەی شەهاب هەولێر- .٢٠١٥

٧. هەژار. فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە. تەهران. ف. ١٣٩١.

## مـاڵپـەرو ئینتـەرنێـت :

٨.

(An Anthology of Kurdish  Poetry) Selected with an introduction by Prof.Dr. Hemdad Hussen. Kurd Writers' Union. Print ? 2014

9.

http://WWW.hermes- 1 a htm.
press.com/translatrions

10.

Crystal, Scott. Back Translation. London. Assocition of Translation Company.20 / 10 / 2007

11.

Gilles Menage . The Idea of Fidelity in Translation. P. 231

12.

Gilles Menage . The Idea of Fidelity in Translation.Paris. Didier Erudition. 1990

13.

http://gulan-media.com/sorani/print.php?id=26499&section=9
تویژەر کەمال مەریوانی لە گەڵ عبدلّلای حەسەن زادە.

14.

http://wiki.proz.com/wiki/index.php/Famouse_quote
_about_translations

15.

http://wikipediea.org/wiki/Hidtory_oh_machime_
translation

16.

http://WWW.kwintessdential.co.uk/translation/articles/types html/

17.

http://www.m3loma.com/amthal/sabr.htm

18.

http://www.phrasemix.com/collections/the-50-most-important-english-proverbs

19.

http://WWW.Slideshare.net/elenasha

pa/translation- types

20.

http://WWW.translationdictionary.com/articles/article2125

2١.

Hutchins.J. Milestones in Machines Translation. No. 6. Bar-Hillel and the nonfeasibility of FAHQTJ. 2005

22.

Indrew Wilson Transkation on translating: Inside the Invisible Art. Vancouver,CCSP>press, 2000> P.42

23.

Indrew Wilson Transkation on translating: Inside the Invisible Art. Vancouver,CCSP>press, 2000> P.42

24.

Kirstopher Kasparek> The Translator's Endless Toil. The Polish review. Vol. XXVIII, no. 2,1983.

25.

Kirstopher Kasparek> The Translator's Endless Toil. The Polish review. Vol. XXVIII,no.2,1983,PP.84 – 87

26.

Lawrence Venuti. Call to Action , in the Translator's Invisibility. 1994

27.

Mark Twain. The Jumping Frog. In EnglishNew york &London. Harper & Brothers. Public 2006. 65

28.

Pablo Neuruda Selected poems. Vintage Books. London 1970. Edited by Nathaniel Tarn

29.

The Columbia Encyclopedia, fifith edition, 1994. P. 2361.php

30.

The Many Voices of the Web. The Economist .3 / 4 / 2010

31.

The Oxford Companion to the English Language, Namit Bhatia,ed 1992

32.

wikipedia.org/wiki/Translation
http://http://en.wikiedia.org/wiki/Anthology

33.

Tony Dokoupil> translation. Pardon My French, You Suck at This. Newsweek.may.18/ 2009. P.10

34.

Tony Dokoupil> translation. Pardon My French, You Suck at This. Newsweek.may.18/ 2009. P.10

35.

W.J. HutchinsEarly Years…. Amesterdam ,John benjamins.2000.P. 45

36.

W.J. HutchinsEarly Years…. Amesterdam ,John benjamins.2000.P. 45

37

Wooten,Adam. Asimple Model Outlining Translation Technology. T&I Bussiness ( 14 / 1 / 2006

**کـۆتــایی کتێبــی دووەم**

**کـۆیــە**

**٢ / ٢ / ٢٠١٥**

**پـڕۆفـایلی نووســەر**



- فازیل شەوڕۆ لە شاری كۆیە لە ساڵی (١٩٥١) لە دایكبووە.
- (١٩٧٥) بڕوانامەی بەكەلۆریۆسی لە زمان و ئەدەبی ئینگلیزی لە كۆلێژی ئادابی زانكۆی بەغدا وەرگرتووە.
- (١٩٧٢) یەكەم شیعری لە ڕۆژنامەی هاوكاری بلاوكردۆتەوە.
- (١٩٨٢ – ١٩٩١) هەشت پێشەنگای هونەری و فۆلكلۆری كردۆتەوە.
- (٢٠٠٢) خەلاتی شانۆگەری (شەهید)ی لە شاری سرت لە ولاتی لیبیا پێبەخشراوە.
- (٢٠٠٤) خەلاتی شاری (دبلن)ی خزمەتگوزاری لە كۆماری ئایرلەندای باشوور پێدراوە.
- (٢٠١٠)خەلاتی سەید برا یمی پێبەخشراوە.
- (٢٠١١) خەلاتی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی كۆیەی پێدراوە.

- (٢٠١٣) خەڵاتی فیستڤاڵی شیعری نەتەوەیی کوردی لە هەولێر وەرگرتوە.
- ئەندامی یەکێتی نووسەرانی کوردە.
- چالاکەوانی بواری پەروەردەکاری و ئەدەبی و کۆمەڵایەتییە بە کۆڕ و سیمینار و بەرهەم و بڵاوکردنەوە.
- داهێنەری چەند دیزاینێکی هونەریی جوانکارییە لە شاری کۆیە.

## بەرهەمە چاپکراوەکانی :

١. (کۆترێك لە ئاگر) شیعر. چاپخانەی شەهاب. هەولێر. ٢٠١١.

٢. (دەنگ لە شیعری کەریم دەشتی دا). دەزگای ئەکادیمیای کوردی لە هەولێر. ٢٠١٢.

٣. (هەورازوکانی کاروانی تەمەنم) یادەوەری حەسەن کاکە . دارشتنەوە. چاپخانەی شەهاب. ٢٠١٣.

٤. (دوو لێکۆڵینەوەی ئەدەبی) دەزگای ئەکادیمیای کوردی لە هەولێر. ٢٠١٣.

٥. (ڕەهەندەکانی خەون لە شیعری کوردیدا) لێکۆڵینەوە. دەزگای ئەکادیمیای کوردی لە هەولێر. ٢٠١٤.

٦. (سەدای شاعیران) هاوبەشە بەرهەمی نۆ شاعیر. چاپخانەی شەهاب. هەولێر. ٢٠١٤.

٧. (ماچەکانی ئێوارە کازیوە) شیعر. چاپخانەی شەهاب. هەولێر، ٢٠١٤.

٨. ( خوێندنەوەیەك بۆ ٢ کتێب لە ١ کتێب دا) ڕەخنەی ئەدەبی. چاپخانەی حاجی هاشم . هەولێر. ٢٠١٥.

## پڕۆفایلی د. ئازاد ئەحمەد مەحموود

- (١٩٦٢) له شاری هەولێر دایك بووە.
- (١٩٩٩ - ٢٠٠٠) ماجستێری لەزمانی ئەدەبی کوردی له زانکۆی بەغدا بەدەستهێناوە.
- (٢٠٠٧ — ٢٠٠٨) کتۆرای لەزمانی ڕەخنەی نویّ بەدەستهێناوە.
- خاوەنی چوار کتێبی چاپکراوە.
- چەندین وتار و لێکۆڵینەوەی لەبارەی ڕەخنه و شێواز و تیۆر بڵاوکردۆتەوە.
- ئێستا مامۆستایه له زانکۆی (پۆلیتەکنیکی).
- جێگری سەرۆکی ئەکادیمیای کوردییە، هەولێر.

# شــوكرانــەبــژێــريى

**ســوپاسى گەرمم بۆ هەريەك لە :**

- **د. ئازاد ئەحمەد مـەحموود بـۆ گـەرم وگـوڕيى پێشوازييەكانى لـە دانيشـــتن و چــاوپێكەوتنەكاندا و بــۆ ڕاشــكاوى لــە وەڵامدانـــەوى پرسيارەكانم.**
- **د. هاوژين صليوە بۆ والاكردنى دەرگاى كتێبخانەكەى بـە ڕوومـدا و هاوكاريى كردنى دڵسۆزانەى لە ميانەى نووسينى ئەم كتێبـەمدا.**
- **كارگێڕانى هـاوكارم لە كتێبـخانەى نـاوەندى زانكۆى كۆيـە.**

## پەیوەندی:

Email: fzgaedii@yahoo.com

Face book : faszil shawrow

Mobile: (00964) 0771 20 90 702


## پێرست

| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| ○ ئەم کتێبە بۆ؟ | ٦ |

| | |
|---|---|
| **کتێبی (١)** | **١١** |
| **بەشی یەکەم** | **١٢** |
| **تەوەری یەکەم** | **١٢** |
| ○ دەروازەیەك بە ڕووی کتێبەکەدا | ١٣ |
| ○ بابەتی لێکۆڵینەوەکە | ٢٠ |
| ○ پێناسەی کتێبەکە | ٢١ |
| ○ گیروگرفتی کتێبەکە | ٢٢ |
| ○ ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە | ٢٢ |
| ○ پڕۆگرامی لێکۆڵینەوەکە | ٢٣ |
| ○ سەنگی کتێبەکە | ٢٤ |
| **بابەت** | **لاپەڕە** |
| ○ شێوازی نووسینی کتێبەکە | ٣٠ |
| ■ دەستەواژە داڕشتن | ٣٢ |

- ڕستە و ڕستە لێکبەستن ٣٤
- پەرەگراف و بەند ٣٥
- چەقبەستن لەسەر لاپەڕەدا ٣٧
- خاڵبەندی ٣٩

○ گوتار و پەیامی کتێبەکە ٤٠

تەوەری دووەم

○ ئاست و ئاراستەی ناوەڕۆکی کتێبەکە ٤٣

○ ناونیشان ٤٥

- ناونیشانی کتێبەکە ٤٦
- ناونیشانی بەش و تەوەرەکان ٤٨

○ کەرەستەی کتێبەکە ٥١

بابەت — لاپەڕە

- بابەتی زانستیی زمانناسی ٥٢
- بابەتی بونیاتگەریی ٥٣

- بابەتی شێوازگەرایی ٥٣
- بابەتی میتۆلۆژیا لە میانەی شیکردنەوەی دەقدا ٥٤
- بابەتی شیعریەت و زمانی شیعریی ٥٤
- ئامرازەکانی تری زمان و ئەدەب ٥٥
- خودی زمانی نووسەر ٥٥

○ تێکست و لێکۆڵینەوە ٥٦

○ پڕاکتیزەکردن لە نێوان میتۆد و دەقدا ٦٢

○ لە خواستنەوە بۆ بەخشین ٦٦

○ ستراتیژیەتی وروژاندن ٧٠


**بەشی دووەم**

| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|


○ بازدان بەسەر چاڵەکاندا ٧٣

- خاڵبەندی ٧٧
- تۆمارکردنی ناوی کەسەکان ٨١

- وەرگێڕانی زاراوە و موراديفەکانی ٨٣
- هەڵەی زمانەوانی و ڕێنووسی ئینگلیزی ٨٦
- ناونیشان بە زمانی تر ٨٧
- دیسان پێڕست ٩٢
- هێڵکاریی و وێنەکاریی ٩٤
- تۆبۆگرافیایی کتێبەکە ٩٦
- پەراوێزەکانی کتێبەکە ١٠٢

○ لە پەراوێزی کتێبەکەدا ١٠٨

○ سەرچاوەکان ١١٢

| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| ○ **کتێبی (٢)** | **١١٨** |
| **بەشی یەکەم** | **١٢١** |

○ زاراوە و پێناسەی زورگێڕان ١٢١

○ مێژووی وەرگێڕان ١٢٤

○ ڕەگەز و بنەکاکانی وەرگێڕان ١٣٥

○ جۆرەکانی تەرجەمە ١٤٣

- تەرجەمەی زارەکی ١٤٥
- تەرجەمە بە تەلەفۆن ١٤٦
- تەرجەمەی ئینتەرنێتی ١٤٧
- تەرجەمەی کۆمیوتەری ١٤٨
- تەرجەمەی ماشێنی ١٤٩
- مێژووی تەرجەمەی ماشێنی ١٥١


| بـابـەت | لاپـەڕە |
|---|---|


- جورەکانی بابیەتی تەرجەمە ١٥٤

- تەرجەمەی پشتاو پشت ١٦٠
- جۆرەکانی تری تەرجەمە ١٦٣
  - بە گوێرەی ئەدا ١٦٣
  - بە پێی هەڵوەشاندنەوەی پێکهاتەی دەق ١٦٤
  - بە گوێرەی ئامانج ١٦٥
  - بە گوێرەی بەژداربووان ١٦٩
  - بە گوێرەی ڕووبەری دەق ١٦٩
  - بە گوێرەی ئاستی زمانەوانی ١٦٧
  - بە گوێرەی ڕێبازی پێیرشەوکراو ١٧١
  - بە گوێرەی بنەمای نیشانەکانی زمان ١٧٢

| بـابـەت | لاپـەڕە |
|---|---|

- تەرجەمەی دێڕ بە دێڕ ١٧٤

- تەرجەمەی ئیدیەم ١٧٥

**بەشــی دووەم**

- ○ بەرکوڵ ١٧٨
- ○ پێشەکی و هەڵبژاردە ١٨٥
- ○ موتەرجیمەکان ١٨٧
- ○ ژیاننامەی شاعیرەکان ١٩٣
- ○ زمانی وەرگێرانەکان ١٩٤
- ○ ئایە ئەم کتێبە پێداچوونەوەی بۆکراوە؟ ١٩٦
- ○ ناوئاخنی کتێبەکە ١٩٨

دیزاینی بەرگ ٢٠٢

| بــابــەت | لاپــەڕە |
|---|---|

- ○ کەتەلۆکی چاپی کتێبی ئینگلیزی ٢٠٣

- وەرگێڕەکان حەقدەستیان تەواو پێنەدراوە ٢٠٦
- پێڕستەکان ٢٠٧
- پووختەی هەڵسەنگاندنەکە ٢٠٩
- سەرچاوەکان ٢١٢
- پرۆفایلی نووسەر ٢١٩
- پرۆفایلی د. ئازاد ئەحمەد ٢٢٢
- شوکرانەبژێری ٢٢٣
- پێڕست ٢٢٥